# ناسنامەی زمانی کوردی



بەرگی یەکەم

بەشەکانی ١-٣

پاشخانەکانی زمانی کوردی بەر

لە دەستەڵاتداری مادەکان

فازڵ نوسولیان

# ناسنامەی زمانی کوردی

## لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە لەسەر مێژووی زمانی کوردی و شێوەزارەکانی

**بەرگی یەکەم**

**بەشەکانی ١-٣**

**پاشخانەکانی زمانی کوردی بەرلە دەستەڵاتداری مادەکان**

**فازڵ ئوسولیان**

**سوید، ساڵی ٢٠١٧**

E-mail: nasname.ziman@gmail.com

**© Fazel Osolian**

**Stockholm 2017**

**ISB 978-91-982662-2-1**



وێنەی ژمارە ١

## وێنەی سەر بەرگەکە:

مۆرێکی سەردەمی شوتارنا پادشای میتانییە، خۆرێکی باڵدارە کە هێمای پادشایانی میتانی بووە، لە تەنیشت ئەم مۆرەدا بە خەتی بزماری ئاوای لێ نووسراوە: شوتارنای کوڕی کیرتا پادشای میتانی.

هەر ئەم هێمایە بوو کە دواجار لە سەردەمی هورییەکان، مادەکان و سەرەنجام هەخامەنشییەکاندا باڵ و پەڕی گرت و پێگەیشت و بەناوی "فەڕی- وەر" (وشەیەکی هەورامییە بە واتای" فەڕی خۆر") بوو بە هێمای پادشایەتی ئێران و هەروەها ئایینی زەردەشتی.



وێنەی ژمارە ٢

فەڕی وەر( فەڕی خۆر) هێمایەکی ئایینی مادییە بۆ شکۆ و بەرەکەتی خۆر

هەر زمانێک بۆ خۆی زریایەکە

زوانی کوردی دوو دەریای بێبنە

# ناوەڕۆک

**سەردێر** **لاپەڕە**

**پێشەکی** ........ ٩

**بەشی یەکەم**

هۆزە کۆنەکانی نیشتەجێی وڵاتی کوردەواری ........ ١٣

شوێنپێی سۆمەرەکان و زمانی سۆمەری لە کوردستان و لە زمانی کوردیدا ........ ١٦

ئەفسانەی گێلگامێش (کەڵگامێش) ........ ٢٥

ئەنجامەکانی ئەم بەشە ........ ٣٤

ڕوونکردنەوەیەک لەسەر کاریگەری زمانی سۆمەری لەسەر عەرەبی ........ ٣٧

پاشخانی مێژوویی سەرهەڵدانی زوانی کوردی ........ ٣٩

دانیشتووانی کۆنی وڵاتی کوردەواریی ........ ٤٢

سوباری ........ ٤٢

گۆتی ........ ٤٤

لۆلۆبی ........ ٤٦

ناوی ژمارەیەک لە شوێنەکانی سەردەمی گۆتییەکان و لۆلۆبییەکان ........ ٥٠

## بەشی دووەم


پادشایەتی میتانی ........................................ ٥٤

پەیوەندییەکانی پادشاکانی میتانی لەگەڵ فرعەونەکانی میسر ........................ ٦٠

زمانی میتانییەکان ........................................ ٦٢

نووسراوەکەی کەیکوڵی ........................................ ٦٤

پەیوەندیی نێوان زمانی کوردی و زمانی میتانی ........................ ٦٨

ئایا پاشاکانی میتانی هەمان پادشایانی پێشدادی نێو "شاهنامە" نین ؟ ............ ٨٠

پەیوەندیی نێوان زمانەکانی سانسکریتی، میتانی و کوردی ........................ ٨٣

بەراوردکاری وشەکانی سانسکریتی لەگەڵ کوردیدا ........................ ٨٦


## بەشی سێیەم


یەکیەتیی هۆزەکانیماننا /پادشایەتی ماننا ........................ ١١٧

هۆکاری کزبوون و ڕووخانی فەرمانڕەوایی ماننا ........................ ١٢٨

زمان و نەژادی مانناییەکان ........................................ ١٣٠

واتاکانی زاموا، پارت، پارس و میدیا لە ڕوانگەی دیاکۆنۆڤەوە ........................ ١٣٩

ئاسەواری مانناییەکان ........................................ ١٦٢

سەرچاوەکانی بەرگەکانی ١-٣ ........................................ ١٦٥

# پێشەکی

کتێبی ناسنامەی زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردن و هەروەها هەوراز و نشێوەکانی زمانی کوردی. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەرگدایە و هەر بەرگێکیش چەند بەشێک لە خۆ دەگرێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەرگی یەکەم: پاشخانەکانی زمانی کوردی، باسی ئەو بناغە و بنچینانە دەکا کە زمانی کوردی لەسەری شین بووە. باسی زوانی ئەو هۆزانە دەکا لە کوردستاندا بەر لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی زمانی کوردی وەک زمانی ئیمپراتوری ماد.

لە بەشی یەکەمدا لە ڕێگای وشەناسییەوە پەیوەندیی فەرهەنگی و مێژوویی کوردەکان لەگەڵ سۆمەرەکاندا ڕوون دەکرێتەوە و نیشان دەدرێت کە کوردەکان و سۆمەرەکان لە وڵاتی کۆنی کوردەواریدا پێکەوە ژیاون.

لە بەشی دووەمدا باسی پادشایەتی میتانییان دەکرێ و تێکۆشراوە کە پەیوەندیی زمانی میتانییەکان لەگەڵ زمانی کوردیدا ڕوون بکرێتەوە. هەر لەم بەشەدا بە بەراوردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ سانسکریتیدا دەسەلمێندرێت کە زمانی کوردیش هەر وەک زمانی میتانی خزمایەتییەکی نزیکی لەگەڵ سانسکریتیدا هەیە، و هەردووکیان سەر بە یەک خێزانن.

بەشی سێیەم باسی پادشایەتی ماننایییەکان دەکا، ئەم بەشە گرینگییەکی تایبەتی خۆی هەیە چونکە هەتا ئێستا باسی زمانی ماننایییەکان لە لایەن مێژوونووسان و

زمانناسانەوە نەکراوە و ئەمە بۆ یەکەمین جارە کە ئەم بابەتە باسی لێ دەکرێ و پەیوەندیی زمانی ماننایی لەگەڵ زمانی کوردیدا پێشان دەدرێت.

بەرگی دووەم سەرەکیترین و گرینگترین بەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەخۆ دەگرێ. لەم بەشگەلەدا دوو تەوەری سەرەکی مەبەستن، یەکەم ناساندنی زمانی مادی و پیشاندانی ئەوەی کە مادەکان یەک زمانیان هەبووە بە دوو شێوەزاری زۆر نزیک لەیەک، دووەم سەلماندنی ئەوەی کە زوانی مادی بە هەر دوو شێوەزارەکەیەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ زمانی کوردیدا.

لە بەشی چوارەمدا، بە هێنانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە وشە و دەستەواژەی زمانی مادی پەیوەندیی شێوەزاری گشتیی زمانی مادی لەگەڵ شێوەزاری کرمانجیدا ڕوون کراوەتەوە.

لە بەشی پینجەمدا، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە، کتێبی "یادداشتهای گات ها" لە نووسینی ماموستای ئەوێستاناسی ئێرانی ئیبراهیم پوورداود، دراوەتە بەر شیکاری و هەڵسەنگاندن و ئەوە سەلمێندراوە کە ئەم بەڕێزە لە زمانی ئەوێستایی تێ نەگەیشتووە و وەرگێڕانەکانی و تێگەیشتنی لە وشەکان و دەستەواژەکانی ئەوێستایی بە شێوەیەکی دڵخوازانەیە و جێگای بڕوا نین.

لە بەشی شەشمدا بە بەراوردکردنی شێوەزاری کوردیی هەورامی لەگەڵ ئەوێستاییدا، ئەوە سەلمێندراوە کە شێوەزاری هەورامی درێژەدەری شێوەزاری ئایینی مادی یان ئەوێستاییە. هەر لەم بەشەدا واتای ڕاستەقینەی ژمارەیەک لە دەستەواژەکانی ئەوێستایی بە کەڵک وەرگرتن و یارمەتی زمانی کوردی ڕوون کراوەتەوە.

لە بەرگی سێیەمدا باسی زمانی کوردی دەکرێت لە پاش مادەکان، لەم بەرگەدا لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی هەر دوو شێوەزارەکەی کوردی واتا شێوەزاری ئەوێستایی

(هەورامیی کۆن) و شێوەزاری گشتیی مادی لە سەردەمەکانی هەخامەنشییەکان، ئەشکانییەکان و ساسانییەکاندا کراوە.

لە بەشی هەفتەمدا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا زمانی کوردی (مادی) نە تەنیا کز نەبووە بەڵکوو بە پێچەوانەشەوە لە گەشەکردندا بووە. هەر لەم بەشەدا ئەوە ڕۆشن دەکرێتەوە کە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا هیچ گۆڕانێک بە سەر شێوەزاری ئایینیی مادی (ئەوێستایی/ هەورامیی کۆن)دا نەهاتووە و کاریگەری زمانی ئەشکانییەکان لەسەر شێوەزاری گشتیی مادی (کرمانجی) زۆر کەم بووە. ئەو شێوەزارە کە بە ناوی زمانی "پەهلەویی ئەشکانی" ناسراوە، لە ڕاستیدا هەمان شێوەزاری گشتیی مادییە لەژێر کاریگەری زمانی ئەشکانیدا. هەر لەم بەشەدا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە شێوەزاری کوردیی سۆرانی لەژێر کاریگەری زمانی هۆزەکانی ئەشکانیدا سەری هەڵداوەتەوە.

لە بەشی هەشتەمدا باسی نهێنییەکانی هەورامان کراوە، لەم بەشەدا بە هێنانەوەی بەڵگەی باوەڕپێکراو ئەوە سەلمێندراوە کە هەورامییەکان هەمان هۆزی مۆگان (مۆغان)ی مادن کە لە پاش هێرشی ئەسکەندەر کۆچیان کردووە بۆ هەورامان و لەوێ نیشتەجێ بووەن.

بەشی نۆیەم باسی ڕەوشی زمانی کوردی دەکا لە سەردەمی ساسانییەکاندا و نیشان دراوە کە بە وەرگێڕانی زمانی ئەوێستایی (هەورامیی کۆن) بۆ سەر زمانی پارسی "پەهلەویی ساسانی" زمانی ئەوێستایی وەک زمانی ئایینی سەرانسەری ئێران لە برەو خرا و بەم جۆرە زەبرێکی کاری بەر شێوەزاری ئایینیی زمانی کوردی کەوت. بەڵام زمانی ئەوێستایی وەک زمانی ئاخاوتنی هۆزی مۆگان لە هەوراماندا هەر مایەوە. هەر لەم سەردەمەدا زمانی پەهلەویی ساسانی (پارسیی میانە) کاریگەری کردە سەر زمانی کوردی لە بەشەکانی باشووری کوردستاندا کە لە ئەنجامدا بوو بە هۆی پەیدابوونی دوو شێوەزاری تر لە کوردیدا، ئەویش شێوەزارەکانی **"کەلهوڕی و لەکی"**یە.

لە بەشی دەیەم کە دوایـن بەشـی ئەم لێکـۆڵینەوەیە، ئەنجـامی گشـتیی هەمـوو بەشـەکانی ئەم لێکـۆڵینەوە پـۆختە کـراوەتەوە، و باسـی ئەوە دەکرێـت کە زمـانی کوردی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە دوو شێوەزاری هەبووە، یەکێکی شێوەزاری گشتیی زمانی کوردی (کرمانجی) و ئەوی دیکەش شێوەزاری ئەوێستایی (هەورامیـی کـۆن) زمـانی کـوردییە. ئەم دوو شـێوەزارەش لە درێـژەی ڕەوتـی خۆیانـدا چەنـد بنزاراوەیەکیـان لـێ کەوتـووەتەوە. شـێوەزارەکانی کرمـانجی، سـۆرانی و باشـووری (کەلهـوڕی) سـەر بە شـێوەزاری گشـتیی زمـانی کـوردین. هەروەهـا شـێوزارەکانی هەورامی، زازاکی، لەکی و (شەبەک، باجەڵان، کاکەیی) سـەر بە شـێوەزاری ئـاییینی زمانی کوردی/ ئەوێستاییین.

ئەم لێکۆڵینەوەیەش بێگۆمان وەک هەر لێکۆڵینەویەکی تر بـێ کەموکـوڕی نیـیە، ئەمە تەنیا هەنگاوێکە، بەڵام دەتوانێ دەستپێکێکی باش بـێ بـۆ لێکـۆڵینەوەی زیـاتر لە سەر زمانی کوردی، دەتوانێ ڕێگاپێشاندەر بێت بـۆ ئەو کەسـانەی کە دەیـانەوەێ بە لێکۆڵینەوە لەم ڕێڕەوەدا ڕووناکی زیاتر بخەنە سەر مێژووی زمانی کوردی.

هەر ڕەخنە، پرسیار، بۆچوون و پێشنیارێکتان لەسەر بابەتەکـانی ئەم لێکـۆڵینەوە هەبێ دەکرێت بۆ نووسەری بنێرن، دڵنیا بن بە دڵفراوانییەوە وەردەگیردرێت.

E- mail: nasname.ziman@gmail.com

# بەشی یەکەم

## هۆزە کۆنەکانی نیشتەجێی وڵاتی کوردەواری

مێژووی کۆنی گەلی کورد و هەروەها مێژووی سەرهەڵدان و پێگەیشتنی زمانی کوردی باسێکی کراوەیە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر و نووسینەوە هەیە. زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوەگەلەی کە تا ئێستا کراون یان لە لایەن بیانییەکانەوە بوون یانیش بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی ئەوانەوە بووە، بەشێکی زۆر لەم لێکۆڵینەوەگەلە بە مەبەستی دیاریکراوەوە نووسراون. ئەوانەشی کە بێ مەبەستی تایبەت نووسراون بەداخەوە کەموکوڕییان زۆرە. کەمایەسی ئەم لێکۆڵینەوانە لەوەدایە کە لە گۆشەی چاوی خۆیانەوە بۆی دەچن و زۆر جاران زانستیان لەسەر کوردەکان، زمانی کوردی، شێوەزارەکانی، ئەردنێگاری(جوغرافیای) کوردستان، شێوازی ژیانی گەلی کورد و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان کەموکورتی تێدایە. بۆ نموونە ئەگەر لە بەڵگەیەکی مێژووییدا جێگای دانیشتنی هۆزێکی کورد جارێکیان لە شوێنێک و جارێکی دیکە لە شوینێکی تر دەسنیشان کرابێ ئەمە بە چاوێکی سەیر و گومانەوە تەماشای دەکەن و تووشی سەرسووڕمان دەبن. بەڵام ئەمە بەلای کەسێکی کوردەوە نە تەنیا سەیر نییە بەڵکوو زۆریش ئاساییە، چونکە هەر کوردێک دەزانێ کە هەتا هەفتا یان هەشتا ساڵ لەمەوبەر گەلێک لە هۆزەکانی کورد گەرمیان و کوێستان (گەرمەسێر و سەردەسێر)یان دەکرد. جاری وا هەبووە کە هەندێک لەم لێکۆڵەرانە کاتێ ڕووبەڕووی شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی کوردی بوونەتەوە بە سەرسووڕمانەوە بیر لەوە دەکەنەوە کە ئایا ئەم شێوەزارە کوردییە! یان ئاخۆ ئاخێوەرانی کوردن! جاری واش بووە کە بە هۆی نەزانینی زمانی کوردییەوە، وەرگێرانی سەیر و سەمەرەیان بۆ دەستەواژە کۆنەکانی زمانی کوردی کردووە. بۆ نموونە وشەی "ئەسپوهەران" کە دەستەواژەیەکی کوردییە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بۆ ئەو کاروانانەی کە بەرپرسی کۆکردنەوەی باجەکان بوون بەکار هێنراوە و لە شێوەزارەکانی هەورامی و زازاکیدا واتای " ئەسپ و کەران" دەدا، کە

چـی هێرتسـفێڵد زانـای گەورەی ئاڵمـانی بە واتـای جێگـری پادشـا (ولیعهـد) مانـای کردوەتەوە! یان وشەی "زەڕاتوشترا" کە شێوەی هورامیی کـۆن (ئەوێسـتایی) وشـەی "زەڕاتخشترا"یە کە واتای پادشـای زەڕیـن دەدات وەک خـاوەنی وشـتری زەڕیـن یـان زەرد مانا کراوەتەوە!

یەکێکی تر لەو گرفتانە کە کاریگەری لەسەر لێکۆڵینەوە لە زمان و مێژووی کـورد هەبووە و ئێستاش هەر هەیەتی نەبوونی وڵات و کیانێکی سەربەخۆی کوردسـتانییە. کەم نـین ژمـارەی ئەو لێکـۆڵەرانە کە هەمـوو شـتێک دەبەسـتنەوە بە وڵاتـی سـەربەخۆوە، واتـا ئەگەر نەتەوەیەک وڵاتـی سـەربەخۆی نەبێـت ئەوا زمانەکەیشـی سـەربەخۆ نیـیە، مێـژوو و فەرهەنگەکەیشـی سـەربەخۆی نیـیە، لەوانەیە هەر وەک گەلـیش ئەژمـار نەکرێـت. لە لایەکـی دیکەشـەوە قورسـایی ئێسـتای وڵاتـی ئێـران کـاریگەری کـردوەتە سەرشـێوازی بیرکـردنەوە و تێڕوانینـی نووسـەران و لێکـۆڵەرانی ئێرانی و بیانیش. بۆ نموونە چونکە مێژووی فارسەکان لە سەردەمی هەخامەنشییەوە دەست پێ دەکا، دەستپێکی مێژووی کوردیش دەبنەوە بۆ سـەردەمی مادەکـان، یـان زۆربەی ئەوانەی کە لە زمانی ئەوێستایی لێکۆڵینەوەیـان کـردوە، لە بـاتی ئەوەی کە زمانی ئەوێستا کە شێوەزارێکی زمانی مـادییە لەگەڵ زمـانی کوردیـدا بەراورد بـکەن، کە چی شیکاری و بەراوردکردنەکانیان هەر لەگەڵ زمانی فارسـیدا بـووە. کـورد وەک نەتەوەیەکی گەورە کە چەندین هەزارساڵە هەر لەم شوێنەی ئێستای خۆیاندا ژیـاون و خاوەن مێژووییەکی کۆن و زمانێکی سەربەخۆن لەبەر چاو نەگیراون.

لەم لێکۆڵینەوەدا تێ دەکۆشرێت کە تیشک بخرێتە سـەر ڕەگ و ڕیشـەی زوانـی کوردی وهەروەها بەپێی بەڵگە و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی چەند بابەتێکی مێژوویش ڕوون بکرێتەوە. ڕاستە کە زمانی کوردی زمانی مادییە بەڵام گەلی کورد تەنیـا نەوەی مادەکان نین، بەڵکوو چەنـد هەزارسـاڵ بەر لە دەسـتەڵاتی مادەکـان کوردەکـان لەم شـوێنەی ئێسـتای خۆیانـدا نیشـتەجێبوون و لەگەڵ نەتەوەکـانی تـردا تـێکەلاوی کـۆمەڵایەتی، فەرهەنگـی، ئـایینی و سیاسـییان هەبـووە. میتانییەکـان، ماننایییەکـان،

مادەکان، کەیمرییەکان، سکیتەکان، گۆتییەکان و ئەگەریشی هەیە کە لۆلۆبییەکانیش هۆزگەلی جۆراوجۆری نەتەوەی کورد بووەن.

**لەم بەرگەدا ئەم ڕاستییە ڕوون دەکرێتەوە کە زمانی کوردی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ زمانی میتانییەکان و مانناییەکان، یان باشتر بێژین زمانەکانی میتانی و مانناپی بناغە و بنچینەی زمانی کوردین.**

**هەروەها لێرەدا بە بەڵگەوە نیشان دەدرێت کە نزیکایەتییەک لە نێوان زمانەکانی سۆمەری و کوردیشدا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام چۆنیەتی و ئاستی ئەم نزیکایەتییە وەک ئەو پەیوەندی و خزمایەتییە نییە کە لە نێوان زمانی کوردی و زمانەکانی میتانی و مانناییدا دەردەکەون. ئێمە بە بەراوردکردنی زمانەکانی میتانی و مانناپی و ئەوێستایی لەگەڵ کوردیدا زۆر بە ڕوونی وشە کوردییەکان دەبینین و دەیناسینەوە، بەڵام لە بەراوردکردنی زمانی سۆمەری و کوردیدا ئەم نزیکایەتییە تەنیا لە ڕەگی هێندێک لە وشەکاندا بەرچاو دەکەوێت، ئایا زمانی سۆمەریەکانیش هەر وەک زمانی کوردی سەر بە خیزانی زمانە هیندوئێرانییەکانە؟ یان نا ئەمە کاریگەری زمانەکانی ئەم دوو نەتەوەیە لەسەر یەکتر کە بە درێژایی هەزاران ساڵ لە پەنای یەکدا ژیاون و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییان لەگەڵ یەکتردا هەبووە.**

پسپۆڕانی زمانە کۆنەکانی جیهان لێکۆڵینەوەیەکی زۆر و قووڵیان لەسەر زمانی سۆمەری کردوە، و توانیویانە زۆر لە بابەتە تاریکەکانی ئەم زمانە و ڕێنووسەکەشی ڕوون بکەنەوە. ئەوەی کە تا ئێستا پسپۆڕان لەسەری ساغ بوونەتەوە و لە لایەن زۆربەی زمانناسانەوە جێگای باوەڕە ئەمەیە کە زمانی سۆمەری زمانێکی سەربەخۆیە و سەر بە هیچکام لە خێزانە زمانییەکانی ناسراوی جیهانی نییە. بۆیە هەتا کاتێ کە زانستی زمانەوانی ڕا و بۆچوونێکی جیاواز نەسەلمێنێ ئەم بۆچوونە جێگای بڕوایە.

تەنانەت ئەگەر بێتو لە داهاتوویشدا ئەمەش بسەلمێندرێت کە زمانی سۆمەری سەر بە خێزانە زمانەکانی هیندوئوروپییە، بەڵام دیسان بە دڵنیاییەوە لەگەڵ زمانی کوردیدا جیاوازیی یەگجار زۆرە. لێرەدا هێندێک زانیاریی لەسەر نزیکایەتی و کاریگەری نێوان زمانی کوردی و سۆمەری دەخرێتە پێش چاو کە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە.

## شوێنپێی سۆمەرەکان و زمانی سۆمەری لە کوردستان و لە زمانی کوردیدا

سۆمەرەکان یەکێ لەو نەتەوە کۆنانەن کە پێش چەندین هەزارساڵ لەمەوبەر لە کوردستاندا ژیاون و خاوەندی شارستانییەتێکی بەرز و فەرهەنگێکی گەشاوە بوون. ئەم پێشکەوتن و شارستانییەتە کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بە خۆیەوە بینیویەتی، بنەڕەتەکەی لەلایەن دانیشتووانی کۆنی کوردستان بە تایبەتی سۆمەرەکان و ئیلامییەکانەوە دانراوە.

داهێنانی نووسین بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لە لایەن سۆمەرەکانەوە بوو، کە ئەمە بۆ خۆی گەورەترین خزمەتێک بوو کە پێشکەشی مرۆڤایەتیان کرد. بە هۆی داهێنانی نووسینەوە توانیویانە زۆر نووسراوە لەسەر ڕووداوەکانی مێژوویی، دادوەری، کۆمەلایەتی، ئایینی و هەروەها زۆر شاکاری وێژەیی تۆمار بکەن.

سۆمەرەکان لە بوارەکانی زانستی وەکو پزیشکی، کیمیاگەری، بیردۆزی(ماتەماتیک) و ئەستیرەناسیدا گەیشتبوونە ئاستێکی هەرە بەرز. ئەدەب لە کۆمەڵگای سۆمەریدا جێگایەکی تایبەتی هەبووە و هەزاران سواڵک (تەختە گڵیان) لەو بارەوە بۆ بەجێ هێشتوون لەوانە چیرۆکی ئافراندنی گەردوون وئەفسانەی گێلگامێش ( کەڵگامێش) وهەروەها چیرۆکی دابەزاندنی خودای عشتار بۆ جێهانی خواروو.

لەسەربنچینە و ڕەسەنی سۆمەرەکان بۆچوونی زۆر جیاواز هەیە. هێندێک لە مێژوونووسان پێیان وایە کە لە ناوچەکانی سند لە هیندستانەوە کۆچی میزوپوتامییان کردوە، بەڵگەیشیان بۆ ئەم بۆچوونە لەیەکچوونی هێندێک کەرەستە و کەلوپەلی هونەری و شارستانییە کە لە هەر دوو ناوچەکەدا دوزراونەتەوە، بەڵام هێشتا هیچ پەیوەندییەکی زمانەوانی لە نێوان خەڵکانی ئەم دووناوچەیەدا ڕوون نەبووتەوە.

یەکێ لە مێژوونووسان بە ناوی دوکتور بەندەک لە ساڵی ١٩٧٤ لە زانکۆی بوینس ئایرس لە پەرتووکەکی خۆیدا بە نێوی ( الاعجوبە السومریە) ڕەسەنی سۆمەرەکانی بردووتەوە بۆ سەر مەجارەکان لە وڵاتی مەجارستان و تەنانت شوێنی کۆچ کردنیانی لە ناوچەکانی مەجارستان و ڕۆمانیادا بەرەو ناوچەکانی سەرەوەی مێزوپۆتامی و دواجار بەرەو ناوچەکانی خوارەوەتر دەسنیشان کردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی بەڵگەی زانستی و سەلمێندراو، گەلی مەجار دانیشتووانی ڕەسەنی مەجارستان نین و پێشتر لە باشووری ڕووسیای ئێستا و لە خوارەوەی کێوەکانی ئوراڵدا ژیاون و دواجار لە دواییەکانی سەدەی هەشتەمی زاییندا لە ژێر سەرکردایەتی یەکێ لەسەرکردەکانیان بە ناوی ئارپاد (Arpad)[1] لەم شوێنەدا کە ئێستا مەجارستانی پێ دەڵێن گرساونەتەوە. لە ساڵی ٨٩٦دا ئەم ئارپادە بوو بە یەکەمین پادشای مەجارەکان کە هێشتا لەو سەردەمەدا خەڵکەکەشی نەچووبوونە سەر ئایینی عیسایی و دژایەتیشیان دەکرد.

هەندێکی تر لە زانایان سۆمەرەکان دەبەنەوە سەر نەتەوەی باسک، بەڵام بەڵگەی قایم و باوڕپێکراویان پێ نییە. ژمارەیەکی تریش لە مێژوونووسان و ئارکیۆلۆژەکان ڕەسەنی سۆمەرەکان دەبەنەوە سەر چیاکانی زاگرۆسی کوردستان. زانا

[1] سەیر لەمەدایە کە ئەم ناوە بۆخۆی ناوێکی کوردییە، پات لە وشەی"پاتن/ پاراستن"وە دێت. ئار- پاد یان ئار- پد واتای ئاگرەوان یان پارێزەری ئاگر دەگەیینی ئەمە لە کاتێکدا کە زمانی مەجارەکان ناچێتەوە سەر زمانە هیندو ئوروپییەکان.

و پرۆفیسـوری بەنێوبانـگ هـاری سـاکز پـێ وایە کە سـۆمەرەکان لە ڕۆژهەلات و باکووری ڕۆژهەڵاتی مێزۆپۆتامیاوە هاتونەتە باشووری وڵاتی بابلەوە[2].

هەر چەند سۆمەرەکان بە هۆی شارەزاییان لە نووسیندا گەلێ شتیان تۆمارکردوە بەلام بە ڕوونی ڕەچەڵەک و شـوێن و نیشـتمانی خۆیانیـان دیـاری نەکـردووە. زمـان کەرەستەیەکی گـرینگە بـۆ دۆزێـنەوە و دەسنیشـانکردنی شـوێنی دانیشـتنی هـۆز و نەتەوەکـان. لەم بەشـەدا بە هێنـانەوەی بەڵـگەی بـاوەڕپێکراو، ئەو ڕاسـتییە نیشـان دەدرێت کە کوردەکان و سـۆمەرەکان لەم وڵاتەدا کە ئێسـتا کوردسـتانی پـێ دەڵـێن پێکەوە ژیاون و ئێستاش پاش تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ کاریگەرییەکانی فەرهەنگـی و زمانەوانی لە نێوان زمان و فەرهەنگی کوردی و سۆمەریدا دیار و بەرچاوە. لێـرەدا وەک نموونە ژمارەیەک وشەی هەلبژێردراوی سۆمەری و کوردی دەخرێتە بەرچاو:

**نا (NA)[3]:** بە واتای "نا" هاتووە.

**با (BA)[4]:** بە واتای "بدە"، لە زاراوەکانی باشووری کوردەسـتاندا لە جیـاتی "بـدە" دەبێژن "بە".

**ئـارو(ARU)[5]:** بە واتـای "ڕووبـار" هـاتووە، نـزیکە لە وشـەی "ڕوو" کە ڕەگـی وشەکانی ڕووبار و ڕووخانەیە لە کوردیدا.

**کوڕ (Kur)[6]:** بە واتای "کێو"، لە کوردیشدا وشەی کوڕ هەر بە واتـای کێـوی بەرز ولوتکەی کێو بەکار دێت بـڕوانە بـۆ فەرهەنگـی هەنبـانە بـۆرینە هەژار لاپەرە ٦٢٨. (لەوانەیە هەر لە سۆمەرییەوە کەوتبێتە ناو زمانی کوردی).

---

[2] کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرەکان، هاوڕێ باخەوان ل.پ ٤٧-٤٩.

[3] Some Sumerian Words and Their English Translations, by: Fred Hamori
http://history-world.org/sumerianwords2.htm
http://history-world.org/Sumerianwords1.htm

[4] هەمان سەرچاوە

[5] هەمان سەرچاوە

**سەر (Sar)[7]:** به واتای" شا" بەرانبەرە لەگەڵ وشەکانی سـەر، سـەردار و سـەرۆک لە کوردیدا.

**زیانــا (Ziana)[8]:** بەرامــبەرەکەی لە کوردیــدا دەبــێ بە "ژیــان" و" ژیــن"، لە ئەویستاییدا هەر "زیانا" یان "جیانا"یە.

**مە ( Me)[9]:** بە واتای ئێمە هاتووە، لە شـێوەزاری کرمانجیـدا هەروەک "مە" یـان "ئەم" گۆ دەکرێ.

**ئەش (Aš )[10]:** واتای "شەش" دەگەیێنی.

**من (Men)[11]:** جێناوە هەر واتای "من" دەدا.

**پەش (Pesh)[12]:** واتـای کـوڕ و ڕۆڵە دەگەیینــی، لەئەویسـتایی ولە کرمانجیشــدا "پس" دەگۆترێت وەک پس مام.

**کەڵ، کەڵاگ (kalag, kal)[13]:** لە سومەریدا واتـای کەم وێـنە و "بەهێـزی" دەدا، ئەمانە لە ڕاستیدا زۆر نزیکن لە وشەکانی کەڵ و کەڵەگـای کـوردی کە دەسـتەواژەن بۆ بەهێزی.

---

6 هەمان سەرچاوە
7 هەمان سەرچاوە
8 هەمان سەرچاوە
9 هەمان سەرچاوە
10 Sumerian Lexicon Version 3.0 by John A. Halloran, sid 8
11 هەمان سەرچاوە
12 هەمان سەرچاوە ل پ ٤٦.
13 هەمان سەرچاوە ل پ ٥٩.

**دیــنگەر (Dingar/Dingir)**[14] **یان(دینگــار)**[15]**:** دیــنگەر یــان دیــنکەر بەواتــا خوداونـد، لە ڕەگـی وشـەی "دیـن"ەوە گیـراوە. دیـن وشـەیەکی کـۆنی کـوردییە لە ئەوێستایشدا هەر وەک دئین یان دئینا[16] گۆ کراوە.

**ئانو (ANNU)**[17]**:** واتای "ئەمە" دەدات، لە شێوەزاری هەورامیدا هەر وەک "ئانا / ئانە" گۆ دەکرێ.

**ما (MA)**[18]**:** بە واتای بەڵام هاتووە، لە کرمانجی و لە هەورامیشدا "ئەما" دەڵێن.

**پاد (Pad)**[19]**:** بە واتای "پەیدا" کردن.

**نورو/ نێر ( Ner/NURU)**[20]**:** بە واتای تەماشاکردن هاتووە. زۆر نـزیکە لە ڕەگـی وشەکانی" نوارین/ نورین" لە سۆرانیدا و" نێرین" لە شێوەزاری کرمانجیدا.

**دیورو (DURU)**[21]**:** ئەم وشەیە واتای" دیوار" دەدا.

**ئا ( A )**[22]**:** واتای " ئاو" دەگەینی.

**زو (ZO)**[23]**:** بە واتای "زان و زانین" دێت.

---

[14] Common sumerian words for magickal purposes / Short Sumerian Sentences / Phrases http://www.ping.de/sites/systemcoder/necro/info/sumerian.htm

[15] لە هەندێ سەرچاوەدا وەک دینگەر هاتووە لە هێندێکتردا وەک دینگار.

[16] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

[17] Common sumerian words for magickal purposes, http://www.ping.de/sites/systemcoder/necro/info/sumerian.htm

[18] Common sumerian words for magickal purposes, http://www.ping.de/sites/systemcoder/necro/info/sumerian.htm

[19] ETCSL glossary http://etcsl.orinst.ox.ac.uk/edition2/etcsllemma.php?sortbylemma=lemma&letter=p

[20] هەمان سەرچاوە

[21] هەمان سەرچاوە

[22] هەمان سەرچاوە

**نێر (NIR)[24]:** بە واتای ئوتوریتەیە، بەرانبەرەکەی لە کوردیشدا "نێر/ نێرایەتی"یە.

**ئەزەن (EZEN)[25]:** بە واتای جێژن هاتووە، لە کوردی کۆندا وەک "یەسن / یەسنە/ یەشن" گۆ کراوە. وشەی " یەسنە"[26] هێشتا هەر لە هەورامیدا ماوەتەوە.

**کارداکا (KARDAKA)[27]:** بە وڵاتی کوردان گۆتراوە، لە وشەکانی کوردەکان (سۆرانی) یان کوردا (کرمانجی) نزیکە.

**ئوتو ( UTU)[28]:** "ئوتو" لای سۆمەرییەکان خودای خۆر و خوداوندی دادوەری بوو ، دایکی خواژن" نینگال" و باوکیشی خوداوەند "نانا" بوو. ئوتوی خوداوندی خۆر لە لایەن دانیشتوانی کۆنی کوردستانەوە پەرستش کراوە وناوەکەشی لە زمانی کوردیدا هەر ماوەتەوە و دواجاریش پەڕیوەتەوە بۆ ناو زمانی فارسی بەم شێوەیە: ئوتو - ئاتو- ئاتاو- هەتاو (کوردی) - ئاڤتاو- ئافتاو- ئافتاب ( آفتاب فارسی).

**لێرەدا پێویستە ئاماژە بەم بابەتە بکرێت کە گەلانی هیندوئێرانی هەر لە سەردەمانی کۆنەوە خۆریان پەرەستیوە، خوداوەندی خۆر بە میترا یان مێهر بەناوبانگ بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی ساڵان جیاوازیی لە نێوان خودای خۆر و خۆردا نەما. واتا جیاوازییەک لە نێوان میترا یان میهر و خۆردا نەما، هەردوکیان هەر یەک واتایان دەگەیاند. هەروەها پەرەستنی خۆر و ئوتوی (سۆمەری) لە ناو هۆزەکانی کۆنی وڵاتی کوردەواریدا وای کرد کە نە تەنیا ئەم دو خودایە بوون بە هاوشان و**

---

23 http://etcsl.orinst.ox.ac.uk/edition2/etcsllemma.php?sortbylemma=lemma&letter=a

24 هەمان سەرچاوە

25 ETCSL glossary http://etcsl.orinst.ox.ac.uk/edition2/etcsllemma.php?sortbylemma=lemma&letter=e

26 فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ. ١١٣٣

27 ئەم وشەیە لە کتێبی کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرەکان، هاوڕێ باخەوان. ل.پ ٨٤. وەرگیراوە، سەرچاوەکەی بەم جۆرەی خوارەوە دیاری کردووە:
لابەرەی ١٣ ج، ئەر، درایڤر، الكرد فی المصادر القديمه، ترجمه فواد حەمە خورشيد مطبعه الديوانی، بەغداد ١٩٨٦.

28 Sumerian Mythology FAQ (Version 2.0html), by Christopher Siren, 1992, 1994, 2000, http://home.comcast.net/~chris.s/sumer-faq.html

**هاوتەرازی یەکتر بەڵکوو تەنانت لە زمانی ڕۆژانەی مەردمی ناوچەکەیشدا هاتنە پاڵ یەک و وەک یەک پەرەستش دەکران و سەرەنجام بوون بە یەک و بە یەک وشە پێناسە کران ئەویش وشەی "خۆر- ئاتاو/خۆرەتاو"ە. وشەی خۆرەتاو ئێستایش لە ناو بەشیکی زۆر لە خەڵکی کوردستاندا هەر لە کەرکووکەوە هەتا سنە و سەقز و کرماشان لە باتی وشەی خۆر یان ڕۆژ بەکار دێت.**

**پاشگری "توو": لە زمانی سۆمەریدا " توو" پاشگرێکی جوغرافییە[29]. ئەم پاشگرە ئێستاش لە نێوی ژمارەیەک لە گوندەکان وشوێنەکانی کوردستاندا بەرچاو دەکەوێ لەوانە:**

**کەرەفتوو:** ناوی ناوچەیەکی بەربڵاوە کە نزیکەی ٦٠ گوند لە خۆ دەگرێ هەروەها ناوی گوند و ئەشکەوتێکی زۆر کۆن و بەناوبانگە لە ناوچەی دیواندەرە.

**هەوەتوو:** ناوی ناوچەیەکی بەربڵاوە کە چەندین گوند لە خۆ دەگرێ سەر بە شاری دیواندەرەیە.

**گاوەسنتوو:** ناوی گوندێکە لە دەوروبەری دیواندەرە.

**ئیزرتوو:** شاری کۆن و پایتەختی ماناکان بوو لە نزێکی شاری سەقز، گۆیا هەر ئەو شوێنەیە کە ئێستا گوندی ساحێبی لێیە.

**چنارتوو:** گوندێکە لە ناوچەی خورخورەی سەر بە شاری سەقز.

**قەپلانتوو:** گوندێکە لە ناوچەی زێویەی سەر بە شاری سەقز

**کەمەنتوو:** گوندێکە لە ناوچەی زێویە سەر بە شاری سەقز

**شیوەتوو:** گوندێکە لە ناوچەی میرەدێ سەر بە شاری سەقز.

---

29 مێژووی کۆنی کەرکوک لە ڕۆشنایی دەقەکانی نۆزی ل. پ ٤٥،ساڵی ٢٠٠٧ کامەران کوێخا جەلال.

**سەرتکڵتوو:** گوندێکە سەر بە ناوچەی سەرشێوی سەقز.

**گەونتوو:** گوندێکە لە ناوچەی ساراڵ سەر بە شاری دیواندەرە. (بە فارسی بێ هیچ بەڵگەیەک ناوەکەیان وەرگێڕاوەتەوە سەر "گاو آهن تو".

**سوتوو:** گوندێکە سەر بە ناوچەی نەمەشیری شاری بانە.

**کاشانتوو:** سێ گوندە لە ناوچەی چەمچەماڵ سەر بە شاری هەرسینی کرماشان، (کاشانتو، کاشانتوی مەحمودئاوا، کاشانتوی عەلیاوا).

**مارانتوو:** گوندێکە لە ناوچەی چەمچەماڵ سەر بە شاری هەرسینی کرماشان.

**کانیتوو:** گوندێکە لە ناوچەی پژدەر[30].

بێگومان ژمارەی ئەو وشانەی کە لە کوردی و سۆمەریدا هاوبەش و یان نزیک لە یەکن دەتوانێ زۆر لەمانە زیاتر بێت ئەگەر بە شێوەیەکی وردتر و بەرنامەداڕێژراو لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت.

سۆمەرەکان بە هۆی ئەفسانەکانیانەوە توانیویانە گەلێ بابەتی مێژوویی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و بیروباوەڕی ئایینی خۆیان تۆمار بکەن و بیخەنە بەردەستی نەوەکانی پاش خۆیان. ئەم تۆمارانە ڕەنگدانەوەی شێوازی ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمە و چۆنیەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانە. یەکێک لە ئەفسانە سۆمەرییەکان ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن خودی سۆمەرییەکان ئەوەیان لە بیر ماوە کە دانەوێڵەی گەنم و جۆ بو یەکەم جار لە ناوچەیەکی شاخاوی نزیک وڵاتی بابلەوە هێنراوە. هەروەها ئەفسانەیەکی تری سۆمەری کە لە سەدەی هەژدەیەمی پ. ز.وە نووسراوە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن ئانۆ "Anu" (خوداوەندی

[30] لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، لاپەڕە ١٢٢ د. جمال رشید ئەحمەد بەغداد- ١٩٨٨.

ئاسمان) گەنم و جۆی لە ئاسمانەوە بۆ زەویی هێناوە و ئەنلیلیش "Enlil" (خودای ئاسمان و خودای هێزی بەیانیان و خودای گژوگیا) دانەوێڵەکانی کۆ کردەوە و لە چیاکاندا دانان و پاشان هەر وەک چۆن درگایەک دائەخرێت، چیاکانیش داخران، هەتا لە دواییدا نین ئازو "Ninazu " (خودای ئاوناسی، یان ئەو خودایە کە ئاوی ناسییەوە) و نین مادا ( یەکێکی تر لە خواکانی سۆمەری) فەرمانیان دا بۆ ئەوەی ڕێ بدرێ بە سۆمەرەکان دانەوێلە بناسنەوە و فێری کشتوکاڵی ببەن. ئەم ئەفسانەیە ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بە چیاکان و وڵاتی کوردەواری. توێژینەوە ئارکیۆلۆژییەکان ئەم ڕاستییەیان سەلماندوە کە کوردستان کۆنترین ناوچەی جیهانە کە دانەوێڵەی لێ ڕواوە، لە گوندەکانی چەرمو و زاوی چەمی لە دەوروبەری کەرکووکدا گەنم و جۆی بە بەردبوو دۆزراونەتەوە کە مێژووکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش نیشتەجێبوونی سۆمەرەکان لە دەشتەکانی خوارەوەی مێزوپۆتامیادا.

یەکێکی دیکە لەو ئەفسانانە، چیرۆکی" ئەنمیرگیری" پادشای بنەماڵەی یەکەمی "وەرکا" بووە کە پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمی **"ئارتا"**وە هەبووە کە کەوتوبووە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە. لەم چیرۆکەدا هێندێک زانیاریی بەکەڵک لەسەر سروشتی شاخاویی وڵاتی ئارتا و شێوازی فەرمانڕەوایی تێدایە. هەروەها لەم ئەفسانەیەدا باس لەوە دەکرێ کە ژمارەیەک لە خوداوەندانی سۆمەری لە هەرێمی**"ئارتا"**دا پەرستراون[31]. ئەوەی لێرە جێگای بایەخپێدانە هێنانی ناوی **"ئارتا"**یە، کە بە ئەگەرێکی زۆر ئاماژەیە بۆ ئەو وڵاتە یان ئەو ناوچەیە کە "ئارتا" فەرمانڕەوایی کردووە. ئەم وشەیە بێگومان یەکێک لە وشە هەرە کۆنەکانی کوردییە کە بە درێژایی مێژووی نەتەوەی کورد لەگەڵیدا هاتووە و ئیستاش هەر ماوەتەوە. ئەم وشەیە لەگەڵ ناوی ژمارەیەک لە پادشایانی میتانی هاتووە وەک "ئارتا- تامای یەکەم" و "ئارتا- شومارا" و " ئارتا- تامای دووەم". ئەم بابەتە لە بەشی زمانی میتانییەکاندا زۆرتر ڕوون دەکرێتەوە. وشەی" ئارتا" واتای پاک و ڕاست یان

[31] کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرەکان، هاوڕێ باخەوان. ل.پ ١٠٦. هەر وەها د. فاضل عبدالواحد علی ل.پ ١٣٢ و ١٣٣.

"دادپەروەر" دەگەینێ کە لە زمانی عەرەبیدا (عادل)ی پێ دەڵێن، لە کوردیدا ئێستا لە شێوەی ناوی ئەردەوان (پارێزگاری ڕاستی/ دادپەروەر) و ئەردەشێر(شای ڕاست و پاک/ شای دادپەروەر) هەر ماوەتەوە. ئەم وشەیە لە شێوەزاری ئەوێستاییدا وەک "ئەرشتا / ئارش / ئەرشە" گۆ دەکرێ کە هەمان واتای هەیە.

**ئەفسانەی گیڵگامێش (کەڵگامێش):** ئەفسانەیەکی تری سۆمەرییە کە وەک یەکێ لە شاکارە بەناوبانگەکانی وێژەیی جیهان دەژمێردرێت. بەیتی کەڵگامێش کە بە شێوەی هەڵبەستە باسی پاڵەوانیەتی و نەبەزی پادشایەکی سۆمەرییان بە ناوی گێڵگامێش (کەڵگامێش) دەکا کە بوونەوەرێکی سەیرە. دایکی خواژنی " نین سون" و باوکی مرۆڤە، بۆیە ئەویش دەبێتە خاوەندی سروشتێکی تایبەت، دوو بەشی لە جنسی خودایە و بەشێکیشی لە جنسی مروڤە. مرۆڤێکی نەترس و کەلەڕەقە کە بە گژ عەرد و ئاسماندا دەچێ، تەنانەت دەخۆازێ بە گژی مەرگیشدا بچیتەوە و ژیانی هەتاهەتایی بۆ خۆی دەستەبەر بکا. لەم چیرۆکەدا کەڵگامێش لەگەڵ پاڵەوانێکی تردا بە ناوی "ئە نکیدۆ" ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەنکیدۆ مرۆڤێکی کێوییە، لە دەشت و چیادا لەگەڵ جرِوجانەوەراندا گەورە بووە و هەر لەگەڵ ئەوانیشدا دەژێ. کاتێ ئەنکیدۆ و کەڵگامێش لەگەڵ یەکدا ڕووبەڕوو دەبنەوە بە گژ یەکدا دەچن و بە زۆران دێن، بەڵام هێچیان ئەوی تریان نابەزێنێ، بۆیە لە پاشان لەیەک دەبنەوە و بڕیار دەدەن کە ببن بە هەڤاڵی یەکتر و لەگەڵ یەکدا پارێزگاری لە شارەکەیان "ئورۆک" و لە خەڵکەکەی بکەن. لە دوای ماوەیەک بە هۆی کین و ڕقی خوداوەندانەوە ئەنکیدۆ نەخۆش دەکەوێ و گیان لە دەست دەدا و بەم جورە کەڵگامێش بە تەنیایی و بە ئازارێکی زۆرەوە بەجێ دیلێ. بەسەرهاتەکانی ناو ئەفسانەی کەڵگامێش زۆر سەرنجڕاکێش و درێژەدارن بەڵام پەیوەندییەکی وای بەم باسەی ئێرەوە نییە، ئەوەی کە لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ناوی هەردوو کەسایەتی سەرەکی ئەم ئەفسانەیە واتا گێلگامێش و ئەنکیدۆ پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ زمانی کوردیدا.

گیلگـامێش هەمـان وشـەی "کەڵ- گـامێش"ە تەنیـا دەنگـی" ک" لە سـەرەتای وشەکەوە گـۆڕاوە بـۆ" گ". هەر وەک پێشـترێش بـاس کـرا وشـەی کەڵ لە کوردیـدا واتای بەهێز و هەروەها نێرەگا دەگەینـێ[32]، وشـەی کەڵگـامێش واتـای گامێشـی نێـر دەدا، ئەم دەسـتەواژەیە ئێسـتاش لە زمـانی کوردیـدا هەر بـاوە وەک دەڵـێن "کەڵە پیاوە" واتا پیاوێکی بەهێزە، یان دەبێژن "کەڵەگاییم لـێ دەکـا" واتـا خـۆی بە زۆردار دەزانێ و زۆرم لێ دەکا. لە هەندێک لە فەرهەنگ وکتێبی کوردیـدا وا نیشـان دراوە کە گوایی وشەی گا و گامێش وشەیەکی سۆمەرییە و پەڕیوەتەوە نێو زمـانی کـوردی. ئەمە نـاتوانی ڕاسـت بـێ بەڵکـوو پـێچەوانەکەی ڕاسـتە. ئەم وشـەیە لە کـوردییەوە پەڕیـوەتەوە بـو نێـو زمـانی سـۆمەری. "گـا" وشـەیەکی هینـدوئورووپییە لە زۆربەی وڵاتانی هیندو ئورووپیی زماندا یان هەر گا دەڵێن یان وشەیەکی زۆر نزیک بە وشەی گایە، بۆ نموونە:

سانسکریتی: گەو، گا، گایی (Go /Gau /Gaiy)

ئەوێستا: گاو (Gao)

کوردی: گا، گاو(Ga/gaw)

فارسی: گاو (Gaw)

ئینگلیزی: کاو (Cow)

ئاڵمانی: کوی (Kuh)

سویدی: کۆ (Ko)

ئەگەر وشەی گا و گامێش لە زمانی سۆمەرییەوە پەڕیونەتەوە نێو زمانی کـوردی، ئەی چۆنە کە لە سانسکریتی و ئینگلیزی و سویدیش هەمان وشە هەیە، لە کاتیکـدا

[32] بڕوانە فەرهنگی هەنبانە بۆرینەی هەژار لابەڕەی ٦٦١ – ٦٦٢.

هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئاخێوەرانی ئەم زمانانە لەگەڵ سۆمەرەکاندا نەبووە. لە لایەکی تریشەوە ئەگەر وشەی گا و گامێش سۆمەرییە ئەی وشەی "گا" لە کوردیدا کامەیە؟ ئەوەی کە ڕوون و دیارە لە سۆمەریدا چەندین وشەیان بۆ گا هەبووە کە بەزۆری و بەڕوونی لە نێو نووسراوەکانیاندا بەرچاو دەکەوێ بۆ نموونە دەکرێ چاو لەم چەند وشەیەی خوارەوە بکەێن کە وەکوو خۆی لە فەرهەنگی سۆمەری-ئینگلیزی وەرگیراوە[33].

áb-ama: mother cow ('cow' + 'mother').

áb-amar: mother cow ('cow' + 'calf').

áb-gir : domestic cow ('cow' + 'domestic').

áb-gud-há: herd ('cow' + 'bull' + 'assorted, mixed').

áb-máh : cow in 3rd year of life that has calved ('cow' + 'calf').
šilam[34]: cow {freq. 13}

بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەگەر "کەڵگامێش" بۆ خۆی کورد نەبووبێ، ناوەکەی کوردییە و لەو هۆزە کوردانەوە وەرگیراوە کە لەگەڵ سۆمەرەکاندا پێکەوە لە یەک شوێندا ژیاون.

لە بابەت وشەی "ئەنکیدۆ"شەوە کە مرۆڤێکی زۆر بەهێز و پاڵەوان بووە لەوانەیە کە هەر واتای پاڵەوان بدات. پاشگری "ۆ" لە پاش ئەنکید، پاشگرێکە کە لە زمانی کوردی کۆندا باو بووە وئێستاکەش لە شێوەزاری کرمانجیدا هەر باوە و بە فراوانی بەکار دێت، ئەم نیشانەیە ئەلکێتە پاش وشەکانەوە و واتای جۆراوجۆر دەدات بە وشەکە:

---

[33] Sumerian Lexicon Version 3.0 by John A. Halloran, sid 76
[34] http://etcsl.orinst.ox.ac.uk/edition2/etcsllemma.php? sortbylemma= lemma&letter=a

١- نیشـانەی بـۆ گەیانـدنی واتـای" بچـووکی" وەک: حەسـەن + ۆ = حەسـەنۆ، ئەرشەد+ ۆ= ئەرشەدۆ(ئەشۆ)، کوڕ+ ۆ= کوڕۆ، پشیک + ۆ = پشیکۆ.

٢- نیشـانەی بـۆ گەیانـدنی واتـای" ئەی" وەک: بـاب + ۆ= بابۆ(واتـا ئەی بـاب)، هەڤاڵ + ۆ= هەڤاڵۆ (ئەی هەڤاڵ) ، سوار+ ۆ= سوارۆ (ئەی سوار).

٣- بـۆ گەیانـدنی واتـای "خۆشەویسـتی" وەک: بەرخ + ۆ= بەرخـۆ، دەلال+ ۆ= دەلالۆ، ئەحمەد+ ۆ= ئەحمەدۆ، دڵ + ۆ = دڵۆ.

وشـەی "ئەنکیـد و ئەنکیـدۆ" لە کوردیـدا هەر مـاوەتەوە و ئێسـتا لە شـێوەزاری کرمانجیدا خـۆی لە وشـەی" ئەگیـد" و "ئەگیـدۆ"دا دەبینیـتەوە کە واتـای پـاڵەوان و قارەمان دەدا، هەر ئیستایش نـاوی ئەگیـد لە بـاکووری کوردسـتاندا بـاوە و هەزاران ناوی وا هەیە ، بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی پاشـکۆی" ۆ" وهەروەهـا وشـەی "ئەگیـدۆ" چەند ڕەستەیەک لە گـۆرانێکی کـۆنی کـوردی بە نـاوی نەچیروانـۆ ( لە گۆرانیەکـانی دەنگبێژی گەورەی کورد شاکرۆ) دەخرێتە پێش چاو کە بە شێوازی کرمانجییە:

Nêçîrvano...lo,lo... lawiko min ji tera nego li vî berî...ha li vî berî.
**Egîdo**...tu ji Xwedê newêrî çawa ji Xwedê natirsî tu vê subengê swarî bozî çaçanî kavreşî çavreş...

لێـرەدا دیـارە کە پاشـکۆی " ۆ" لە پـاش وشـەکانی نەچیـروان و لاوێـک و ئەگیـد هاتووە. ئەوەی کە لە پاش نزیک بە پێـنج هەزار سـاڵ وشـەی "ئەنکیـدۆ" ببـێ بە " ئەگیدۆ" شتێکی سەیر نییە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاسـتییە کە زمـانیش وەک هەمـو شتێکی تر لە گۆڕاندایە بە تایبەتیش کـاتێ وشـەیەک لە زمـانێکەوە بـۆ زمـانێکی تـر دەگوێزرێتەوە. بۆ نموونە سمکۆی شکاک کوڕی موحەمەد ئاغـای شـکاکە، کە ڕابەری سەرهەڵدانێکی دەکرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان (١٩١٨- ١٩٣٠)، لە دوای مـاوەیەکی کەم پاش تێکچوونی سەرهەڵدانەکەی لە هەموو ڕۆژنامە و کتیبەکانی فارسـیدا نـاوی وەک ئیسماعیل ئاغای **سمیتقۆ**، یان ئیسماعیل ئاغای کوڕی **سمیتقۆ** تۆمـار کـراوە، لە

کاتیکدا ناوی ئیسماعیل بووه و له خۆشەوێستیدا پێیان وتووه سـمکۆ، بەلام سـمیتقۆ هیچ واتاییەکی نییە لە هیچ زمانێکدا.

**بەرخۆدانەکەی نوور- ئاداد:** ئاشوورییەکان لە ساڵنامەکانی خۆیاندا باسـی یەکـێ لە سەرکەوتنەکانی خۆیـان لە سـاڵی ٨٨١ پ.ز. دا کـردووە، کە دیـاکۆنۆڤ لە کتێبـی مێـژووی مـاددا بەم جـۆرە دەیگێـڕێتەوە: "یەکـێ لە خـراپترین هێرشـەکان، هێرشـی ئاشـوورناسرپاڵی دووەم بــوو لە سـاڵی ٨٨١ پ.ز.  بـۆ سـەر زامـوا (شـارباژێر و شـارەزوور). ئاشـوورییەکان بە ڕێگـادا بە هەر نـاوچە و گوندێکـدا کە تـێ دەپەڕیـن تاڵانیان دەکرد، لە ئەسپ و ئاژەڵەوە بگرە هەتا کەرەستەی ناومـاڵان، خەڵکەکەشـیان یان دەکوشتن و یان وەک "بەردە (کۆیلە)" دەیانبردن. خەڵکی ناوچەکە لەمە باش تێ گەیشتبوون کە سەروماڵیان لە مەترسی لە ناوچوونـدایە هەر بـۆیەش دەسـتیان دایە خـۆ ڕێکخسـتن و بەرخـودان. لەوانە **"نـوور- ئـاداد"** سـەرۆکی هـۆزی **"ناسـیکۆ"** لە ناوچەی داگار هەموو خەڵکی زامـوا (شـارباژێر و شـارەزوور)ی کـۆ کـردەوە لە ژێـر سـەرکردایەتی خـۆی، و دەسـتیان دایە دروسـتکردنی شـوورێک (دیوارێـک) لە "دەربەنـدی بـابیتە" [واتـا لە دەربەنـدی بازیـان] بـۆ ئەوەی ڕێـگە لە هێرشـی ئاشوورییەکان بگرن. بەڵام بەر لەوەی شوورەکە تەواو بێت، ئاشـوورناسرپاڵ هێرشـی کردە سەریان، لە ئەنجامدا هێزەکانیان بەرگەیان نەگرت و ئاشـوورییەکان توانیـان لە دەربەنـدی بازیـان تـێ پەڕن و لەسـەر ڕێگـای خۆیـان سـێ پادشـا [مەبەسـت سـێ سەرۆک هۆز بووە] تارومار بکەن. نوور- ئاداد ناچار بـوو وەکـوو هەمیشـە پەنـا بـۆ شاخ بەرێت. ئاشوور ناسرپال هەتا کێوی "نەسیر" کە بە زمـانی لۆلـۆبی "کـی نـی پـا (پیرە مەگروون)"ی پێی دەڵێن بە دوایدا ڕۆیشت. بە پێی ڕەوایەتەکـانی ئاشـووری و بابلی کەشتی نۆح لە پاش تۆفـانەکە لە سـەر ئەم کێـوە نیشـتووەتەوە"، (دیـاکونوف، کشاورز، ١٣٤٥: ٢٠٠).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە یەکێ لە سەرۆکە گەورەکانی ناوچەکە "نوور ئـاداد" بووە. "نوور" وشەیەکی سۆمەرییە و "ئاداد"یش وشەیەکی ئەکەدیـیە. کە بە ئەگەری زۆر سەرۆک هۆزێکی سۆمەری بووە لە ناوچە شاخاوییەکان.

هەروەها نـاوی کێـوی پیرەمەگـروونیش بە دوشـێوەی **"نەسـیر"** کە لەوە دەچـێ سۆمەری بێت و **"کی نی پا"** کە وشەیەکی لۆلۆبییە هاتووە.

**پشکنینەکانی "گەۆدین تەپە":** لە نێوان سـاڵەکانی ١٩٦٥-١٩٧٣ لە گەۆدیـن تەپە (لە نزیکی شاری کەنگاوەری-کرماشان) لە لایەن گروپێکی شوێنەوارناسی کاناداییەوە پشـکنین و هەڵکـۆڵین بـۆ شـوێنەکە کـراوە و ئەنجامەکـانی لە کتێبێکـدا بە نێـوی (Onethe highroad)[35] لە لایەن هیلاری گۆپنیک و میشل ڕاسمەن لە سـاڵی ٢٠١١ دا بڵاوکراوەتەوە. لێکۆڵەران چـین لەسـەر چـین پشـکنینیان بـۆ شـوێنەکە کـردووە و ئاسـەواری جۆراوجـۆری حەوت چـاخی مێژوویـی لە حەوت چینـدا دۆزیـوەتەوە. لە چینی پێنجەمدا (٣٠٠٠-٣٥٠٠ پ.ز) کاسە و قاپی گڵی و مۆرەیان تێدا پەیدا کـردووە کە کوتومـت لە ئاسـەوارەکانی سـۆمەری لە شـارەکانی "ئـۆروک- وارکـا" دەچــن. لێکۆڵەرەکـان پێیـان سـەیرە و گومانیـان بـۆ دەچـێ کە ئەو شـوێنە لەو کـاتەدا وەک کاروانسەرا بووە، و ئەو شـتانە لە ڕێگـای ئـاڵوێروە هێـنراونەتە ئەوێ. بەڵام مـن پـێم وایە ئەوێ شوێنی ژیان و نیشـتەجێبوونی سـۆمەرەکان بـووە، چـونکە هەر ئێسـتاش دەیان شوێن و شاخ هەر لەو مەڵبەندەدا هەن کە نـاوی سـۆمەرییان هێشـتا هەر بە سەریانەوە ماوەتەوە، بۆ نموونە ناوچە و شاخی "دالاهۆ" کە ناوێکی سۆمەرییە.

لێـرەدا بـۆ سـەلماندنی ئەو ڕاسـتییە کە کوردەکـان و سـۆمەرەکان پـێکەوە لە کوردستاندا ژیاون و کاریگەریی فەرهەنگی و کۆمەلایەتییان لەسەر یەکدی هەبـووە، بـۆ یەکەم جـار بە هێنـانەوەی نـاوی ژمـارەیەک لە شـوێنەکانی سـۆمەرەکان لە کۆردستاندا کە هەتا ئێستاش هەر بەشێوەی سۆمەری گۆ دەکرێ، ئیتر بـوار بـۆ هـیچ دوودڵی و ڕاڕاییەک لەم بـارەوە نـامینیتەوە. هەر وەک پێشـتریش ئامـاژەی پـێ کـرا،

[35] On The High Road: The History of Godin Tepe, Hilary Gopnik and Mitchell S.Rothman, 2011.

وشەی **"کوڕ"** لە سۆمەریدا دوو واتای گەیاندووە هەم بە واتای چیا و هەم بە مانای وڵات و ناوچەیە. (بڕوانە بۆ ئەم سەرچاوانەی خوارەوە):

Sumerian Lexicon Version 3.0 by John A. Halloran, sid 114
http://etcsl.orinst.ox.ac.uk/edition2/etcsllemma.php?sortbylemma=lemma&letter=a

لێرەدا ژمارەیەک لەو ناوانە کە نیشاندەری شوێنەواری سۆمەرەکانە لە کوردستاندا دەستنیشان دەکرێت:

**١- کوڕە کاژاو:** کێوێکی بەرزە لە نزیکی ناوچەی زەلان لە شارباژێر.

**٢- کوڕە کەچەڵە:** کێوێکی ڕوتە لە گوندی باراو، کە ئەکەوێتە پشتی کوڕە کاژاوەوە.

**٣- کوڕە میران:** ناوی کێوێکە لە هەلیران (هەلیلان) لە ناوچەی ئیلام[36].

**٤- کوڕەی مریەم:** ناوی کێوێکە لە هەورامان لە نزیک ئاوایی پایگەلان[37].

**٥- کوڕ کوڕ:** ناوچەیەکە لە شائاوای ڕۆژاوا لای کرماشان، (اسلام آباد)[38].

**٦- کوڕ وەز/کوڕ گوێز:** ناوچەیەکە لە نێوان ژاوەرۆ و مەریوان[39].

**٧- کوڕە:** دو گوندی کوردستانن کەبە دەستی دەسەڵاتی بەعسی عیراقی کاول کراون[40].

---

36 بڕوانە فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، لاپەرە ٥٢٤، هەولێر- ٢٠٠٥.
37 ئەم ناوە لەوانەی گوڕان بە سەریدا هاتبێ و لە بنەڕەتدا کوڕەی ماریو بووبێت. ( ماریو بە سەربازان و جنگاورانی میتانی گوتراوە.
38 هەمان سەرچاوە
39 مێژووی هەۆرامان موحەمەد ئەمین هەورامی لاپەڕەی ٦٨٨
40 فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩، لاپەرە ٦٣١

**٨- کوڕ کوڕ:** گوندێکی کوردستانە کە بەعس کاولی کرد[41].

**٩- کوڕەک:** کێوێکە لە ناوچەی سۆران لە نزیک ڕەواندز.

**١٠- خـوا- کـوڕک یـان خـا- کـوڕک:** نـاوی نـاوچە، دوڵ و زنجیرەشـاخێکە، کە کەوتووەتە نێوان سیدەکان و کێلەشین، گەلی خواکوڕکیشی پێ دەڵێن.

**١١- کوڕ کوڕداخ:** کێوێکە لە نزیک گوندی کانیتوو لە ناوچەی پشدەر[42].

**١٢- کـوڕانە:** نـاوی گونـدێکە لە نـاوچەی برادۆسـتی شـکاکان لە نزیکـی ورمێـی (ارومیە).

**١٣- کوڕ کوڕە:** گوندێکی ناوچەی کرانی سەر بە شاری بیجار.

**١٤- قەڵاگای کوڕ کوڕ:** گوندێکە لە ناوچەی زێویە شاری سەقز.

**١٥- کوڕەی میانە:** کێوێکە لە پشتی گوندی میانە لە ناوچەی کەڵاتەرزانـی شـاری سنە.

**١٦- کـوڕەی بـاڵامبۆ:** کێـوێکی بەرزە لە ڕۆژهەڵاتـی هەڵەبـجە، لە قەراخ ئـاوی سیروان.

**١٧- کوڕە ژار:** چیایەکە لە دەڤەری نێروە و ڕێکان لای دهۆک.

**١٨- کوڕەی دەرەکێ** :کێوێکە لە ئاوایی باقلاوا، ناوچەی کەڵاتەرزانی سنە.

**١٩- کوڕەی دژەن:** کێوێکە لە نزیگ گونـدی دژەن لە نـاوچەی ژاوەرۆی سـەر بە کامێران.

---

41 فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩، لاپەرە ٦٣٠

42 لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، ل.پ. ١٢٢ د. ج. رشید ئەحمەد ١٩٨٨.

**٢٠- کوڕە داوێ:** ناوی گوندێکە لە شارباژێڕ.

**٢١- بەردە کوڕە:** ناوی گوندێکە لە پیرانشار.

**٢٢- نێگڵ:** ناوی دوو گوندی کۆنی کوردستانە، یەکەمینیان کەوتووەتە ناوچەی لۆماری شاری ئیلام ئەوی تریشیان کەوتووەتە ناوچەی کەڵاتەرزانی سەر بە شاری سنە، ئەم گوندە زۆر نزیکە لە کوڕەی میانەوە، لەوانەیە کاتی خۆی شوێنی نیشتەجێبوونی سۆمەرەکان بووبێت چونکە ئەم ناوە نە لە کوردیدا و نە لە ئەوێستاییشدا هیچ واتایەکی نییە، نێگڵ وشەیەکی سۆمەریە و لە فەرهەنگەکانی سۆمەریدا دو واتای بۆ دیاری کراوە، یەکەم "ترسی زۆر" و دوهەم " ڕێزلێنان و سوپاسگوزاری"[43]. جا کامەیان ڕاست بێت پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە. هەروەها ئەگەر ئەم وشەیە بە شێوەی"نگڵ" یش گۆ بکرێت، لە سۆمەریدا واتای مەزن، زۆر، یان فراوان دەدا[44].

**٢٣- کێوی داڵاهو:** داڵاهو کێوێکی بەناوبانگە لە نزیکی شاری کرند لە ڕۆژاوای کرماشان، ئەم ناوە ئێستا بڕاوە بە سەر ناوچەیەکی بەرین کە شارستانی داڵاهوی پێ دەڵێن. وشەی داڵاهو هیچ فڕێکی بە سەر زمانی کوردییەوە نییە، بەڵکوو وشەیەکی سۆمەرییە، دەکرێ واتاکەی بەم شێوەیە لێکبدریتەوە:

١- ئەگەر وشەکە ساکار بێت وەک داڵاهو ئەمە لە سۆمەریدا واتای" شێواندن" یان تێکەڵ کردن ئەدا[45]. کە دیارە گونجاو نییە بۆ ناوی چیایەک یان ناوچەیەک.

---

[43] Sumerian Lexicon Version 3.0 by John A. Halloran, sid 125

[44] http://etcsl.orinst.ox.ac.uk/edition2/etcsllemma.php?sortbylemma=lemma&letter=a

[45] Common sumerian words for magickal purpose, http://www.ping.de/sites/systemcoder/necro/info/sumerian.htm

٢- ئەگەر وشەکە لێکدراو بێ دەتوانێ وەک "داڵ + ئاهوو" بێ، لە سۆمەریدا داڵ واتای فڕین دەدا[46] و "ئاهوو"ش واتای برا (برادەر) دەدا[47] کە پێکەوە دەبێتە " فرین + برا" یان برا فڕی، کە ئەم ناوەش زۆر گونجاو نییە بۆ چیایەک.

٣- ئەگەر وشەکە لێکدراو بێ وەک "داڵا- هوو" کە لە ڕاستیدا هەر واش گۆ دەکرێ، ئەمجا خۆدی وشەی "داڵا" لە سۆمەریدا دو واتای جیاوازی هەیە، یەکەم بریقەدار، ورشەدار و دووەم واتای دەنووکدار و یان دەنووک تیژ دەدا[48]. وشەی"هوو"ش لە سۆمەریدا بە واتای "پەلەوەر یان باڵندەیە"[49]، کە وابوو داڵاهو یان واتای پەلەوەری پرشنگدار دەدا و یان پەلەوەری دەنووکتیژ. بەڵام پەلەوەری پرشنگدار ناتوانێ واتایەکی ڕاست بێ، ئەوەی کە لە ڕاستییەوە نزیکە هەر دەبێ **پەلەوەری دەنووکتیژ** بێت.

**ئەنجامەکانی ئەم بەشە:**

ئەوەی کە تا ئێستا لە لایەن زۆربەی پسپۆڕانی بواری زمان و مێژووی کۆنەوە لەسەر زمانی سۆمەرەکان نووسراوە، ئەم بۆچوونەیە کە زمانی سۆمەرەکان نە سەر بە خێزانە زمانەکانی سامی و نەش دەچێتەوە سەر خێزانە زمانەکانی هیندو ئوروپی بەڵکوو بۆخۆی زمانێکی بە تەواووی جیاواز و سەربەخۆیە.

**ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست بێ، ئەمجا دەرئەنجامێکی کە لێ دەکەوێتەوە دەتوانێ ئەمە بێت کە کوردەکان دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکەن و سۆمەرییەکان پاشان کۆچی ئەوێیان کردووە. "ئەگەر لە دارستانێکی چڕدا کە هەموو دارەکانی هەر بەڕوون، چوار داری چناری تێدا هەبێ، پیاو دەبێ گۆمان لە دارە چنارەکان**

[46] Some Sumerian Words and Their English Translations, by: Fred Hamori http://history-world.org/Sumerianwords1.htm
[47] Common sumerian words for magickal purposes, http://www.ping.de/sites/systemcoder/necro/info/sumerian.htm 2013-02-01
[48] http://etcsl.orinst.ox.ac.uk/edition2/etcsllemma.php?sortbylemma=lemma&letter=a
[49] Sumerian Lexicon Version 3.0, by John A. Halloran sid 11.

**بکا کە لە کوییەوە و چۆن پەیدا بوون نەک لە دارستانەکە"**. هۆزەکانی ئێرانی هەر لە عەفرین و ئامەدەوە بگرە هەتا پاکستان و تاجیکستان ولە لای خواریشەوە هەتا کەنداوی فارس لە ناوچەیەکی بەربڵاودا هەر لە کۆنەوە نیشتەجێبوون، بۆیە دەبێ ئەمە سۆمەرەکان بووبێتن کە لە شوێنێکی ترەوە هاتبێتن و بە زمانێکی جیاواز لە زمانی خەڵکی ناوچەکە قسەیان کردبێت.

جا لیرە پرسیار ئەمەیە کە ئەو نزیکایەتی و پەیوەندییە کە لە نێوان زمانەکانی کوردی و سۆمەریدا هەیە و لێرە ئاماژەی پێ کرا چۆن دەبێ پێناسە بکرێت؟

١- ئایا ئەمە تەنیا نیشاندەری کاریگەریی زمانەوانیی و فەرهەنگی کوردەکان و سۆمەرەکانە لە سەر یەکتر وەک دوو نەتەوەی جیاواز و بە دوو زمانی جیاوازەوە؟

٢- ئایا ئەم نزیکایەتییانە نیشاندەری ئەوەن کە کوردی و سۆمەری دوو زمانی جیاوازن بەڵام سەر بەیەک خێزانی زمانی واتا هیندو ئوروپیین؟

٣- ئایا زمانی کوردی و سۆمەری هەر یەک زمانن و کوردی درێژەدەری زمانی دێرینی سۆمەرییە؟

**هەر وەکوو لە سەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەی پێ کرا نزیکایەتیەک لە نێوان زمانی سۆمەری و زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام چۆنیەتی و ئاستی ئەم نزیکایەتییە وەک ئەو پەیوەندی و خزمایەتییە نییە کە لە نێوان زمانی کوردی و زمانەکانی میتانی و ماننایی و مادیدا بەرچاو دەکەوێ. ئێمە بە بەراوردکردنی زمانەکانی میتانی و ماننایی و ئەوێستایی لەگەڵ کوردیدا زۆر بە ڕوونی وشە کوردییەکان دەبینین و دەیناسینەوە، بەڵام لە بەراوردکردنی زمانی سۆمەری و کوردیدا ئەم نزیکایەتییە تەنیا لە ڕەگی هێندێک لە وشەکاندا دەبێندرێت. تەنانەت ئەگەر بێتو ڕۆژێک لێکۆڵەران و زمانناسانی بواری زمانە کۆنەکان ئەم بابەتە بسەلمێنن کە زمانی سۆمەری دەکەوێتە خانەی زمانەکانی هێندوئوروپییەوە، دیسان**

**بەدڵنیاییەوە دەتواندریت بوترێت کە نزیکایەتی و خزمایەتی زمانی کوردی بە سویدی و ئینگلیزییەوە زۆر زیاترە هەتا بە زمانی سۆمەرییەوە. واتا دیسانەوە کوردی و سۆمەری دەبێ وەک دوو زمانی جیاواز لە یەکتر چاو لێ بکرێ.**

**ئەگەر چاوێک بەو بەراوردکاریانە بخشێنین کە لەم کتێبەدا لە نێوان زمانی کوردی و سانسکریتیدا کراوە (بڕوانە بۆ ل.پ. ٨٢- ١٠٩)، زۆر بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە نزیکایەتی نێوان ئەم دوو زمانە زۆر زیاترە هەتا نزیکایەتی نێوان زمانی کوردی و سۆمەری لەگەڵ یەکتردا.**

**تەنانەت ئەگەر بەراوردێکی سەرەتایش لە نێوان زمانەکانی سۆمەری و میتانیشدا بکرێت، کە لە ساڵەکانی ١٥٠٠ پ.ز.دا هێشتا هەر دووک زمانەکە هاوکات لە بڕەودا بوون، هەست بە نزیکایەتییەکی ئەوتۆ لە نیوانیاندا ناکرێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە پاش هەزاران ساڵ نزیکایەتی زمانی کوردی بە زمانەکانی میتانی و سانسکریتیدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە.**

دەکرێ بوترێت کە نزیکایەتی هێندێک لە وشەکانی سۆمەری و کوردی دەتوانێت دەرنجامی کاریگەرییەکانی زمان و کولتووری ئەو کۆمەڵە خەڵکانە بێت کە بە درێژایی هەزاران ساڵ لە جوغرافیایەکی هاوبەشدا پێکەوە ژیاون. هەر وەکوو چۆن ئێستاش ئێمە کاریگەرییەکانی زمانی عەرەبی و فارسی بە سەر کوردی و بەپێچەوانەشەوە کاریگەری زمانی کوردی بەسەر عەرەبی و فارسیدا دەبینین. ئەگەر بەراوردێکی زمانی سۆمەری و عەرەبیش پێکەوە بکرێ بە سەدان وشەی سۆمەری کەوتوونەتە زمانی عەرەبییەوە، کە دیارە نیشانەی کاریگەری زمانی سۆمەرییە لەسەر زمانی عەرەبی.

هەبوون و مانەوەی ناوی ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکان و شاخەکان هەر بە شێوەی سۆمەرییەکەی لە کوردستاندا ئەوە دەسەلمێنێ کە سۆمەرەکان لە کوردستاندا کۆچیان نەکردوە، چونکە ئەگەر ناوچەکەیان چۆڵ کردبای ئەوا ئەو خەڵکانەی کە

شوێنیان دەگرتنەوە ناوی تایبەت بە خۆیانیان لەسەر گوند و شاخەکان دادەنـا. بـۆیە ئەوەی لە ڕاستییەوە نـزیکترە ئەمەیە کە سـۆمەرەکان نیشـتەجێ کوردسـتان بـوون و هەر لە کوردستانیشدا ماونەتەوە و لەگەڵ هۆزەکانی کورد لە ناوچەکەدا بە هەزاران ساڵ پێکەوە ژیاون، بەڵام وردە وردە لە نێو کوردەکاندا تواونەتەوە، خـۆ و ڕەوشـت و زمـانی ئەوانیـان وەرگرتـووە، لە کاتێکـدا نێـوی شـوێنەکانیان وەکـوو خـۆی هەر مـاونەتەوە. بە تـایبەت پێـواژۆی تـوانەوە دەبـێ لە دوای سـەرهەڵدانی مادەکـان و برەوسەندنی ئایینی زەڕدەشتی لە ناوچەکەدا و بالادەستی سیاسی و ئایینی مادەکـان ڕەوتێکی خێراتری بە خۆویەوە گرتبێ.

## ڕوونکردنەوەیەک لە سەر کاریگەری زمانی سۆمەری لەسەر عەرەبی:

زمانی سۆمەری کاریگەرییەکی زۆری کردوەتە سەر زمانی عەرەبی. بەشـێکی زۆر لەو وشــەگەلە کە ڕۆژانە لە زمــانی عەرەبیــدا قســەی پــێ دەکرێــت، لە زمــانی سۆمەرییەوە وەرگیراون، جا چ ڕاستەوخۆ بووبێ یان چ لە ڕێگای زمانی ئەکەدیـیەوە بووبێتن، بەڵام ئەگەری ئەمەی دواییـان زیـاترە، چـونکە عەرەبەکـان لەو سـەردەمەدا لەو مەڵبەندەدا نەدەژیان. لێرەدا چەند وشەیەک وەک نموونە دەخرێتە پێش چاو:[50]

NABU **( نەبو/ نبی)** = Prophet (1)

---

[50] سەرچاوەکانی وشەکانی ١-٦ بریتییە لە فەرهەنگی:

Fred Hamori, http://history-world.org/sumerianwords2.htm
http://history-world.org/Sumerianwords1.htm

سەرچاوەکانی وشەکانی ٧-١٩ بریتییە لە فەرهەنگی: Common sumerian words for magickal purposes
http://www.ping.de/sites/systemcoder/necro/info/sumerian.htm (2013-02-01)

KALBI (کەلبی/ کلب) = Dogs (2)

BABU (بابو/ باب) = Gate (3)

UMMUM ( ئوموم/ ام ) = Mother (4)

LA (لا) = Not (5)

MALKU (مەلەکو/ ملک) = Prince (6)

MITU (مەیتو/ میت) = Dead Person (7)

AB (ئەبی/ ابی) = Father of (8)

BABU (بابو/ باب) = Gate (9)

BITUM (بیتوم/ بیت) = House (10)

ESERU (ئەسیرو/ اسیر) = Imprison (11)

NURU (نورو/ نور) = Light (12)

BARAQU (بەراقو/ براق) = Lightning (13)

QEREBU (قەربو/ قرب) = Near (14)

SALAMU (سالەمو/ سالم) = Safe (15)

SANU (سانو/ ثانی) = Second (16)

SANA BABA (سانە باب/ ثانی باب) = Second Gate (17)

MARUS (مەروس/ مرض، مریض) = Sick (18)

SAMSUM or UTU ( سامسوم، ئوتو/ شمس، اتاو) = Sun (19)

## پاشخانی مێژوویی سەرهەڵدانی زوانی کوردی

شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونی تیرەکانی هیندوئوروپی لە سەرەتادا بەر لەوەی بڵاوەی شوێنەکانی تر بکەن هێشتا بە ڕوونی دەستنیشان نەکراوە و ڕا و بووچوونی جیاوازی لەسەرە، بەڵام ئەو ڕایەی کە زۆربەی توێژینەرانی زمان و مێژوو بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە ئەوەیە کە ئەم هۆزانە لە شوێنەکانی سەرەوەی دەریای خەزەر و باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەش ژیاون. گۆیا ئەم کۆمەلە خەڵکانە بە یەک زمان و یان بە چەند شێوەزمانێک کە زۆر لە یەک نزیک بوون دواون.

بۆچوونێکی تر لەسەر ئەم بابەتە ئەوەیە کە ناوەندی سەرەکی هۆزەکانی هیندوئوروپی  باکووری مێزوپوتامیا و ناوچەی ئەنادۆڵ بووە.

لێکۆڵەران وای بۆ دەچن کە ئەم هۆزانە لە دەوروبەری چوارهەزار ساڵ بەر لە زاین دەستیان داوەتە کۆچ کردن. ئەم کۆچە تێکڕایی و لەیەک کاتدا نەبووە بەڵکوو بەرەبەرە ولەکاتگەلی جیاوازدا ڕوویداوە و ماوەی چەند هەزارساڵێکی خایاندووە. هۆکارەکانی ئەم کۆچکردنانەش چی بوون بیروڕای جیاواز هەیە. هێندێک لەو زانایانە دەیگێڕنەوە بۆ هۆکاری سروشتی و کەم بوونی دەرفەتی ئابووری. هێندێکی دیکەشیان شەڕ و جەنگ بە هۆکاری سەرەکی دەزانن . بەڵام لە ڕاستیدا خۆدی شەڕ و جەنگییش هەر لەبەر کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دێتە ئاراوە.

ئەم باسانەی سەرەوە ناکرێ وەک باسێکی سەلمێندراو و ڕاستییەکی تەواو چاو لێ بکری، بەڵکوو دەبێ وەکوو بۆچوونێک و باسێکی کراوە سەیر بکرێت کە بێگۆمان بە پێشکەوتنی زانست و تێکنۆلۆژی، دەرفەتی ئەوە پەیدا بووە ودەشێت لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕووناکی زیاتر بخرێتە سەر ئەم بابەتە و گۆڕان لە بۆچوونەکاندا پێک بێنێ.

لێرەدا دەبێ ئەم ڕاستییە لە بەرچاو بگێردریت کە لەو سەردەمانەدا نە تەنیا واتاکانی وڵات و مەرز و دەستەڵات لە گەڵ ئێستادا زۆر جیاوازیی هەبووە، بگرە لە

زۆر شوێن و لە نێو زۆر هۆز و نەتەوەشدا ئەم وشەگەلە هەر نەبـوون. هۆزەکـان بە شێوەی کۆچەر و نیوەکۆچەر بە دوای پەز و بزن و گاڕانـدا لەم دوڵ بـۆ ئەودوڵ، لەم یـاڵ بــۆ ئەو یــاڵ وەیــلان بــوون. لەم شــوێنانەدا کە ئێســتا کوردســتانە، هــۆزە جۆربەجۆرەکــانی وەک لۆلــۆبی، گــۆتی، میتــانی ومانناییەکــان کە دواجــار وەک نەتەوەی کـورد ناوبانگیـان دەرکـرد، لە گەڵ هۆزەکـانی تـری وەکـوو سـۆمەرەکان، ئیلامییەکان، ئەکەدییەکان، ئەرمەنەکان و ئاشوورییەکان پێکەوە دەژیان.

بەشیک لەو تیرە و هۆزانە کە لانیکەم لە شەش هەزارساڵ بەر لە ئێستاوە لەسەر خاکی کوردستاندا ژیاون لە لایەن توێژینەرانی مێژووەوە ناسراونەتەوە. هەر چەنـد ڕوون و ئاشکرایە کە کوردەکان لە هیچ شوێنیکی تروە نەهـاتوون و هەر ڕۆڵەی ئەو تیرە و هۆزانەن، بەلام تا ئێستا نەتـوانراوە بە بەڵگەیەکـی زانسـتی قـایم پەیوەنـدیی ڕاسـتەوخۆی نەتەوەی کـورد لەگەڵ ئەو هـۆزانەدا بسـەڵمێندرێت. بـۆیە دەکـرێ لە ڕێگای بەراوردکاری زمانەوانی و پێشـاندانی نزیکـایەتی و خزمـایەتی زمـانی کـوردی لەگەڵ زمـانی دانیشـتووانی دێرینـی کوردسـتاندا ئەم ڕاسـتییە ڕوون بکـرێتەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەنگاوێکە بەم ئاراستەیەدا.

خوێنــدن و نووســین لەســەر دەســتی ســۆمەرەکانەوە داهــات، یەکەمــین نووسراوەکانی سۆمەری لە دەوروبەری ساڵەکانی ٣٢٠٠ پ.ز بـۆ تۆمـارکردنی کـار و بــاری ئــابووری و کــارگێڕی بەکــار هــاتووە. ئەمە وای کــرد کە زمــانی ســۆمەری پێشبکەوێت و ببێ بە زوانی میری بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکان لە هەمـو ناوچەکـانی مێزوپۆتامیـدا. بەڵام ئەم زمـانە وردە وردە کەوتە بەر کـاریگەری زوانـی ئەکەدی کە زمانێک لە ڕەگەزی سامی بـوو ئەویـش لەبەر هـاتنی ژمـارەیەکی زۆر لە هۆزەکـانی ســامی بـۆ نـاوچەکە، کە لە ئاکامــدا بــووە بە هــۆی تــوانەوەی (ئاسیمێلاســیونی) سۆمەرەکان، تا وای لێ هات لە دەوروبەری ساڵانی ١٧٠٠ پ.ز ئیـتر سـۆمەری وەک زمانی ئاخاوتن لە برەو کەوت و تەنیـا وەک زمـانێکی وێژەیـی و میـری لە نووسـیندا

کەڵکی لێ وەردەگیرا[51] و توانی هەر بەم شێوەیە تا ساڵانی ١٠٠ پ.ز بمێنێتەوە. خوێندن و نووسین لەو سەردەمەدا هونەرێکی زۆر بەرز و بەنرخ بوو. هەر کەسێ بۆی نەبوو کە خۆی فێری ئەم هونەرە بکا خوێندن و نووسین تایبەتی چینی سەردەست بوو و تەنیا کوڕانی میران و بەگزادەکان دەرفەتیان بۆ دەڕەخسا، بۆیە لە کوردی و فارسیدا هەتا ٥٠ ساڵ لەمەوبەر هەرکەس کە خوێندن و نووسینی زانیبای پێیان دەگۆت میرزا واتا میرزادە.

نەتەوەکانی تری میزوپۆتامی هەر چەند زمانی تایبەتی خۆیانیان هەبوو کە لەوانەیە لە زوانی سۆمەریش پاراوتر بووبێ، بەڵام لەو سەردەمەدا خەت و نووسینی تایبەت بە خۆیانیان نەبوو. هەر بۆیەش بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانیان دوو ڕێگایان لە بەردەمدا مابوو یان چەند کەسێک لە نێو چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگا خۆیانیان فێری زمان و خەت ونووسینی سۆمەری دەکرد و یان ناچار دەبوون لە میرزایەکی سۆمەری کەڵک وەربگرن بە شێوەیەک کە بە یارمەتی وەرگێڕێک وتارەکەیان بۆ میرزای سۆمەری دەگیڕایەوە ئەویش هەر بە سۆمەری دەینووسییەوە. کە واتا لە هەر بارێکدا نووسراوەکان هەر بە سۆمەری و دواجار کە زمانی سۆمەری بەرەو کزی ڕۆیشت بە ئەکەدی دەنووسرانەوە. ئەمە کێشەیەکی گەورەی دروست کردوە لە بەردەم توێژینەران بۆ ناسینەوەی زمانی ڕاستەقینەی خاوەنی نووسراوەکانی ئەو سەردەمە. بۆیە لە دۆخێکی ئاوادا تەنیا دەکرێ پشت بە چەند وشەیەک یان بە چەند ناوێک ببەسترێت بو ناسینەوەی زمانەکە. بۆ نموونە دەکرێ چاو لەم دەقەی خوارەوەی مینەواس پادشای خالدیان (کە یەکێک لە پێکهاتەکانی هوری بوون) بکرێت کە لە ساڵانی ١٩٧٣- ١٩٧٥ زایینی لەگەڵ چەند تابلۆیێکی تردا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوزراوەتەوە[52]، نووسراوەکە وەهایە:

خالدینی ئوشماشینی خوداوەندی بە توانا خالدی

[51] http://www.ling.helsinki.fi/~asahala/asahala_sumerian_and_pie.pdf

[52] لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، ل.پ ١٩١. د- جەمال ڕەشید ئەحمەد.

| | |
|---|---|
| مینەوانی ئیشپوینی خی | مینەوا کوڕی ئیشپوینی |
| لوگال دان نو لوگال ئەلسولینی | پادشای بەتوانا پادشای مەزن |
| لوگال کوڕ بیانیا ئوی | پادشای وەلاتی بیانیا |
| ئەلوسی ئورو تۆشپەئی ئورو | دادپەروەری شاری تۆشپە |
| مینووا شیئینی | مینە وا کردی |
| تەمەنیلی تیشیونی | ئەم کانییە |

لێرەدا کاریگەری زمانی سۆمەری لە وشەگەلیکدا وەک لوگال (پادشا)، کوڕ(وڵات) و ئـور (شـار) دەبینـین. بیگومـان ئەم نـووسراوەیە هـی خالـدییەکانە کە یەکـێ لە پێکهاتەکانی هۆزەکانی "هوری/ خۆری"ن. بەلام تەنیا چەند وشەیەک دەمینیتەوە کە بکرێت پەیوەندیی زمانی ئەم نووسراوەیە بە زمانی هۆزەکـانی "هـوری"یەوە پیشـان بدات.

## دانیشتووانی کۆنی وڵاتی کوردەواری

تۆژینەران و مێژوونووسان توانیویانە ناوی زۆر لەو هۆزانە کە هەر لە مێـژەوە لە وڵاتـی کوردسـتاندا نیشـتەجێبوون ڕوون بـکەنەوە. ئەم ڕوون کـردنەوانەش بەهـۆی دۆزینەوە و خوێندنەوەی ئەو تۆمارە گڵی و بەردینانن کە بەشێکی زۆریـان هـی ئەو پادشایانن کە لە دوای شەڕەکانیان بۆ تۆمـارکردنی هەتاهەتـایی سـەرکەوتنەکانیان و بەخودا هەڵگوتن و ستایشی ئـازایەتی خۆیـان لە پـاش خۆیـان بەجێیـان هێشـتووە. لێرەدا ناوی ژمارەیەک لەم هۆزانە دێنین:

**سوباری:** یەکێک لە کۆنترین دانیشتوانی نـاوچەکەن. نـاوی ئەم هـۆزە، سـو یـان سـوبار بـووە. بە شـوێنی نیشتەجێبوونیشـیان وتـووە سـوبارتوو. "تـوو" پاشـگرێکی

جوغرافی سۆمەریە.  لە نێوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پ.ز. یەکێ لە پاشایانی سۆمەری بە نێوی" لۆگال- ئانی- موندو" پاشای شاری "ئادەب" ناویانی هێناوە و شوێنەکەیانی دەستنیشانکردووە ، لە ڕاستیدا دیاریکردنی سنووری جوغرافی سوبارتوو کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەو دەستەواژەیە بۆ ناوچەی جێاجیا هاتووە. هەر لە کەرکووک و شارەزورەوە بگرە تا دەگاتە سەرەوەی خابور. هۆکاری سەرەکیشی دەکرێ لەوەدا بێ کە هۆزێکی کۆچەر بووبێتن. لە ناو ئەو تابلۆانە کە لە نۆزیدا دۆزراونەتەوە، نزیکەی ٧٥٤ ناوی کەسیەتی کە تا ئێستاش بە تەواوەتی لە هیچ گروپێکی ئتنێکی ناسراودا ڕێزبەند نەکراون[53] هاتووە، کە لە لایەن هەندێک لە زانایانی بواری زمانە کۆنەکانەوە بە سوباری ناوبراون. ژمارەیەک لەم ناوانە دوو بڕگەی کوتایی ناوەکان دووبارە دەبنەوە، وەک :

Abubu, Ababa, Ititi, Belili, Akhukhu, Akhakha[54].

ئەگەر بڕوانینە ناوی "باوە گوڕ گوڕ"ی ئێستا لە نزیکی کەرکووک دەبینین ناوەکە بەهەمانشێوە بڕگەکانی کوتایی دووبارە دەبنەوە، بەو پێیە دوور نیە کە بۆ ئەو شێوە ناوەی ئەو سەردەمە بگەڕێتەوە[55].

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە ئایا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان وشەی زێیاری کە ناوی یەکێک لە گەورەترین هۆزەکانی کوردە لە دەوروبەری نەینەوا لە گەڵ وشەی سوباری هەیە یان نا، چونکە گۆڕینی دەنگی پیتی "س" بۆ "ز" لە کوردیدا شتێکی نامۆ نییە وەک سیم یان سیو بۆ زیو، سوڕنا، بۆ زوڕنا، سوقم بۆ زوقم، خواس بۆ خواز، سک بۆ زک بەڵام وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە بەڵگەی مێژوویی هەیە.

---

[53] 3 Gelb, Others, Nuzi Personal Names, P.5

[54] Ahmed , The Northern Transtigris, P.20.

[55] مێژووی کۆنی کەرکوک لە ڕۆشنایی دەقەکانی نۆزی دا، کامەران کوێخا جەلال، هەولێر- ٢٠٠٧، ل.پ. ٤٥




وێنەی ژمارە ٣، شوێنی نیشتەجێبوونی هۆز و نەتەوەکانی جۆراوجۆر لە مێزوپۆتامیادا[56]

**گۆتی:** یەکێکی تر لە هۆزەکانی کۆنی دانیشتووی کوردستان گۆتییەکان بوون، ئەم هۆزە بە دریژایی خاکی کوردستان هەر لە باشووری ئورارتووەوە هەتا ڕووباری سیروان لە هاتووچوودا بوون بۆیە ناویان لە زۆر شوێنی کوردستاندا هاتووە. بۆ یەکەمین جار لە لایەن " لۆگال- ئانی- موندو" پاشای سۆمەری شاری " ئادەب" لە نێوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پ.ز. ناویان لێ براوە. سارگۆن ناوی گۆتییەکانی لەگەڵ ناوی هۆزە گەورەکانی تری ئەو سەردەمە وەک لۆلۆبی، ئەرمەنو و ئەکەد لە باکوور هێناوە. گۆتییەکان توانییان دەستەڵاتی خۆیان لە بەشێکی زۆر لە کوردستاندا دامەزرینن و تەنانەت توانیشیان وڵاتی ئەکەد داگیر بکەن و بۆ ماوەی نزیک بە ١٠٠ساڵ لە نیوان ٢٢١٥پ.ز- ٢١٢٠پ.ز فەرمانڕەوایەتی ئەکەد بکەن. یەکێ لە پاشایانی گۆتی بە ناوی ئەڕیدوپیزیر(Erridopizir ) لە نووسراوەیەکی سەر

56 http://3.bp.blogspot.com/-9iwMFxSFiYc/UAVkiNKuQ7I/AAAAAAAAB7Q/N770D9SgTmE/s1600/Akkad+empire.jpg

بەردا لە شاری نیپور لە وڵاتی سۆمەر ئاوا خۆی ئەناسێنێ "پاشای گۆتیوم پاشای هەر چوارگۆشەکە" مەبەستی چووارگۆشەی گیتیە. لە سەردەمی کورەشی هەخامەنشیدا یەکێ لە سەرداره بەناوبانگەکانی بە ناوی گۆبارۆ فەرمانداری مەڵبەندی گۆتیوم بووە. بەپێی بۆچوونی زانایانی بواری مێژوو لەوانە هەنری هۆیلە هۆووۆرتە (١٩٠١)، تئۆفیلئوس پینچەس (١٩٠٨) ، ئیگناس گەڵب (١٩٤٤) و دیرێنەناس (ئارکۆلۆگ ) لئونارد ووڵوی (١٩٢٩) ڕەنگی پێست و دەموچاوی گۆتییەکان سپی و قژیان کاڵ بووە[57] لێکۆڵینەوەکەی "ستروڤی" پسپۆری ڕوسی لەسەر گەلانی کۆن گرینگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە توانیویەتی نێوی کەسی سەدان دیلی ئوردوگاکانی سۆمەر و ئەکەد کۆ بکاتەوە کە لە وڵاتی کوردەواری و لە چیاکانی زاگرۆسدا گیراون بڕوانە بۆ:

V.V. Struve. Lager Voennoplenniykh jenshchi V Shumer Konsta III Tisysyacheletiya Do n.e Vestnik Drevney Istorii, 1952,No3.

لە یەکێ لەو نووسراوانەدا سۆمەرییەکان دەڵێن نرخی دیلی گۆتی باشتر بووە لە دیلەکانی دیکە چونکە هەر وەکوو سپایزر دەڵێ زۆربەیان پێستیان سپی و چاویان شین بووە[58].

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە کە لەسەر ناوی پادشاکانی گۆتی کراوە ژمارەیەکی زۆر لە مێژووناسان و زمانەوانان وەک Howorth[59]، Jansen[60] و Honingman[61] لەو باوەڕەدان کە زمانی گۆتییەکان پەیوەندیی هەیە لە گەڵ زمانە هیندوئوروپییەکانەوە، هەروەها گۆتییەکان وەک باب و باپیری کوردانی ئەمڕۆ

---

[57] Henry Hoyle Hoolley, Theophilus Pinches, Ignace Gelb, Leonard Woolley
[58] E. Speiser, Mesopotamian Origins, Philadelphia 1930, p 104,
لیکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، ل.پ١٠٣-١٠٤، د.جەمال ڕەشید ئەحمەد
[59] Howorth 1901: The Early History of Babylonia, Henry H, Howorth.
[60] Jensen 1996: History of turkish Occupation of Northern Kurdistan.
[61] Honigman 2003: Just Imagine… By Gerald A. Hnigman, Israel Hasbara Committee leaflet, 27 April 2003

دەژمێرن. لەسەر پەیوەندیی زمانی کوردی بە زمانی گۆتییەکانەوە، Eric Jensen[62] دەنووسە لە پاش ساڵەکانی ٨٠٠ پ.ز. بە هاتنی هۆزەکانی ماد بەرەو چیاکانی زاگرۆس و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ گۆتییەکان، زمانەکانیشیان کە لەیەک نزیک بوو، تێکەڵاو بوون تا وای لێ هات کە بەتەوای لەناو یەکدا توانەوە. هەر چەندە ئەم بۆچوونە لە ڕاستییەوە زۆر نزیکە بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستاش نەتوانراوە بە بەڵگەی باوڕپێکراو ئەم ڕاستییە بسەلمێندرێت. بەڵام لە هەر بارێکدا کە بێ، هیچێک لەم ڕاستییە ناگۆڕێت کە گۆتییەکان یەکێ لە پێکهاتە سەرەکییەکانی نەتەوەی کوردن.

**لۆلۆبی:** یەکێکی تر لە هۆزە دێرینەکانی کوردستانن، ناوەندی سەرەکی لۆلۆبییەکان ناوچەی شارەزور بووە بەلام بەگشتیی لە ناوچەکانی کەرکووکی ئێستا، سلێمانی، سنە و کرماشان و ئیلام نیشتەجێبوون. لەسەر ناوەکەیان ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە، ژمارەیەک لە لێکۆڵەرانی مێژوو پێیان وایە کە ئەم ناوە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان نییە بەڵکوو ناوێکە کە هاوسێیەکان و دوژمنەکانیان واتا سۆمەرەکان و ئەکەدەکان لە سەریانیان داناوە. لەم بارەوە دیاکۆنۆڤ پێ وایە لۆلۆ واتای دوژمنی کێوی و یان بیانی دەدات[63]. بەپێی بۆچوونی د. فراین کە لەسەر نووسراوە دێرینەکانی ئەکەدی کە لە گاسوور دوزرانەتەوە لێکۆڵینەوەی کردوە پێی وایە کە ئەم ناوە لە ناوی یەکێک لە شارەکانی لۆلوبیان وەرگیراوە کە ئەویش شارێک بووە بە ناوی" لۆلۆبان"، کە بە هەمان شاری "هەڵەبجەی" ئێستای دەزانێ[64]. لە هەزارە یەکەمی پ.ز.وە ئیتر ئەو شوێنەی کە لۆلۆبیان تێدا نیشتەجێبوون بە وڵاتی زاموا ناسراوە.

---

[62]http://www.swartzentrover.com/cotor/bible/timelines/Babylon/Gutium.htm

[63] Urartian * Lulu [ine] (Diakonoff och Kashkai, 1979, s. 52.) Betecknar "fiende av bergen, utlänning, främling"? Under tiden för kung Argishti (ca 786-764 f.Kr. se Klengel 1965, s 370).

[64] D. R. Frayne, The Early Dynastic List of Geographical Names, AOS 74, New Haven, 1992, sid 61

- ئیمماشـکۆ (Immashku)[65]، نـاوی یەکـێ لە پادشـایانی لۆلـۆبییە، کە لە نێـو بەڵگەنامەکانی "بۆغازکوێ"دا هاتووە. ئەم ناوە لەیەکچـوونی هەیە لەگەڵ ناوەکـانی مادیدا، پاشگری "ۆ" تایبەتە بە زمانی مادی و هەروەها بە زمـانی کـوردی شـێوەزاری کرمانجییەوە وەک مەزداکۆ، دیاکۆ، یان شاکنۆ (شای بچووک).

- لە ناوچەی سەرپێلی زەهاو کە کەوتووەتە لای کرماشانەوە ئانوبـانینی پادشـای **"لۆلۆبوم"** نووسراوەیەکی لەسەر کێـوی پـاتیر هەڵکەنـدوە[66]، نـاوەرۆکەکەی وەهـایە "ئانوبانینی وێنەی خۆی بەرانبەر خوداوەندی عیشتار لەسەر کێوی پادیر کێشاوە"[67].



وێنەی ژمارە ٤، ئانوبانینی پادشای لۆلۆبیان[68]

[65] Ran. Zadok, country of a people who probably originated in southern Kurdistan; the form of the name is identical in both Sumerian and Akkadian, namely Lulubi and Lulubum respectively. (2005-12-23)

[66] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.١٣٦.
[67] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.١٣٦-١٣٧.

**- بەپێـی نووسراوەکـانی دیـاکۆنۆڤ لە کتێبـی مێـژووی مـاد، ل.پ. ١٣٧دا، شـێوەی جلـوبەرگی لۆلۆبییەکـان هەمـان جلـوبەرگی ماننـایی و مادەکـان بـووە. بەڵام "ئانوبـانینی" خـۆی جلـوبەرگی ئەکەدی لەبەردایە. هەروەهـا لەو نـۆ کەسـەی کە دیلـن و لە پەیـکەرەکەی ئانوبانینیـدا دەردەکەون هەشت کەسیان کـڵاوی سـۆمەری و ئەکەدییـان لەسـەردایە و دیلی نۆیەمیش کڵاوێکی لە سەرە کە لە شێوەی "تـاج"ە کە هـی مادەکـان بووە و دواجار پارسەکان لەوانەوە وەریان گرتووە.[69]**

لێرەدا دەبێ باسی ئەوەش بکرێت کە هێشتا ڕوون نەبووەتەوە کە ئایا ئانوبانینی بۆ خۆی لۆلۆبی بووە یـان ئەکەدی، هەر چەنـد نـاوەکەی تـێکەڵاوێکە لە "ئـان" کە خـودای ئاسـمانی سـۆمەرییەکانە و وشـەی بـانینی کە ئەکەدیە و واتـای ئـافرینەر (خالق) دەگەینێ. بەڵام هەبوونی ئەم ناوە بەم شێوەیە، تەنیا دەتـوانێ بیروبـاوەڕی ئایینی ئانوبـانینی پێشـان بـدات نەک پەیوەنـدیی نەژادی و ڕەچەڵەکـی، بـۆ نموونە گەلێک لە پاشایانی کۆنی کورد و فارس و تورک ناوەکانیان عەرەبی بوون کە چـی بـۆ خۆیان عەرەب نەبوون. لەسەر ئەم بابەتە د.جەمال ڕەشـید، لێکـۆڵەر و مێژوونـووس لە کتێبەکەی خویـدا بە نێـو لێکـۆڵینەوەیەکی زمـانەوانی دەربـارەی مێـژووی وڵاتـی کـوردەواری ئـاوای نووسـێووە[70]: "لەم پـارچە نـووسراوەی سـەرپێڵی زهـاودا دیـار دەکەوێت کە وا بێجگە لە بڵاوبوونەوەی ئاینزای سـۆمەری و ئەکەدی لەم ناوچـانەدا ناوی کەسیەتی وەکوو ئانوبانینی بەڵگەیەکە بـۆ پەیوەنـدی نـاوی خـودای سـۆمەری "ئان" کە خـودای ئاسـمانە لەگەڵ پاشـگری ئەکەدی "و"، بـێجگە لە وشـەی "بـانینی" ئەکەدی کە لە عەرەبـی ئەمـڕۆدا واتـای (الخـالق) دەگـرێتەوە. بەم جـۆرە نـاوەکە تیکەلاوێکـی ئەکەدی و سـۆمەرییە کە چـی لە کـاتێکی درەنگـتردا هەمـان واتـا بە جۆریکی تر لەم ناوچانەدا پەیدا دەبێتەوە وەکوو میترادات کە پاشان دەبێتە مهـرداد

---

[68] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.١٣٧.

[69] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.١٣٨.

[70] لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، ل.پ .١٣٧، د- جەمال ڕەشید ئەحمەد.

و له کوردی ئەمڕۆدا بووەتە میهرزاد و میرزا یان بە جۆریکی تر وەکو خـودادات، کە بە عەرەبی (عطـاءالله) و بە تـورکی (الـلە وێـردی) و بە سـڵافی بۆگـدان بەرامـبەری هەن. لە پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناو کوردەواریدا مـرۆڤ وەکـو دیلێکـی (عبـد)ی خـودا دەنـاسرا لەبەر ئەمە پـاش سـەدەی هەشـت و نـۆ لە کوردیـدا نـاوی تـایبەتی وا پەیـدا بـوو، کە پەیوەنـدی بەم بیروبـاوەڕەوە هەبـوو وەکـو عبـدالله، عبدالرحیم، عبدالرحمان و هتد".

لەسەر شێوازی زمانی گوتییەکان و لۆلۆبییەکان بەڵگەی ڕوون بە دەسـتەوە نیـیە، تەنانت ئەگەریش پەیوەسـتبوونی نەژادی ئەوان بە کـوردانەوە بەسـەلمێندرێت بەڵام هێشتا شـێوەی زمانەکەیـان نادیـار و ناڕۆشـنە. چەنـد ئامـاژەیەک هەن کە دەتـوانێ نیشاندەری نزیکایەتی لۆلۆبییەکان لەگەڵماننابییەکان و مادەکان (کوردەکان) بێـت، لەوانە:

- لە سەدەی بیست و سییەمی پ.ز. لە نووسراوەکەی "نارام- سوئنا"[71] کە لە نەوەکانی سارگۆن بوو، بۆ یەکەمین جـار نـاوی لۆلۆبییەکـان هـاتووە بەم جۆرە: "**سیدور [کە] کوێستانییەکانی [ئەوانەی کە لە کوێستاندا بـوون] "لۆلۆ بوم"ی کۆ کردەوە"**. هەروەها لە نووسراوە بەردیـنەکەی "ئانوبـانینی" لە چیای پاتیر لە سەرپیڵی زەهاو ئاوا نـووسراوە **" ئانوبـانینی پادشـای لۆلـۆ بوم ..."**

لەم دوو نوسراوەدا وشـەی "بـوم" هـاتووە. بـوم وشـەیەکی کـوردییە کە واتـای وڵات یـان سـەرزەوی (کێشـوەر) دەدات. (وەک: بـومەلەرزە، مەرز و بوم، بەر وبوم و...).

- یەکـێ لەو وشـەگەلە کە ڕوون بـووتەوە سـەدی سـەد لۆلـۆبییە بەم شێوەیە:

[71] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگیڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ. ١٣٥.

**ki-ú-ru-um = ilu "God"[72] (Akkadian)**

**کەی- ئـو- رو- ئـوم" کە بەرامـبەرەکەی لە ئەکەدیـدا " ئیلـو"ە کە واتـای خـودا دەگەینــی.** ئەم وشــەیە ئەگەر بێتــو بەراورد بکــرێ لەگەڵ زمــانی کــوردی کۆنــدا نزیکـایەتی پێـی هەسـت دەکـرێ، چـونکە ئەم وشـەیە لێکـدراوە، وشـەی "کەی" لە کوردیـدا واتـای گەورە و مەزن وسـەرۆک دەگەینـی وەک کەی کـاووس، کەی قوبـاد، کەی خەسرەو. بەشی دووەمی وشەکە" ئورو" بە واتای خـودایە کە بەرانـبەرەکەی لە کوردی کۆندا هور(خور) و دواجار "ئاهورایە"، و وشـەی ئـوم لەوانەیە یـان جێنـاوی لکـاو و یـا پاشــگرێک بـێ. کە دەکـرێ ئـاوا لێکبـدرێتەوە "کەی- ئـۆرا- م / کەی- ئۆهورام" واتا خودای گەورە یان خودای گەورەم، (ئەمە تەنیا گومانیکە = نووسەر).

## ناوی ژمارەیەک لە شوێنەکانی سەردەمی گۆتییەکان و لۆلۆبییەکان

**شاری گاسوور:** یەکـێ لە کـۆنترین وشـەکانی کـوردی کە لە نـووسراوە کۆنەکانـدا تۆمار کراوە "گاسوور"ە. ئەم ناوە شوێنێکە لە نزیکـی کەرکـووک کە نـاوەکەی ئێسـتا گۆڕاوە بۆ یورغان تەپە "YorghanTepe" کە کەوتووەتە ١٣ ک.م. باشـووری ڕۆژاوای کەرکـووکەوە[73]. پاشـماوەکانی شـاری نـۆزی لەژێـر گردێکـی بە بەراورد ٢٠٠ لە ٢٠٠ مەتری چوارگۆشەدایە کە نـزیکەی ١٥مەتـر بە سـەر دەوروبەرەکەیـدا بەرزە. شـاری گاسـوور (نـۆزی) لە سـەردەمی کۆنـدا گەشـەیەکی زۆری سـەندبووبووە ناوەنـدێکی گرینگی هەرێمەکە و ناوی لە دەقەکانی ئەو سەردەمەدا هاتووە و پێ دەچێت هەر لە هەزارەی سـێیەمی پ. ز.دا بە گاسـوور نـاسرا بووبێـت. یەکەمـین جـار لە تـابلۆە

[72] Frank, "Fremdsprachliche Glossen i assyrischen Lyssna und Vokabularen," 1928-1929, sid 42.

[73] Starr, R.,: report on the Excavation at Yorghan Tepa Near Kirkuk, Iraq Conducted by Harvard University in Conjunction with the American Schools of Oriental Research and the university Museum of Philadelphia (1927-1931), Nuzi, Vol., 1 (Texts), (Chicago: 1939), P.XXIX

گڵینەکانی "ئیبلا"دا[74] ناوی گاسوور براوە کە بە شێوەی ئیبلایی "گا- سو- لو- کەی، Ga- su-lu- ki " و لە ڕێنووسە ئەکەدییەکەی " گا- سور- کەی" تۆمار کراوە[75]. لە دەقەکانی ئاشووری کۆندا لە سەدەکانی ٢٣-٢٢ پ.ز ئەم ناوە وەک " گاسورا Ga-sura هاتووە"[76]. خۆرییەکان/ هورییەکان لە سەدەی ١٨ی پ.زدا ناوی گاسووریان گۆڕیووە بۆ نوزی. زۆرترین پاشماوەی ئەکەدی لەم ناوچانەدا لە گاسووردا دۆزراونەتەوە، لەوانە نزیکەی ٢٢٢ سواڵک (تابلۆی گڵی) کە بە زمانی ئەکەدین[77]. فەرمانڕەوایەکی کۆنی ئاشووری بە ناوی "ئیتیتی کوڕی ئیاکولابا " لە نەخشێکدا باس لە بردنی دەستکەوت لە گاسوورەوە بۆ خواوەند" ئینینی" لە ئاشوور کردووە[78].

ئەم ناوە واتا گاسوور بێگومان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە، ناوی لەم چەشنە هەر ئێستاش لە کوردستاندا کەم نییە بۆ وێنە گوندەکانی " گاسوور" لە ناوچەی دالاهوو لە کرماشان[79] گاگل لە مەریوان، "گاسوار" و "گاوان" لە ئیلام، "گاوشان" لە سنە و لە کرماشان،" گاوبەندە، "گاوگل" و"گامەرە" لە کرماشان.

**بەپێی بۆچوونی د.جەمال ڕەشید[80] بڕگەی یەکەم "گا" هەمان وشەی گای کوردییە و"سوور"یش واتای ڕەنگی سوور دەدا کە پێکەوە واتای گای سوور دەگەینی کە ئەمەش لەگەڵ ژیانی ئەو سەردەمە و سروشتی ئاژەڵداری ناوچەکەدا دەگونجێ.**

---

[74] ناوی نوێیەکەی" تل ماردیخ" ە دەکەوێتە باشووری حەلەب لە سوریا، لە ساڵی ١٩٧٨دا لە لایەن ئیتالییەکانەوە پشکنینی تیدا کراوە و نزیکەی ١٦ هەزار تابلۆی قوڕی تێدا دوزراوەتەوە بڕوانە، مێژووی کۆنی کەرکوک لە روشنایی دەقەکانی نۆزی، ل.پ.٣٥، کامەران کوێخا جەلال ٢٠٠٧.

[75] " Ga-sur- ki" Astour, Michael C.: Semites and Hurrians in Northern Transtigris, P.7

[76] Poebel, A., "The Assyrian King List from Khorsabad", JNES, Vol.1, 1942, (Chicago: 1942) P.256.

[77] Jawad. The Advent of the era, p.90.

[78] 6 Poebel, The Assyrian King list from Khorsabad, P.256.

[79] بروانە فەرهەنگی باشوو، عەباسی جەلێلیان، هەولیر ٢٠٠٥، ل.پ. ٥٥٤، هەر وەها ویکیپیدیای فارسی، روستاهای شهرستان دالاهو.

[80] دراسات کوردیە فی بلاد سوبارتو، بەغداد ١٩٨٤ ل.پ ٢٨.

**لار**[81]: به وتەی دیـاکۆنۆڤ "لار" وشـەیەکی لۆلـۆبییە کە واتـای کێـو دەدات. ئەم وشەیە لە ناوی شاری **کەلار** و هەر وەهـا کێـوی **کـۆلار** (لە نزیکـی قەڵاچـوارلان)، بە دی دەکرێت.

**"کین/ گین/کینگی"**[82]: بە بـڕوای دیـاکۆنۆف ئەمەش هەر وشـەیەکی لۆلـۆبییە بە واتای دژ، قەڵا، یان شوینی نیشتەجێبوون هاتووە.

**کی نی پا**[83]: شێوەی لۆلۆبی ناوی کێوی پیرە مەگرونە لای سلێمانی.

هەروەها د.جەمال ڕەشید ناوی ژمارەیەک لە گوندەکانی دەوروبەری پێنجـوێن و مەریـوانی هێنـاوە کە نێوەکانیـان دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەردەمی لۆلۆبییەکـان، دەقـی نـووسراوەکەی ئـاوایە:[84] "گەر بە شـوێنی نـاوی ئەو گونـدانەی ئەمـڕۆی دەوروبەری شاری پێنجوێن وەک گوندەکانی **سەلەسی، مەسۆ، کێلـو، ولەسـم، نژمـار** و هـی دی بکەویـن وا هەسـت دەکەیـن کە لە ولاتـی لۆلۆبیانـدا دەژیـن، کوتـایی نـاوی دێـی سەلەسی وەکو کوتایی ناوی شارانی لۆلـۆبی، (بوناسـی، ئاراسـی، باراهسـی) وایە، کە عەداد نیراری ئاشووری لە ساڵی ٨٠٢ پ.ز. باسـی کـردوون هەمـان بـاس بـۆ وشـەی نـاوی **نژمـار** دەوترێـت و لەسـەر کێشـی [لەسـەر هەوای= نووسـەر] نـاوی شـارانی لۆلـۆبی (خارخـار، و هاشـمار) دارێـژراون کە کەوتـوونەتە نـاوچەی دەربەنـدیخانی ئەمڕۆ. ناوی گوندی **"نولو"** کە کەوتـووەتە نێزیـک گونـدی (دەرەتفـێ) لە مەریـوان بەری ڕۆژهەڵاتی پێنجوێن ئەوە پێشان دەدا کە وا دانیشتووانی لۆلۆبی بوون".

لێـرەدا جێگـای خـۆیەتی کە نـاوی چەنـد گونـدێکی تـریش هەر لە مەڵبەنـدی مەریوان کە سەر بە هەمان کۆمەڵە ناون (واتا نـاوی لۆلـۆبی) بخـرێتە سـەری وەک:

---

[81] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، پەراوێزەکان ل.پ.٦١٨.
هەروەها لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، د.جەمال ڕەشید ١٩٨٨ بەغداد. ل.پ.١٣٨.

[82] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.پ. ٢٨٨.

[83] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، پەراوێزەکان ل.پ.٢٠٠.

[84] لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، د.جەمال ڕەشید١٩٨٨ بەغداد. ل.پ ١٥٣.

**گوندەکانی بێلوو ، بەیێلە، نژمار، سەر نژمار، سەلەسی، سەلەسی خواروو، نشکاش (لەسەرهەوای ناوی شارانی توکریش، سیماش، کیماش، کە کەوتووبوونە ناوچەی ئاراپخا)[85]، نێ، نێزڵ، نەنە، نەچێ، ول، ولە ژیر، وێڵە، وەرۆ، کەڕەسی، و کۆماسی کە ناوی ناوچە و هەروەها هۆزێکە لە کەلاتەرزان لە نێوان سنە و مەریوان.**

" بەگشتیی چەند جۆرە ناوێک لەمانە بە پاشگری (- ک، - ر، - س، - ن) لە ناوچەی زاموادا بەرچاو کەوتووە وەکوو زنجیرە شاخەکانی سیمەکی کە ئەمڕۆ بە سوماقە نێوداره، هەروەها چیای ئەزیرو کە "ئەزمر"ی ئەمڕۆیە. بە هەمان جۆر چیای لەلەر و کۆلار، با- تیرو، ڕووباری ئید- یر و شارەکانی زەم- ری و با- ری، وڵاتی لارە و دەربەندی هەشمار و شاری ئوزی، بابیت، بوناسی، میسو، ئەرزیزو هەروەها هودون و چیای سوەنی و ڕووباری ڕەدانو لە وڵاتی هەڵمەندا (حلوان، ئەلوەن)دا، و ئەو شارەی وڵاتی زاموا کە بە "ئەتلیلە" ناوبانگی دەرکردبوو و دژی ئاشوور ناسربال شەڕێکی بەرپا کردبوو و پاشان نێویان گۆری بە "دور- ئاشوور". لە نامەیەکی پادشای میتانی (ساوشەتار)دا کە بۆ فەرمانڕەوای ئەراپخای (کەرکووکی کۆن) ناردبوو نێوی ئەم شارە بە شێوەی "ئەتلیلە" تۆمارکردبوو[86]. بەلام وا دیارە ناوی ڕووباری سیروان (دیالە) کە لەو سەردەمەدا "تورنات" بووە ئێستا گۆڕاوە بە تانجەڕوو" کە لقێکی ئەو ڕووبارەیە و ئەم جۆرە نێوە لە زمانی هوریدا دیاردەکەوێت[87]. هەروەها چیاکانی هەورامان بە شێوەی "نیش- پی" ناسراوە و ناوی هەردو زێ وا دیارە دەگەرێتەوە بۆ ئەو زمانە ناوچەییە کە بە لۆلۆبی دەنگی داوەتەوە و بە شێوەی "زە- ب" و پاشگرێکی ئەو زمانەی "ان" هاتووتە سەر و بووتە "زەبان"*. بەپێی بیرو وباوری سپایزەر نێوی پادشایانی ئاشوور لە سەدەی هەژدەهەم

---

[85] E. A.Speiser. Mesopotamian. Orig. The Basic Population of the Near East P. 44

[86] Speiser E. A. Mes. Orig. P. 91, 100

[87] هەمان سەر چاوە ل.پ ٩٥.

و نـوزدەهمی پـێش زاێینـدا، ئەداسـی، لـوبەی، بەزەی و لـولای دەبێـت لە بنەڕەتـدا لۆلۆبی بووبێتن"[88].

* [لێرەدا باشە کە ئاماژە بەوە بکرێت، کە "ان"ی پاش وشەکانی سیروان و زەبـان، پاشگر نین وەک ئەوەی کە د.ج. ڕەشید نووسیویەتی بەڵکوو نیشانەی "کـۆ"یە کە بە ئەگەرێکی زۆر لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا ئەم گـۆڕانە ڕووی داوە و ئەم نیشـانەیە کەوتـووەتە پـاش وشـەکان. لەبەر ئەوەی کە دوو "زەب/ زاب" هەیە، زابـی گەورە و زابی بچووک بۆیە شێوازی کۆکراوی ئەوانە بووەتە "زەبان/ زابـان". هەروەهـا وشـەی "سیروان"یش لە ڕاستیدا "سێ- ڕوو- ان"ە، واتا سێ ڕووبار= نووسەر].

# بەشی دووەم

## پادشایەتی میتانی

لە هەزارەی سـێیەمی پ.ز. هەتـا نیوەڕاسـتی هەزارەی یەکەمـی پ.ز کۆمەڵێـک هـۆزی جۆراوجـۆر لە بـاکووری مێزوپۆتامیـدا هەر لە کەرکـووک و هەولێـرەوە هەتـا سـەرەوەی گـۆلی وان و ئەرمەنسـتانی ئێسـتا نیشـتەجێبوون کە بە "هـوری یـان خـۆری دەناسران". سترابون جوغرافیناسی بەناوبانگی یونـانی کـۆن گـۆمی ورمێـی بە دریـاچەی (مـاتیینی) نێـو دەبـات، ئەویـش لەبەر ئەوەی ئەو ناوچـانەی کە لە ڕۆژاوایەتـی وڵاتـی ماتیینی بووە[89]. ئەو هۆزانە بە چەندین زمان و شێوەزاری جیا لە یەک دەدوان، کە هەتـا ئێستاکە دوو زوان لەم زمانانە ناسراونەتەوە:

---

[88] لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری لە نووسینی د.جەمال ڕەشید١٩٨٨ بەغداد. ل.پ ٢٩٤-٢٩٥.

[89] سترابون کتیبی ١١، بەشی ٨.

- یەکێکیان زمانی هوریە کە هیچ پەیوەندییەکی نە بە زمانە هیندوئوروپییەکانەوە بووە و نە بە زوانە سامییەکانەوە، و نەش بە زمانە ناسراوەکانی سەردەمی کۆن وەک ئیلامی یان سۆمەری.
- ئەوی دیکەش زوانی میتانییە کە وەک کوردی سەر بە خێزانی زمانی هیندوئوروپییە و نزیکایەتییەکی زۆری هەیە لەگەڵ زمانی سانسکریتیدا.

**لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە دەستەواژەی خۆری یان هوری چەمکێکی ئایینی و نێونانێکی گشتییە بۆ ئەو هۆزانە کە ئایینێکی هاوبەشیان هەبووە. "وشەی هوری نیشانەیەکە بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە وڵاتی زۆزان (کوێستان/سوبارتوو )دا ژیاون و خەلکەکە باوەڕیان بە خوداوەندێکی مەزن هەبووە و نێشانەکەی کەوانەی ئەو هەتاوە بووە، کە بە هەر دوو باڵە ئاوەڵەکانی لە ئاسماندایە"[90].**

مۆرێکی سەردەمی شوتارنا پادشای میتانی دۆزراوەتەوە، خۆرێکی باڵدارە کە هێمای پادشایانی میتانی بووە، لە تەنیشت ئەم مۆرەدا بە خەتی بزماری ئاوای لێ نووسراوە: "شوتارنای کوڕی کیرتا پادشای میتانی".[91]



**وێنەی ژمارە ٥، خۆرێ باڵدار هێمای پادشایانی میتانی**

---

[90] لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری لە نووسینی د.جەمال ڕەشید١٩٨٨ بەغداد ل.پ ١٨٦-١٨٧.

[91] تاریخ اساطیری تطبیقی ایران باستان ، جلد پنجم، ل.پ ١١٠، جواد مفرد کهلان، سوئد سال ٢٠٠٨.
http://www.ketabfarsi.org/ketabkhaneh/ketabkhani_4/ketab4739/ketab4739.pdf

له هەزارەی دووەمـی پـیش زاییـندا بە تـایبەتی لە نێـوەی دووەمیـدا پادشـایەتی میتانی ناوبانگێکی جیهـانی پەیـدا کردبـوو، چـونکە نـزیکەی سـەدەیەک مەڵبەنـدی سـەرکردایەتی لە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا بەدەسـتەوە گرتبـوو. بەپێـی قسـەکانی ئەبایوف مێژوونووسی ڕوسـی[92]، میتانییەکـان لە نێـوەی دووەمـی هەزارەی سـێیەمی پ.ز. نیشـتمانی خۆیـان بەجێهێشـتووە، هەروا ئەبـایوف وای بـۆ دەچێـت کە وا ئەو هـۆزە ئارییـانە لە دوای هاتنیـان لە ڕۆژهەڵاتـی ئوروپـاوە[93] بە ڕێگـای قەفقاسـەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوایش لێرەوە کۆچەکانیـان هەر بەردەوام بـووە بەرەو هیند. لە نێو تێکستەکانی ئەکەدیان و هیتیاندا ئەو ڕووداوە لە هەزارەی دووی پێش زایین پێشان دراوە[94].

لە کۆتاییەکانی هەزارە سێیەم و سەرەتاکانی هەزارەی دووەمی پ.ز. بەشێک لە هۆزە ئارییەکان هـاتن بـۆ سـەرەوەی مێزوپۆتامیـا (کوردسـتانی ئێسـتا) کە لە بـاری نەژاد، زمان، فەرهەنگ و ئـایینەوە سـەر بە نەژادی هینـدی- ئـاری بـوون و هەمـان خوداوەنـدانیان دەپەرەسـتی کە هۆزەکـانی تـری هینـدی- ئـاری لە شـوێنەکانی تـر دەیانپەرەسـتی، لە ئەنجامـدا بـووە هـۆی زۆربـوونی ژمـارەی دانیشـتووانی هێنـدو- ئێرانیی زمان لە ناوچەکەدا.

**ژمـارەی خوداوەنـدانی هـۆزە ئارییەکـان لەو سـەردەمەدا گەلێـک بـوون لەوانە ڤارونـا (ئـاهورا) کە خوداوەنـدی یاسـا و خـوو و ڕەوشـت چـاکی بـوو. ئینـدرا کە خوداوەندێکی زۆر بەهێز بووە، خوداوەندی جنسی و جەنگ بـوو، هەر وەهـا زۆر حەزی لە خواردنەوەی مەی (سۆما/هۆم) بووە. میترا خوداوەندی خۆر و هەروەهـا خوداوەنـدی پەیـمان و ڕێککەوتـن، و نەسـەتیە/ ناسـاتیا (ناهیتـا یـا ئاناهیتـا، کە پەرەستگاکەی لە کوردستان لە شـاری کەنگـاوەردایە) خوداوەنـدی پـارێزەری ئـاو و خوداوەندی پیت/ فرەپیتی (بەرەکەت) بوو.**

---

[92] موسکۆ ١٩٧٢، ل.پ. ٢١ ڕۆژهەڵات و جیهانی کۆن، ئەبایوف.

[93] هرتسفیلد، سەرچاوەی پێشوو ل.پ.١.

[94] Phillp Vandenbeog. Nefertete. een archeologishe biografie

نێـوی ئەم خودایـانە لە تێکسـتی ئەو پەیماننـامەیە کە لە نێـوان شـوپیلولیومای پاشای هیتیان و کورتی وازە/ماتیوازە/شاتیوازەی پاشای میتانیاندا مۆرکراوە هاتوون[95].

لە لایەکی دیکەوە لە دوای نیشـتەجێبوونی ئەم هـۆزانە بە چەنـد سـەدەیەک و تێکەڵبوونیـان لە گەڵ هۆزەکـانی بنەجـێ ئەوێ، بـوو بە هـۆی پێـک هـاتنی تێکەڵاوییەکی ئایینی و کولتوری لە نێوانیاندا وخوداوەندانی دیکەی هوریش دواجـار بوون بە خودایـانی میتـانیش، ئەم خودایـانە  بریتـی بـوون لە: ١- کومـاربی (بـاوکی خوداوەنـدان) ٢- تیشـوپ (خوداوەنـدی ئاووهەوا/بـاو و بـاران). ٣-هیپا/خیپا/خەپـا (هاوسەری تیشوپ) ٤- کوشوخ ٥- شاوشـکا (خوداوەنـدی خوشەویسـتی و جەنـگ) کە خوداوەندی عشتاری هووریانە ٦- شیری ٧- شـوالا ٨- کورووی ٩- تیلا ١٠- تیرووی.

**سـەرەنجام لە ناوەڕاسـتی هەزارەی دووەمـی پ.ز. میتانییەکـان توانیـان فەرمـانڕەوایەتی تەوای ئەو نـاوچەگەلە کە ئەمـڕۆ چـوار پـارچەی کوردسـتانی پـێ دەگوترێـت بـخەنە ژێـر دەسـتی خۆیـان و بـبن بە سـەرکردەی یەکـێ لە سـێ ئیمپراتوریەکانی ئەو سەردەمەی گیتی کە ئەویش بریتی بوون لە "هیتـی، میتـانی و میسری". بەم جورە خوداوەندانی" هینـدی- ئـاری"ش چـوونە پـاڵ خوداوەنـدانی تری خۆرییەکان (هورییەکان) و وای لێهات کە هـۆزە جۆربەجۆرەکـانی نیشـتەجێی کوردسـتان بە نەژاد و زمـانی جۆراوجـۆرەوە بەڵام لە بـن ئـایینێکی هـاوبەش و خودایانێکی هاوبەشدا و لە ژێر سەرکردایەتی میتانیاندا وڵات و پاشایەتی "خـۆری- میتانیان" پێک هێنا.**

پایتەختی میتانییەکان شاری واشۆکانی بوو کە هێشتا نەدۆزراوەتەوە بەڵام گشت زانیارییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە نزیک و یـان لەسـەر شـوێنی ئەو شـارەیە کە ئەمـڕۆکە سـەرێکانی پـێ دەڵـێن لە ڕۆژاوای کوردسـتان. میتانییەکـان بە ئەڕابە جەنگییەکانیانەوە ناوبانگیان دەرکردبوو، دروسـتکردنی چەرخـی ئەڕابە بەم شـێوەیە (بڕوانە بۆ وێـنەکەی خـوارەوە) لە داهێنـانی میتانییەکـان بـووە، پێشـتر سـۆمەرەکان

[95] http://www.heritageinstitute.com/zoroastrianism/ranghaya/mitanni.htm

چەرخـی ناوپڕیـان داهێنـابوو کە دیـارە زۆر قـورس و تەمـبەڵ بـوون و وەک ئەم چەرخانە سووک و گورجوگۆڵ نەبوون.



وێنەی ژمارە ٦، "نئو- هیتی" ئەڕابەی جەنگی، لە موزەی شارستانییەتەکانی ئەنادۆڵ، ئانکارا[96]



وێنەی ژمارە ٧، شوێنەواری یەکێ لە کۆشکەکانی میتانی لە تەل بەراک لە ڕۆژئاوی کوردستان

[96] http://worksofchivalry.com/tag/kikkuli/

مێژونووسان و لێکۆڵەرانی مێژووی میتانی ناوی پادشـایانی میتانیـان بە هێنـدێک جیاوازییەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کردووە:[97]

| | |
|---|---|
| Kirta (کیرتا ) | 1500 BC-1490 BC |
| Suttarna I (سوتتارنای یەکەم) | 1490 BC-1470 BC |
| Baratarna ( باراتارنا)[98] | 1470 BC-1450 BC |
| Parsatatar (پارساتاتار) | 1450 BC-1440 BC |
| Saustatar (ساوستاتار) | 1440 BC-1410 BC |
| Artatama (ئارتاتاما) | 1410 BC-1400 BC |
| Suttarna II (سوتتارنای دووەم) | 1400 BC-1385 BC |
| Artashumara (ئارتاسومارا) | 1385 BC-1380 BC |
| Tushratta (توسراتتا) | 1380 BC-1350 BC |
| Mattiwaze/Shattiwaza (ماتیوازە/شاتیوازە) | 1350 BC-1320 BC |
| Sattuara I (ساتتوارای یەکەم) | 1320 BC-1300 BC |
| Vasahasatta (ڤاساساتا) | 1300 BC-1280 BC |
| Sattuara II (ساتتوارای دووەم) | 1280 BC-1270 BC |

[97] http://www.historyfiles.co.uk/KingListsMiddEast/AnatoliaHurrianMitanni.htm

[98] لە کتێب و سایتەکانی تردا ئەم نێوە وەکو پاراتارنا نووسراوەتەوە، کە لەو دەچێ ئەمە ڕاستتر بێت

## پەیوەندییەکانی پاشایانی میتانی لەگەڵ فرعەونەکانی میسر

لە ساڵی ١٨٨٧دا لە ئەنجامی ئەو پشکنینەی کە لە "تل العمارنە" لە وڵاتی میسردا کرا توانرا لە شوێنەواری ئەو شارەی کە لە کۆندا بە "ئەخت ئاتون " دەناسرا، ژمارەیەک نزیک بە ٣٨٥ تابلۆی گڵی بدۆزرێتەوە. ئەم تابلۆیانە بە خەتی میخی بابلی نووسراون کە باسی پەیوەندییەکانی پادشایانی میسری لەوانە ئامنحوتبی سێیەم و ئامنحوتبی چوارەم (ئاخن ئاتون) لەگەڵ پاشایانی تری ئەو سەردەمە دەکا. بەپێی لێکۆڵینەوەی زانایان ١٢ تابلۆ لەم تابلۆانە نامەکانی پاشایانی میتانین لەوانە سوتتارنای کوڕی ئارتاتاما و توسراتتای کوڕی "سوتتارنا" بۆ فرعەونەکانی میسر.

پادشایانی میتانی پەیوەندیی دیپلۆماسی و هەروەها بە سێ پشت پەیوەندیی ژنخوازیشیان لەگەڵ فرعەونەکانی مێسردا هەبووە. ئەو تابلۆیانە کە لە (العمارانەدا) دۆزراونەتەوە ئەم بابەتە بەڕوونی ئەخاتە بەرچاو. یەکەمین جار لە کاتی فەرمانڕەوایی "ئارتاتاما"دا لە ساڵانی ١٤١٠ -١٤٠٠پ.ز.دا ئەم پەیوەندییە گەیشتە ئاستێکێ هەرە بەرز، کاتێ تحوتمسی چوارەم خوازگینی کچی ئارتاتامای کرد بۆ ئەوەی ببێتە خێزانی وشاژنی وڵاتەکەی، بەرهەمی ئەم ژنخواستنە ئامنحوتبی سێیەم فرعەونی میسر بوو[99]. ئامنحوتبی سێیەمیش کچی سوتتارنای خواست، واتا کچی خاڵی خۆی، بەپێی ناوەڕۆکی ئەم تابلۆانە سوتتارنا/شوتتارنا " گیلو خیپا/گیلو خەپا"ی کچی خۆی بۆ ئامنحوتبی سێیەمی ناردوە بۆ ئەوەی ببێتە خێزانی. لە ئەنجامدا ئاهەنگێکی گەورەی بۆ سازکراوە و هەواڵی ئەم ژنهێنانە لەسەر کۆمەڵێک تابلۆدا نووسراوەتەوە، لەم هەواڵانەدا دەڵێن **"ئەم شازادەیە لە ئاسیاوە ٣١٧ خاتوون و کارەکەری لەگەڵ خۆی هێناوەتە میسر."**، ئەمەش لە دەیەمین ساڵی فەرمانڕەوایی ئامنحوتبی سێیەمدا بووە. لە دوای مردنی سوتتارنا پاشای میتانی، توسراتتای کوڕی بوو بە پاشا. ئەویش "تادو خیپا/تادو خەپا"ی کچی خۆی بۆ ئامنحوتبی سێیەم ناردوە بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەری. بەڵام پاش چەند ساڵێک ئامنحوتبی سێیەم دەمرێ و تادو

---

[99] http://www.historyfiles.co.uk/KingListsMiddEast/AnatoliaHurrianMitanni.htm

خێپا شوو دەکا بە کورەکەی واتـا بە ئـامنحوتبی چـوارەم (ئـاخن ئـاتون). فانـدنبیرگ پسپۆڕ لە بواری مێژووی کۆنی میسردا دەڵێت: بە هوی ئاڵوگۆڕی نـامەی پاشـایانەوە کە لە (تـل العــمارنە) دوزراونەتەوە، بەتــایبەت ئەو نــامەگەلە کە توسراتتــا بــۆ ئامنحوتبی سێیەم و چوارەمی ناردوە، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە وا پاشای میتـانی داوای زێڕی لە فرعەونی میسر کردوە بـۆ ئەوەی کـچەکەی خـۆی "تـادو خیپـای" بـۆ بنێریت. هەرکە پاشای میتانی زێڕەکەی بە دەست گەیشتووە، شـازادەی بـۆ کۆشـکی فرعەونی میسر بەڕێ کردووە، هەروەها ئەم پسپۆڕە بە هەموو دڵنیـایەکەوە دەڵێـت تادۆخیپا هەر ئەو میرزادە میتـانییەیە کە لە میسـردا بە نێـوی **"نیفرتیتـی"** ناوبـانگی دەرکـرد. ئەمەش بەپێـی ئەو لێکـۆڵینەوانە کە زانایـانی بـابەتی میسرـ وەکـوو "سـیر فلیندرس پیتری" و "ئلیونورە بیل دی موت" کردویانە "[100].

ئەوەی کە بـۆ ئەم لێکـوڵینەوەی ئێـرە گـرینگە، نەک خـۆدی نـاوەڕۆکی نامەکـان بەڵکوو ئەو بابەت و ناوانەیە کە دەتوانێ تیشک بخاتە سەر زمانی میتانییەکان، بۆیە پێویستە لێرە باسی  دوو ناوی تریش بکەین کە لە نامەکەی توسراتتادا هاتووە.

**گیلیا**[101]: ئەمە ناوی نیرەری توسراتتـایە کە لە میسرـەوە نـامەکەی بـۆ هێنـاوە، لە نامەکەی توسراتتادا ئاوا ناوی لێ براوە: برام،  **گیلیای** نێرەرم نامەکەی تۆی بۆ هێنام.

**مانی**[102]: ناوی نێرەری فرعەونی میسر بووە بۆ لای توسراتتا کە ئەرکی ئەوەی پێی سپێردراوە کە شازادەی میتانی بۆ بگوێزێتەوە بۆ میسرـ لە نـامەکەدا ئـاوا نـاوی لـێ براوە: ئەو نێرەرەی کە برام ناردویەتە لام و نێوی **"مانی"**یە، هەمیسانەوە دەڵێ: ئەوا کچەکەی خۆم لەگەڵ **"مانی"**دا نارد.

[100] لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، د.جەمال ڕەشید١٩٨٨ بەغداد. ل.پ ٢٤٩.
[101] هەمان سەرچاوەی پێشوو
[102]ی پێشوو هەمان سەرچاوە



وێنەی ژمارە ٨، نامەکەی توسراتتا پادشای میتانی بۆ ئامنحوتبی سێەم لە تەل عمارنا، کە ئێستا لە موزەی بریتانیایە[103]

## زمانی میتانییەکان

لە ڕاستیدا زمانی میتانی لە سەدەی شانزدەهەمی پ.ز. ببووە زمانی فەرمی چینی دەستەڵاتدار و هەروەها دەولەتی میتانی، واتە زمانی فەرمی ئەو چینە دەستەڵاتدارە هیندوئوروپییە کە لە باکووری مێزوپۆتامیدا فەرمانڕەواییان کردووە. ئەنتوان مۆرتگات[104] دەڵێ کۆمەلانی گەلی هوری (خۆری) کەوتبوونە ژێر دەستەڵاتداریەتی چینێکی باڵا... ناونانی ئەو چینە بە ماریانی [جەنگاوەران و سوارچاکانی میتانی لەو سەردەمەدا "ماریانی" یان "ماریانو"یان پێ دەگۆترا] بۆ ناوێکی هیندی کۆن دەگەڕێتەوە، ئەمەش پەیوەندیی زمانەوانی میتانی بە

---

103 http://www.heritageinstitute.com/zoroastrianism/ranghaya/mitanni.htm (2013-02-21)

104 انطوان مورتگات، تاريخ الشرق القديم، دمشق ١٩٦٧ ل.پ٢٠٣

سانسکریتی و بنەڕەتـی هاوبەشـیيان لە گەڵ ئەو کەسـانەی کە لە بـاکووری هینـددا ژیاون نیشان دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا گیگر دەڵێ:[105]

نـاوی "خۆریـان / هوریـان" پەیوەنـدی بە نـاوی خـوەر (Hvar)، خـوای خـۆرەوە هەبووە. هەبوونی ئەم ناوە لە باکووری مێزوپۆتامیادا و بڵاوبوونەوەی وەک نـاوێکی ئایینی کە لە دوایشـدا بـوو بە نـاوێکی نەتەوەیـی بـۆ هەمـوو ئەو دانیشـتوانەی کە باوەڕیان بە خوای خۆر هەبوو وەک گۆتی، لۆلۆیی و کاسی و هی دی.

**ئەمەش گرینگی کـاریگەری ئـایین نیشـاندەدا کە چـۆن توانیـویەتی هۆزەکـانی جیاجیا بە شێوەزمانی جۆربەجۆرەوە لە ژێر ناوی "خۆری/ هوری"دا کۆ بکاتەوە.**

بە هۆی ئەو کۆمەڵە تابلۆی گلین، بەردین و چەرمـانە کە لە شـوێنە جیاجیاکانـدا دۆزراونەتەوە، زانیـارییەکی بـاش لەسـەر زمـانی میرنشـینی میتـانی کەوتـووەتە بەردەسـت. لەوانە لە هاتوسـا (بوغـازکۆی ) کە کـاتی خـۆی پـایتەختی هیتیـان بـوو نزیک بە دە هەزار تـابلۆی خشـتین (سواڵک/سـواڵەت) دۆزراوەنەتەوە کە زانیـاریی لەسەر ناوی پاشاکانی میتانی، ناوی خوداوەندەکانیان و هەروەها ناوی کەسی و زۆر بابەتی تر دەدات بەدەستەوە. لە نۆزی (گاسووری کۆن و یورغان تەپەی ئێستا)ش لە نزیکی شاری کەرکووک کە ناوەندێکی کـارگێڕی و بازرگـانی میتانییەکـان بـووە ٢٢٢ دانە تابلۆ دۆزراونەتەوە کە ناوی هەنـدێک لە بازرگانەکـانی دانیشـتووی ئەوێ تێـدا تۆمار کراوە.

**ئەو ناوانەی کە لەم تـابلۆانەدا تۆمـارکراوان نـاوی چەنـد کەسـێکی دانیشـتووی ئەوێن لەوانە: " ئەڵۆ نۆزی، کاکزی، تاشینیپوی، کونینادی، کوڕووخـانی، زۆمرترابـی، وازورانني، پیرود گالامی، و بوهیشینی"[106].**

[105] Geiger W. Ostirani Sche Kultur in Altertum. Erlangen 1882 p. 29

[106] لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری لە نووسینی د.جەمال ڕەشید١٩٨٨ بەغداد. ل.پ ٢١٣.

ئەگەر بەوردی چاو لەم نێوانە بکەین دەبینین کە ئەم نێوانە لانیکەم بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات نامۆ نین، هێندێک لەم ناوانە هێشتا هەر باون، بۆ وێنە "ئەڵۆ" هەمان "هەڵۆ"یە چونکە لە کرمانجیدا هەڵۆ بە شێوەی"ئەلە و ئەڵۆ" گۆ دەکرێ، ناوی هەڵۆ پێشترێش لە کوردستاندا هەبووە بۆ نموونە هەڵۆخان یەکێ لە میرەکانی ئەردەڵان بوو کە لە سەدەی شانزدەیەمی زایینیدا لە کوردستان فەرمانڕەوایی کردووە. ناوی کاکزی، ئەمەش وەک پاشناو لە کوردیدا هەیە. ناوی پیرود، ئێستاش لە شێوەی پیروت لە زۆر ناوچەدا بە تایبەت ناوچەی مۆکریان هەر باوە. ناوەکانی تر وەکو گالامی، کوڕووخانی، کونینادی و وازورانی هەموویان بە پاشگری "ی" کوتاییان پێ هاتووە. ئەمە پاشگرێکی باوی زمانی کوردییە و هەر لە کۆنەوە کەوتووەتە پاش ناوەکان و وەک پاشناو بەکار هاتووە بۆ نموونە: زەندی، کەلهوڕی، زێباری، مەنگوڕی، زازایی، بارزانی، تاڵەبانی، هەرکی، مۆکری، کۆلیایی، سنجاوی.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە لایەن سپایزەر، بورک و گادو لەسەر تێکستەکانی نوزی لێکۆڵینەوە کراوە. ژمارەیەک تابلۆ لە ناوچەکانی "ئورکیش و نامار"دا دۆزرانەوە کە بە لێکۆڵینەوە لەوانە توانرا تیشک بخرێتە سەر هەندێک لایەنی زمانی میتانی، کە لە ناوچەی ئاراپخا (کەرکووک) پێ دواون، لەو نووسراوانەدا نێوی کەسی بە زۆری تۆمار کراوە هەروەها هەمان شتیش لە ئەرشیفی هاتوسا (بوغازکوی)ی پایتەختی هیتیان/ حیتیان دەرکەوتووە کە هەمان کۆمەڵە ناوانە دەگرێتەوە[107].

## نووسراوەکەی کەیکولی

لە سەرەتای سەدەی نوزدەیەمدا لە پاش گەڕان و هەڵکۆڵینێکی زۆر لە هاتوسا (بوغازکوی- تورکیا) پایتەختی کۆنی هیتیان ژمارەیەکی زۆر تابلۆی گڵین (نزیک بە ١٠٠٠٠) کە بە زمانی هیتی بوون دۆزرایەوە. یەکێ لەو نووسراوانە کە بە خەتی

[107] لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری لە نووسینی د.جەمال ڕەشید١٩٨٨ بەغداد. ل.پ ٢١٤.

میخی و زمانی هیتی نـووسراوە لە نێـوان ساڵەکانی ١٩٠٦-١٩٠٧ زایینـی دوزرایەوە، ئەم نـووسراوەیە بە **نـووسراوەکەی کەیکـوڵی** ناوبـانگی دەرکـردووە، کە لە ڕاسـتیدا نـووسراوەیەکی ڕێنـوێنییە بـۆ پەروەردەکـردن و ڕاهێنـانی ئەسـپان بـۆ جەنـگ و بـۆ ڕاکێشـانی ئەڕابەی جەنگــی کە لەســەر چــوار تــابلۆی گڵــین و لە ١٠٨٠ دێــڕدا نووسراوەتەوە. مامۆستای پەروەردەکردنی ئەسپەکان کەسێکە بە نـاوی کەیکـوڵی کە خەڵکی وڵاتی میتانییە. نووسراوەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا:

**"ئاوا دەڵێ کەیکوڵی ڕاهێنەری ئەسپان لە وڵاتی میتانی"، دوایـی کەیکـوڵی زۆر بەوردی باسی چەندوچۆنی پێدانی خۆراک بە ئەسپەکان و چۆنایەتی خاوێنکردنیـان و دواجاریش بەرنامەیەکی ڕێکوپێک بۆ مەشقپێکردنی ئەسپەکان دادەڕێژێ. ماوەی ڕاهێنانەکە ٢١٤ڕۆژە کە لە وەرزی پاییزەوە دەست پـێ دەکـات، کـاتی ڕاهێنـانەکە جیـاوازە هێنــدێ جــار بە شــەو و هێنــدێ جــاریش بە ڕۆژە، مەبەسـتی وایە کە ئەسپەکان وا باربێنێ کە بتوانن لە ڕۆژێکدا ١٥٠ کیلۆمەتر ڕێگا ببڕن. بەشـێکی زۆر لە مۆچیارییەکــانی کەیکــوڵی لەگەڵ ئەو شــێوە زانســتیانە کە ئەمــڕۆکە بــۆ پەروەردەکردن و مەشقپێکردنی ئەسپان بەکار دێن یەک دەگرێنەوە[108].**

لە سەرتابلۆکانی کەیکوڵی توێژینەوەی زۆر ورد و هەمە لایەنە کـراوە، زانایـانی زمانە کۆنەکانی مێزوپۆتـامی بە بەراوردکردنـی ئەم چـوار تـابلۆیە لەگەڵ یەکـتردا لە بــابەت ئەو ئەلفبێــیە کە بەکارهــاتووە، شــێوەی نووســینیان، و هەروەهــا زمــانی نووسینەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە هێندێک لەم تابلۆانە ڕەسەن (ئورژینـال) نین بەڵکوو کـۆپی کـراون. تـابلۆ رەسـەنەکان لە سـەدەی ١٥ پ.ز. نـووسراون بەڵام کۆپییەکـان لە سـەدەکانی ١٤ و ١٣ پ. ز نـووسراونەتەوە، لە دەقە کۆپیەکانـدا ئەو وشەگەلەی کە "هیتی" نـین لـێ سـڕاونەتەوە. هەروەهـا بەپێـی ئەم لێکـۆڵینەوانە وا دەردەکەوێ کە وتەکانی کەیکوڵی لە لایەن کەسانی ترەوە نووسراونەتەوە کە ئاسـتی زانسـتیان لە نووسـین و هەروەهـا لە زمـانی "هیتـی"دا لە یەک جیـاواز بـووە، بە

[108] Ola Wikander. http://www.spraktidningen.se (2012-04-25)

جۆرێک کە "میرزای ( نووسەری) تابلۆی یەکەم شارەزاییەکی تەواوی هەبووە لە زمانی هیتیدا، میرزای تابلۆی دووەم گۆڕان و هەڵەی زۆری کردوە هەم لە ڕێنووسەدا و هەمیش لە زماندا. تابلۆی سییەم لە لایەن کەسیکەوە نووسراوە کە شارەزاییەکی وای لە زمانی هیتیدا نەبووە. نووسەری تابلۆی چوارەمیش نە شارەزایی لە زمانی هیتیدا هەبووە و نەش ورد بووە لە نووسینەکەیدا"[109]. بۆیە هەر ئەم کەموکوڕیانە لە لایەکەوە و نەبوونی هێندێک دەستەواژەی تایبەت بۆ مەشقپێکردنی ئەسپان لە لایەکی ترەوە وای کردوە کە نووسەرەکان ناچار بوون لە وشە و دەستەواژەی زمانانی تر وەک سۆمەری، ئەکەدی، خۆری(هوری) و میتانی کەڵک وەربگرن. ئەو وشەگەلەی لە تێکستەکەدا کە میتانین ئەمانن[110]:

**Aika- wartanna**

بە واتای یەک خول/یەک گەڕ هاتووە، کە دەتوانرێت بوترێت ئەمە دەقاودەق یەک دەگرێتەوە لەگەڵ زمانی سانسکریتیدا کە دەبێتە "Eka- vartana".

بەر لەوەی پەیوەندیی ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ زمانی کوردیدا پیشان بدرێت، پێویستە باسی ئەمە بکرێت کە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا زمانی کوردی کەوتە بەر کاریگەری زمانی ئەشکانییەوە و هێندێ گۆڕان بەسەریدا هات یەکێک لەوانە گۆڕینی دەنگی "و" بوو بۆ "گ"، وەک وشەکانی "وەرک / وەرگ" بوو بە (گورگ)، " وەریس/ وەریسە" بوو بە (گۆریس)، هەر بەم شێوەیە "وتن" (گۆتن)، "ورز" (گورز). ئاڵوێر(ئاڵوگۆڕ)، ئاور(ئاگر)، پیشەوەر(پیشەگەر)، دادوەر، دادوەری (دادگەر، دادگەری)، ویشتاسپ (گۆشتاسپ).

"ئەم کاریگەریی و گۆڕانە لە هەموو شێوەزارەکانی کوردیدا وەک یەک نییە، لە شێوەزاری هەورامیدا کەمترین و لە شێوەزاری سۆرانیدا زۆرترین کاریگەری هەبووە، (خۆدی شێوەزاری سۆرانی دەرهاویشتە و ئەنجامی کاریگەری زمانی ئەشکانییە لە

---

[109] http://www.lrgaf.org/Peter_Raulwing_The_Kikkuli_Text_MasterFile_Dec_2009.pdf
[110] Ola Wikander. http://www.spraktidningen.se (2012-04-25).

سـەر زمـانی کـوردی یـان بەجـۆریکی تـر شـێوەزارەی سـۆرانی هەمـان شـێوەزاری کرمـانجییە کە کەوتـووەتە بەر کـاریگەری زمـانی ئەشـکانییەوە) بـڕوانە بـۆ کتێبـی ناسنامەی زمانی کوردی بەرگی سێیەم بەشـی هەفـتەم تایبەتمەنـدیەکانی شـێوەزاری سۆرانی و زمانی ئەشکانی".

**دەسـتەواژەی "Aika-war-tanna" لە سـێ بـڕگە پێـک هـاتووە، بەم شـێوەیە. بڕگەی یەکەم Aika هەمان وشەی "ئێک / ئێکا"یە لە کرمانجیـدا کە واتـای "یەک" دەدات. بـڕگەی دووەم war (وەڕ)، واتـای "خـول/ دەوور" دەدات. کە لە ڕاسـتیدا "وەڕ" هەمـان وشـەی "گەڕ"ی کـوردییە بە واتـای "خـول (دەوور)"[111] کە لە ژێـر کاریگەری زمانی ئەشکانیدا دەنگی "و" گۆڕدراوە بۆ "گ" کە ئێسـتا ئەم وشـەیە لە کوردیدا وەک " گەڕ" گـۆ دەکـرێ بـۆ نمـوونە دەڵـێن "گەڕ"ێـک هەڵـپەڕین یـان لە "گەڕ"ی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا، یان لە گەڕی یەکەمی یارییەکاندا. بڕگەی سێیەم tanna هەمـان وشـەی "تـانە/دانە"ی کـوردییە، ئەگەر بە زمـانی کـوردیی ئیسـتا بنووسرێتەوە ئاوای لێ دێت: "یەک- گەڕ-تانە ( یەک- دانە- گەڕ)"، واتای یەک دانە خول (خولێک).**

**Tri- wartanna**

لە سانسکریتیدا دەبێتە "Tri- vartana". وشەی تری/ ترا، هەمان وشەی "سێری" ئینگلیزییە. ئەم وشەیە لە کوردیدا کورت کـراوەتەوە، لە سـۆرانی و کرمانجیـدا تەنیـا بەشی یەکەمی وشەکە گـۆ دەکـرێ واتـا "سـێ" بەڵام لە شـێوازی هەورامیـدا بەشـی دووەمی وشەکە گۆ دەکرێ کە "یرێ/یەرێ"یە. واتـای ئەم وشـەیە بە کـوردی ئەمـڕۆ دەبیتە " سێ دانە گەڕ" واتا "سێ دانە خول".

**Panza- wartanna**

---

[111] هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی هەژار،ساڵی ١٣٦٩ تاران، ل.پ. ٧٢٥.

له سانسکریتیدا دەبێته "Panca-vartana". وەرگێڕانەکەی بە کوردی دەبێتە "پێج دانە گەڕ" واتا "پێنج دانە خول".

**Satta- wartanna**

له سانسکریتیدا دەبێته "Sapta-vartana". لە کوردیدا وشەی سەپتا گۆڕانی بە سەردا هاتووە و بووە بە هەپتا و دواجار هەفت. یەکێ لە جیاوازییە سەرەکیەکانی زوانی سانسکریتی لەگەڵ زمانە ئێرانییەکاندا گۆڕانی دەنگی پیتی "س"یە بۆ "ه"، وەک ئاسورا بووتە ئاهورا، سۆر بووە بە هۆر و دواجاریش بووە بە خۆر، ناسیتا بووە بە ناهیتا. هەر چەند لە کوردیدا هێندێک لە وشەکان بە هەردوو شێوازەکەی واتا هەم بە "ه" و هەمیش بە "س" هەر ماوەتەوە وەک " ئاهو/ئاسک" یان "هەروەها/ هەروەسا" یان "بێ سوودە/بێ هوودە". وەرگێڕانی ئەم دەستەواژەیە بە کوردی دەبێتە "هەفت دانە گەڕ".

**Na- wartanna**

لە کرمانجیدا "نۆ" وەک "نە" گۆ دەکرێ. لە سانسکریتیدا دەبێتە "Nava-vartana". وەرگێڕانەکەی بە کوردی دەبێتە "نۆ دانە گەڕ".

**Assussanni**

بە واتای ڕاهێنەری ئەسپان هاتووە. کە لە سانسکریتیدا دەبێتە "Asva-sani".

## پەیوەندیی نێوان زمانی کوردی و زمانی میتانی:

"پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان زمانی کوردی و زمانی میتانیدا هەیە، چونکە هەردووکیان سەر بە یەک خێزانی زمانین و هەردووکیان پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ زوانی سانسکریتیدا هەیە. لێرەدا لە ڕوی شرۆڤەکارییەوە پەیوەندیی هێندێک لەم وشەگەلە لەگەڵ زمانی کوردیدا نیشان دەدرێت، ئەم وشە و ناوانە لە

سـەرچاوەگەلی بـاوەڕپێکراوی جۆربەجـۆردا دەرهێـنراوە، کە سـەرچاوکانیان دیـاری کراوە.

**"Bi-ir-ya-ma-as-da[112]" = بیریا- مەزدە / بیریا- مەژدە**

تا ئێسـتا شروڤەیەکـی ڕاسـت بـۆ ئەم وشـەیە نەکـراوە، ئەم وشـەیە لە شـێوەی " بێریا_مەزدە یان بێریا- مژدە" هاتووە، کە لە دوو بڕگە پیک دێت، بڕگەی یەکەم بیریا لەچاوگی وشەی بردن (سۆرانی)/ برن (کرمانجی)، و بڕگەی دووەم "مەزدە / مژدە"یە کە وشەیەکی کوردییە هەمان وشەی مزدە( مزگێنی) / مژدەی کـوردییە، کە پـێکەوە واتای "مژدە بەرە" دەگەینێ.

**"Bi-ir-ya-as-su-wa[113]" = بیریا- ئاسوا**

ئەم وشـەیە "بێریـا- ئەسـوا"یە، کە بـڕگەی یەکەم بیریـا لەچـاوگی وشـەی بـردن (سۆرانی)/ برن (کرمانجی)یە، "ئاسوا"یش واتای ئەسـپ دەدا، پـێکەوە واتـای ئەسـپا- بریـا / ئەسـپا- بـارا ودواتـر بە شـێوەی "ئەسـوارا"ی لـێ هـاتووە کە ئەمـڕۆکە وەک "سوارە" گۆ دەکرێ.

**"Ar-ta-as-su-ma-ra[114]"= ئارتا- سەمارا**

وشەکە دووبڕگەیە، ئارتا- سەمارا" ئارتا" وشـەیەکی کـۆنی کـوردییە واتـای پـاک و دادپەروەر دەدات. یەکێک لە پادشاکان یان مێرەکان ماد ناوی ئارتایس یان ئارتەکاس بوو، ئەم وشـەیە ئێسـتا وەک "ئەردە" لە کوردیـدا مـاوەتەوە لە شـێوەی نـاوی وەک ئەردەوان (پـاریزەری ڕاسـتی) و ئەردەشـێر کە لە "ئەرتـا شـاترا و دواجـار ئەرتە

---

[112] Michael Witzel (2001): Autochthonous Aryans ? The evidence from ancient Indian and Iranian texts. Electronic Journal of Vedic Studies 7 (3): 1-115

[113] هەمان سەرچاوە

[114] هەمان سەرچاوە

خشترا"وه هاتووه و واتای شای پاک و دادپەروەر دەدا. بڕگەی دووەم "سـەمارا"یە کە دەتوانی دوو واتا بگەیێنێ:

- یەکەم، لە سانسـکریتیدا کە زۆر لە زمـانی کـوردی و میتـانییەوە نـزیکە، وشـەی "سەمەران" واتای بیرکردنەوە دەدات، بڕوانە بۆ:

"Online Sanskrit Dictionary, sid 213, 2003 [115]"

سەمەرا ناوی بکەرە بۆ سەمەران کە وا بوو واتای بیـرکەر ئەدات. لە کوردیـدا ئەم شێوازە لە ناونان نموونەی زۆرە وەک "ئازا" (بە واتای خاوەن ورە)، ئارتا (دادپەروەر)، دارا (ئەو کەسەی کە هەیەتی)، تاما (بە واتای پـاڵەوان، خـاوەن زۆر)، زانـا، ئەسـوارا (سوارە) و... کە وابـوو " ئارتـا سـەمەرا" واتـای بیـرکەری پـاک (خـاوەنی بیـری پـاک) دەدات. وشـەی سـمەران ئێسـتاش لە کوردیـدا مـاوەتەوە لە شـێوەی نـاوی گونـدی سمەران لە نزیکی شاری سنە.

- دووەم، سەمەرا (سەمەرە) لە کوردیدا واتای "کەم وێنە یان بـی وێـنە" دەدات وەک لە دەستەواژەی "سەیەروسەمەرە"، کە وابوو ئارتا سەمەرا دەتوانێ واتای ئارتـای بـێ وێـنەش بـدات. بەڵام لەو سـەردەمەدا ناوەکـان زۆرجـاران مانـایەکی ئایینیـان گەیاندووە، بۆیە بە ئەگەری زۆرتر هەر واتای "خاوەنی بیری پاک" دەگەیێنێ.

**Ar-ta-ta-a-ma[116] = ئارتا- تاما**

"ئارتا- تاما" ناوی یەکێ لە پادشـاکانی میتـانییە لە نێـوان سـاڵەکانی ١٤١٠-١٤٠٠ پ.ز. ئەم ناوە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، ئارتـا کە واتـای "پـاک/ دادپەروەر" دەدا، لە کوردیدا ئێستا لە شێوەی ناوی ئەردەوان و ئەردەشـێر بە دی دەکـرێ، و "تامـا"ش کە

[115] Online Sanskrit Dictionary, sid 213, 2003"
http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf

[116] Michael Witzel (2001): Autochthonous Aryans ? The evidence from ancient Indian and Iranian texts. Electronic Journal of Vedic Studies 7 (3): 1-115

وشەیەکی کۆنی کوردییە واتای پاڵەوان دەدا، لە سەردەمە کۆنەکاندا وەکوو، تەهەم، تەهما و تەخما بەکار هاتووە. فیردەوسی لە "شاهنامە"دا ڕۆستەم وەک تەهمتەن ناو لێ دەبا کە واتای "تەن- پاڵەوان" دەگەینێ. هەروەها سەرۆکی هۆزی ئەسا گەردی مادی کە لە هەولێر لە بەرامبەر داریوشی هەخامەنشی شەڕی کرد و شکا و دواتر کوژرا ناوی چیترا- تەخما بوو. کە چیترا لە ئەوێستاییدا چەند واتایەک دەگەینێ لەوانە "ڕۆشنایی، چێهرە (دەمووچاو) و ڕەچەڵەک و تیرە"[117]. چیترا بە واتای چێهرە (دەمووچاو) ئێستاش لە کوردیدا هەر ماوەتەوە و وەک "چێتر (Çiter)"[118] گۆ دەکرێ. تەخمایش هەمان "تەهما یان تاما"یە کە بە واتای پاڵەوانە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆر بنەماڵە هەن کە ئیستاش پاشناویان "تاماسبی"یە (تهماسبی= فارسی)، کە لە ڕاستیدا "تەهما- ئەسپی"یە واتا ئەسپی پاڵەوان. یان ناوی ڕۆستەم پاڵەوانی ئەفسانەیی لە ڕاستیدا " رۆتس- تەهم"ە واتا ڕۆتسی پاڵەوان هەر ئیستایش لە نێو هێندێک لە هۆزەکانی کورد لە باکووری کوردستاندا ئەم ناوە هەر بە "ڕۆستەهم" گۆ دەکرێ. کە وابوو ئارتا- تاما هەمان "ئارتا- تەهما"یە کە واتای ئارتای پاڵەوان دەدا.

**Suttarna[119] = سوتتارنا**

"سووت- تارنا" ناوی پادشایەکی میتانییە لە نێوان ساڵەکانی ١٤٠٠-١٣٨٥ پ.ز. ئەم ناوە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەم "سووت/ سووتا" لە سانسکریتیدا واتای ئەو کەسە دەدات کە ئەڕابەی جەنگی دەهاژوێت[120]. بڕگەی دووەم" تارنا"یە کە لە سانسکریتیدا واتای تێکشکێنەر و ڕووخینەر دەدات، بڕوانە بۆ:

---

[117] http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/vedol-BF-X.html

[118] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ساڵی ٢٠٠٥ زایینی، ل.پ. ٢١١.

[119] http://www.historyfiles.co.uk/KingListsMiddEast/AnatoliaHurrianMitanni.htm

[120] http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf, sid 209

"Online Sanskrit Dictionary, sid 213, 2003[121]"

پێکەوە واتای خاوەنی ئەڕابەی تێکشکینەر/ ئەو کەسەی کە ئەڕابەی تێکشـکێنەر دەهاژوێت دەدات. (مێتانییەکـان بە ئەڕابەی جەنگییەکانیـانەوە بەناوبانـگ بـوون). وشـەی "تارنـا" پەیوەنـدی هەیە لەگەڵ وشـەی کـوردی "تارومـار"وە، تـار لە چـاوگی تاراندن و مار لە چاوگی مراندن (سۆرانی) یان مرن (کرمانجی)وە هاتووە. تـار ومـار واتای تێکشکاندن، دوورخستنەوە و مراندن دەدات.

**شاتی- ڤازە/شاتی- وازە = Shativaza[122]**

"شاتی- وازە" ناوی یەکێکی ترە لە پادشاکانی میتـانی لە نێـوان سـاڵەکانی ١٣٥٠- ١٣٢٠ پ.ز. ئەم ناوە دەستەواژەیەکی پەتی کوردییە، لە دووبڕگە پێک دێـت. بـڕگەی یەکەمی ئەم ناوە "شـاتی"یە کە ئێسـتا لە کوردیـدا بـووە بە "شـادی"، ئەم نـاوە هەر ئێستاش لە کوردیـدا بـاوە. لە تێکسـتەکانی کۆنیشـدا نـاوی شـادی لە شـێوەی" پیـر- شاتی"دا هاتووە، یەکێ لە سەرۆک هۆزەکانی ماد ناوی "پیرشاتی" بووە کە سـەرۆکی هۆزی گیزلبوندا بوو (مێژووی ماد دیـاکۆنۆڤ ل.پ.٢١١ ). هەروەهـا گومـان لەوەدا نییە کە نێوی وەزیری فەرەیدون پادشای مادیش "پیرشاد" بووە[123].

بـڕگەی دووەمـی ئەم نـاوە "وازە" وشـەیەکی ئاسـایی کـوردیی و هەروەهـا ئەوێستاییشـە، کە هەم وەک کـار لە شـێوەی "واس/ واز"[124] هـاتووە و هەم وەک پاشـگر لە کوردیـدا بەکـار دێـت. وشـەی "واز" هەم لە ئەوێسـتاییدا و هەمـیش لە کوردیدا ڕێک وەک یەکن و دوو واتا دەگەیینێ.

---

121 http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf

122 Michael Witzel (2001 ) : Autochthonous Aryans ? The evidence from ancient Indian and Iranian texts. Electronic Journal of Vedic Studies 7 (3): 1-115

123 لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری د.جەمال ڕەشید ١٩٨٨ بەغداد ل.پ. ٣١٥.

124 Avesta Dictionary by K.E. Kanga, (k 462) http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

یەکەم: بە واتای واز/واس، لە چاوگی "وازستن/وازتن" لە شێوەزارەکانی ئەوێستایی کوردیـــدا ( هەورامـــی، زازاکـــی، لەکـــی) کە بەرانـــبەرە لەگەڵ وشـــەی "خـــۆاز" لە شێوەزارەکانی گشتیی کوردیدا (کرمانجی، سۆرانی، باشووری). کە وابوو "شاتی- وازە" لە شـــێوەزارەکانی ئەوێســـتاییی کوردیـــدا بە واتـــای شـــادی- خـــۆازە" دێـــت لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا. وشەی **"وازە، واز/خوازە، خواز"** وەکوو پاشـگر لە زمـانی کوردیدا دەکەوێتە پاش ناوەکان و واتای جوربەجوریـان پـێ دەبەخشـێ بـۆ نمـوونە: "دۆست- واز/ دۆست- خواز"، "ئاشتی- واز/ ئاشتی- خواز"، "شەڕ- واز/ شەڕ- خواز"، "دڵ- واز/ دڵ- خواز"، "ژن- واز/ ژن- خـواز"، "پەنـا- واز/ پەنـا- خـواز"، ئـاوات- واز/ ئاوات- خواز"، "شادی- واز/شادی- خواز. لە ئەوێستاییشدا هەر وایە بۆ نموونە یەکێ لە پیرەکانی زەرەدەشـتی لە سـەردەمی کۆنـدا نـاوی "دینـا- وازە" [125] Daênâvazah [Daeno-vazah] بووە کە بە واتای "دین- خوازە" دێت.

دووەم: وشـەی "واز/وازە" هەم لە کوردیـدا و هەمـیش لە ئەوێسـتاییدا بە واتـای "فـڕین"[126] دێـت، بـۆ نمـوونە لە وشـەکانی "پەرواز و پەڕەوازە"دا کە واتـای فـڕین دەدات. لە ڕاستیدا پەڕە- وازە واتا بە هۆێ پەڕەوە فڕین دەدات. یان لە وشەی "باڵا- وازە"دا کە وەک دەڵـێن ئەو پەلەوەرە هێشـتا بـاڵەوازە نەبـووە، مەبەسـت ئەویە ناتوانێت بە باڵ بفریت. بەڵام ئەوەی کە لێرە زۆرتر بەڕاستییەوە نزیکە دەبێ هەمان مانای یەکەمەکەی بێت، واتا **شاتی- وازە بە مانای شادی- خوازە هاتووە.**

**Tushratta[127] = توس/ (توش) - ڕاتتا**

"توس- ڕاتتا" نـاوی یەکـی لە پادشا گەورەکـانی میتـانییە کە لە نێوان سـاڵەکانی ١٣٨٠-١٣٥٠ پ.ز. فەرمانڕەوایی کردوە. ئەم ناوە لە دوو بڕگە پێـک هـاتووە، بـڕگەی

[125] Avestan Personal and Family names (Based on C. Bartholomae, Altiranisches Wörterbuch, pg. 1983-88) http://www.avesta.org/znames.htm
[126] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, (k 462) http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm
[127] http://www.historyfiles.co.uk/KingListsMiddEast/AnatoliaHurrianMitanni.htm

یەکەمی "توس" کە ناوێکی کۆنی ئێرانییە (کوردی، فارسی...). بەپێی مێژووی کـورد و کوردستانی ئایەتۆڵای مەردۆخی کوردستانی[128]، یەکێ لە پادشاکانی زنجیرە پاشـایانی پێشدادی "توس نەوزەر" بووە واتا توسی کـوڕی نەوزەر. هەروەهـا لە نێـو پاشـایانی "ماد"یشدا کە ئەو بە زنجیرە پادشایانی کەیانی ناویـان لـێ دەبـات، بـاوەڕی وایە کە نـاوی ڕاسـتەقینەی دیـاکۆ "تـوس" بـووە واتـا توسـی کـوڕی فەریـبەرز (فەریبـورز). هەروەهـا ئەم زانیـارییەش نـابێ لە بیـر بچـێ کە پێشـتر بەر لە سـاڵەکانی١٩٦٠ لە نزیکی شاری سنەدا تەپەیەک هەبـوو کە نـاوی تەپەی "تـوس- نەوزەر" بـوو، کە لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی پەرەسەندنی شارەکەوە ئەم تەپەیە کەوتووەتە نێو شارەوە، گـۆایە "تـوس نەوزەر کـاتی خـۆی بـۆ مـاوەیەک ئەو شـوێنەی کردبـووە خێمەگـای خۆی"[129].

بڕگەی دوەمی وشەکە "ڕاتتـا" بە واتـای ئەڕابەی جەنگیـیە[130]، کە وابـوو پـێکەوە واتای توسی ئەڕابەدار یان توسی خاوەن ئەڕابە دەگەینێ. لەوانەیە وشەی" ڕەتان"[131] کە واتای ڕەتاندن و غاردانی ئەسپان دەدا لە کوردیدا پەیوەندییەکی لەگەڵ" ڕاتتـا"دا هەبێت. دەبێ ئەوش لە بیر نەکرێت کە زۆربەی ئەم ناوانە نەک نێـوی ڕاسـتەقینەی خۆیان بەڵکـوو نازنـاون کە پێیـان بخشـراوە (بـۆ نمـوونە ئـاخرین شـای ئێـران نێـوی موحەمەد ڕەزا پەهلەوی بوو کە چی نازناوی "ئاریا مێهر"ی بۆ خۆی هەلبژاردە بوو). ئەم نازناوانش یان پەیوەستن بە ئایینەوە و یان پەیوەستن بە هێز و پاڵەوانەتییەوە.

**Wassukanni /Washukanni[132] = واشۆکانی/ واسوکانی**

واسوکانی یان واشۆکانی نێوی پایتەختی میتانییەکان بـوو، نـاوێکی دوو بـڕگەییە لە شێوەی "واسو- کانی"، بـڕگەی یەکەم واسـو لە سانسـکریتیدا بە دوو واتـا هـاتووە

[128] مێژووی مەردوخ ل.پ ١٧١ چاپی سنە ساڵی ١٣٥١ هەتاوی / ١٩٧١زایینی.

[129] هەمان سەرچاوە سەرەوە.

[130] The Kikkuli Text. Peter RAULWING, sid 10

[131] بڕوانە هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٨، ل.پ ٣٥٦

[132] http://www.historyfiles.co.uk/KingListsMiddEast/AnatoliaHurrianMitanni.htm

هەم بە واتای "باش/چاک" و هەم بە واتای "چاکردنەوە (چاک کـردنەوە)"[133]. بـڕگەی دووەم وشەی "کانی"یە کە پێکەوە واتای کـانی بـاش و یـان کـانی چـاکەرەوە (کـانی شــەفا) دەدات. زۆربەی لێکۆڵینەوەکـان ئامــاژە بـۆ ئەوە دەکەن کە بە ئەگەری زۆر واسـوکانی هەر شـاری "سـەرێکانی"یە لە کوردسـتاندا کە ئێسـتاکە بـووتە دوو بەش، بەشـێکی سـەرێکانی بـن خەتـی پـێ دەڵـێن کە کەوتـووەتە ڕۆژاوای کوردسـتان ئەو بەشەکەشی سەرێکانی سەرخەتی پێ دەبێژن کە کەوتووەتە باکووری کوردستانەوە.

## Hipa/Khipa/Hepa = هیپا/خیپا/خەپا/هەپا

هەر وەکوو لەمەوبەر باس کرا "هیپا/خیپا/خەپا" ناوی یەکێ لە خودایانی هوری- میتانی بوو، خەپا هاوسەری تیشوب خوداوەندی با و بۆران بـووە، هەروەهـا وەکـوو شاژنی ئاسمانەکانیش دەناسرا[134]، بەلام هێز و توانای ئەم خواژنە (الهە) لە چیدا بووە باسی لێ نەکراوە. ناوی ئەم خواژنە کەوتووەتە پاش نـاوی شـازادەکانی میتـانی وەک تادو- خەپـا و هەروەهـا گیلـو- خەپـا ". ئەگەر لە نێـو زمـانی کوردیـدا بە دوای ئەم وشەیەدا بگەڕین لەوانەیە هێندێک زانیاریمان دەست بکەوێت. ناوی خەپا ئێسـتاش لە زمانی کوردیدا هەر ماوەتەوە و بۆ ستایشکردنی کچی جوان بەکار دێت، لە زمانی کوردیدا کچێکی جوانی سپیکەڵانەی، دەموچاو خڕی، کۆڵمەدار بە خەپێ یان خەپـان پێناسە دەکـرێ، ئەمە هەمـان وشـەی خیپـا یـان خەپـا خـواژنی هـوری- میتـانییە. لە ڕاستیدا شێوازی بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە کوردیدا ئیتر هیچ گومانێک لەم بارەیەوە ناهێلێتەوە. بۆ نموونە دەڵێن ئەو کچە خەپەیەکە بۆ خۆی، واتا خواژنێکی جوانییە بۆ خۆی، یان دەڵـێن فلانـی کچێکـی هەیە خەپەیەکە بـۆ خـۆی، واتـا کـچەکەی "خەپـا (الهە)" نییە بەڵام ئەویش خواژنێکی جوانییە بۆ خۆی ( ئەوێـش جـوانە وەک خەپـا). لێرەدا دەکرێت ئاوا بوترێت کە ئەگەر خیپا/خەپا هێمای شـۆخی و جـوانی و یـان بە

[133] Ancient Sanskrit Online, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/vedol-BF.html (2012-04-06)

[134] http://i-cias.com/e.o/hebat.htm ( 2012-09-10)

جۆرێکی دیکە ئەگەر هێمای خواژنی جوانی نەبوو بێـت، بەڵام ئێسـتا نـاوی "خەپـا/ خیپا" لە زمان و فەرهەنگی کوردیدا واتایەکی وای بەخۆیەوە گرتووە.

**میترا، ڤارونا، ئیندرا، ناساتیا = "Mitra, Varuna, Indra, Nasatya[135]"**

لە پەیماننامەیەکدا کە لە نێوان شوپیلولیوما "**Suppiluliuma**" پادشـای هیتـی و "شـاتی- وازە" (شـادی- خـۆازە) پادشـای میتـانی لە دەوروبەری سـاڵی ١٣٨٠ پ.ز. مۆرکرا، ناوی ئەم چوار خوداوەندە کە لە خودایانی کۆنی هینـدوئێرانین هـاتوون، وا دیارە کە بە ناوی ئەم خودایـانەوە سـوێندیان خـواردووە و پەیمانیـان بەسـتووە. ئەم خوداوەندانەش بریتین لە میترا، ئیندرا، ناساتیا و ڤارونا [ ڤارونا لە فەرهەنگـی کـۆنی ئێرانیـدا (کـوردی، فارسـی،...)دا نەنـاسراوەتەوە، ژمـارەیەک لە زانایـان پێیـان وایە کە دەبـێ هەر ئـاهورا بێـت]. "ناسـیتا"ش هەمـان ئاناهیتـایە چـونکە دەنگـی "س" لە سانسکریتیدا لە زمانە ئێرانییەکاندا زۆر جاران دەگۆردرێـت بـۆ "ە" چەشـنی "سـۆما" کە لە سانسـکریتیدا بە جـۆرە خۆشـاوێک دەڵـێن، ئەم وشـەیە لە ئەوێسـتاییدا وەک هۆمـا هـاتووە، ئاسـورا کە بـوووتە ئـاهورا و ناسـیتا کە بـووە بە ناهیتـا. وەک ڕوونە پەرستشگەی ناهیتا/ ئاناهیتا لە شارستانی "کەنگاوەر" لە مەڵبەندی کرماشاندایە.

**میترا = Mitra**

هەر وەکوو پێشتریش باسی لێ کـرا، میـترا یەکـێ لەو خودایـانە بـوو کە لە لایەن دانیشتووانی کۆنی کوردستان و بەتـایبەتی میتانیـان پەرەسـتراوە، میـترا خوداوەنـدی خۆر و هەروەها خوداوەندی پەیمان و ڕێککەوتن بوو. نێوی ئەم خودایە لە تێکستی ئەو پەیماننامەیە کە لە نێوان شوپیلولیومای "Suppiluliuma" پاشای هیتیان و کورتی وازە/ شـاتیوازەی پاشـای میتانیانـدا مـۆرکراوە هـاتووە. ئـایینی میترایـی دواجـار زۆر پەرەی سـتاند و تـوانی شارسـتانیەتی کـۆنی گیتـی هەر لە چیـنەوە هەتـا ئوروپـا بتەنێتەوە. بە تیپەڕبوونی دەم (کات) ناوی میترا گۆڕان بە سەریدا هات وەک "میهرا،

135 http://www.translationdirectory.com/articles/article2490.php

مهـر و میـر"ی لـێ هـات، کە لە دواییـدا زۆر وشـەی جۆراوجـۆری لـێ دارژا وەک مێهربان، مێهرگان، مێهرداد، مێهرزاد، میـر، میرمیـران. ( وشـەکانی "میـر" و "مهرگـان" کەوتوونەتە نێو زمانی عەرەبییەوە و وەک میهرەجان و ئەمیر گۆ دەکرێن).

هەر وەک باس کـرا میـترا هەم خـودای خـۆر بـوو و هەمـیش خـودای پەیـمان و ڕێککەوتـن. لێـرەدا بـا  بە هێنـانەوەی دوو نموونە هەبـوونی ئەم خـودایە لە ژیـانی ڕۆژانەی ئێستای خەڵکی کوردستاندا بخرێتە بەر چاو. هەتا ساڵەکانی پـێش ۱۹۷۰ لە گوندەکانی نێوان سنە و کرماشان سوێند خواردن بە خـۆر زۆر کـارێکی ئاسـایی بـوو، ئەو کەسـەی کە سـوێندی دەخـوارد ڕووی لە خـۆر دەکـرد دەسـتێکی بە ئاراسـتەی خۆردا بەرز دەکردەوە و ئەمجا بە ناوی هەتاو سـوێندی دەخـوارد. نموونەی دووەم، لەوانەیە درۆ نەبـی ئەگەر بگۆترێـت کە هەر تـاکێکی کـورد لانـیکەم یەک جـار لە ژیانیدا لەگەڵ میترادا پەیمانی بەستووە یان پەیمانی بە میـترا داوە، ئەویـش لە کـاتی مارەبڕین یان مارەکردنە (زواج)دا، کە لە کرمانجیدا هەر وەک "مێهرکرن" گۆ دەکرێ. خــودی ئەم وشــەیە لە"مێهــرا/ مێهــر"وە کە خــودای پەیــمان بــوو هــاتووە. لە سەردەمەکانی بـرەوی ئـایینی میترایـی و زەڕدەشـتیدا، بـووک و زاوایـان دەبـردن بـۆ هـورمزگە (مزگـت) و یـان دیواخانێـک، لەوێ ڕوویـان لە پەنـجەرەیەک دەکـرد کە تیشکی خۆری لێ دهاتە ژوور، ئەمجا لە بەرامبەر میترا / مێهر ( کە خـودای پەیـمان بوو) پەیمانی ژن و مێردیـان دەبەسـت، بەم پێـواژۆێ هاوسـەرگیرییە مێهربـڕان یـان مێهربەستنیان پێ گۆتووە. ئەم نەرێتە ئێستا نەماوە بەڵام دەستەواژەی مارەکردن یان مارە بڕین کە لە شێوازی کرمانجیدا "مێهرکرن"ی پێ دەبێژن هێشتا هەر مـاوەتەوە و یادگارێکی کۆنی ئەو سەردەمەیە.

هەر چەند ئایینی ئێزدی لە کوردستاندا زۆر کەوتووەتە بەر کاریگەری ئایینەکانی تـر بە تایبەتی ئایینی زەڕدەشتی و ئیسلام، بەڵام لە ڕاسـتیدا لە بنەڕەتـدا هەمـان ئـایینی میترایییە. (ئەمە بابەتێکی بەربڵاو و سەربەخۆیە کە جێگای لێکۆڵینەوەی زیاترە).

**Mani = مانی**

مانی ناوی نێـرەرەکەی فرعەونـی میسرـ بـوو کە نـاردبووی بـۆ لای توسراتتـا بـۆ خوازمەنـدی (خـوازگینی) تـادو- خیپـای کچـی. ئەم نـاوەش هەر نـاوێکی ئێـرانییە (کـوردی-فارسـی ...)، بـۆ نمـوونە "مـانی" نێـوی پەیـامبەرێکی ئێـرانییە کە لە نێـوان ساڵەکانی ٢١٦ - ٢٧٦ زاییندا ژیاوە. وا دیارە کە نێرەرەکەی فـرعەون خەڵکـی وڵاتـی میتانی (کوردستان) بووبێت.

**میتان= Mitan**

وشەی میتان لە کوردیدا بە واتای بچووک دێت. بۆ نمـوونە لە سـنە و ناوچەکـانی تری نزیک بە سنە بە منـداڵی ورد یـان ئـاژەڵێکی چکـولە دەڵـێن میتـانە، یـان وەکـو دەســـتەواژەی "خـــلە میتـــان" کە واتـــای زۆر چکـــولە و بەژن کـــورت دەدا. لە سانسکریتیشدا "میتا" هەر واتای بچووک دەدا، بروانە بـۆ: "Online Sanskrit Dictionary 2003, sid 145"[136]

**چیای ماتینا/مەتینا:**

لە نووسراوە کۆنەکانـدا نـاوی میتانییەکـان وەکـوو "مـایتینی"ش تۆمـار کـراوە.[137] "سترابون جوغرافیناسی بەناوبانگی یونانی گۆلی ورمێی لە سەر سنووری ڕۆژهەڵاتـی وڵاتی مێتانی بە گۆلی ماتینیی ناو بردووە، "[138]. ئەم نـاوە ئێسـتاش لەسـەر یەکـێ لە چیاکانی کوردستان هەر ماوەتەوە. ئەویش چیای"مەتینا/ مەتینـی"یە کە کەوتـووەتە نزیک شاروچکەی ئامیدییەوە.

[136] http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf
Mita = a few, a little

[137] لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری د.جەمال ڕەشید ١٩٨٨ بەغداد ل.پ. ١٩٩.

[138] لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری د.جەمال ڕەشید ١٩٨٨ بەغداد ل.پ. ١٤٦.

**گوندی مەتینا:**

نـاوی مەتینـا لەسـەر یەکـێ لە گونـدەکانی کوردسـتان هەر مـاوەتەوە، گونـدی "مەتینا" کەوتووەتە ڕۆژاوای کوردستان لە نێوان شارەکانی سەرێکانی و توربە سپی.

**لاوکێ مەتینی:**

لاوکـێ مەتینـی (لاوی میتـانی)، ئەمە نـاوی گـۆرانییەکی زۆر کـۆنی کـوردییە، یادگارێکی زێندوی هۆزی میتانییە کە وەکوو میراتێکی هونەری بەنرخ تا ئەمڕۆکەش هەرلە نێو کورداندا ماوەتەوە. ئەم گـۆرانییە بە شـێوازی لاوک لەلایەن هۆنەرمەنـدی مەزنـی کـورد کـاراپێتی خـاچۆ (کاراپێـت خاچاتووریـان کە بە ڕەچەڵەک ئەرمەنیـیە) تۆمارکراوە[139].

لێـرەدا دیـار دەکەوێ کە پەیونـدییەکی ڕۆشـن و بەرچـاو هەیە لە نێـوان زوانـی کـوردی و زمـانی میتانیـدا ئەو نێـوە کەسـی و تۆپۆنـۆمی وئتنۆنـۆمییە و هەروەهـا نزیکایەتی وشەکانی کوردی و میتانی لەگەڵ یەکتردا ئەوە دەردەخات کە ئەمـڕۆ لەو هەرێـمەدا بـێجگە لە کـوردی هـیج زمـانێکی دی نیـیە کە خـاوەنی ئەو کەلەپـوورە دوڵەمەنـدەی زمـانەوانیی و مێـژوویە هینـدی- ئێـرانییە بێـت. "ئەو نازنـاوەی میتانییەکان وەک (پارساتاتەر/پارساتاتار، ساوشتاتەر) کە بە ساتاتەر و شتاتەر کوتـایی هاتووە لە زمانی مادی و هەخامەنشیدا بووە بە خشاترا و خشترا و دواتـر بە شـترا و سەرەنجام وشـەی "شـا"ی لـی دروسـت بـووە"[140] کە ئێسـتا نە تەنیـا هەر لە زمـانی کوردیدا بەڵکوو کەوتووەتە نێو زمانی هەمـوو نەتەوە هینـدووئێرانییەکانەوە هەر لە کوردستانەوە هەتا هیندوستان.

**"بە واتایەکی دیکە یەکێ لە پایە و بناغەکانی ئەو زمانەی کە ئێستاکە بە کوردی دەناسرێت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میتانییەکان و زمانی میتانی. بەڵام لە ڕاسـتیدا**

---

[139] https://www.youtube.com/watch?v=mqHCEAKCnYE

[140] لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری د.جەمال ڕەشید ١٩٨٨ بەغداد ل.پ. ٣٠١.

**نابێ ئەوەمان لە بیر بچیت کە هەر چەند بێگومان بێجگە لە هۆزی میتانی، گەلێک هۆزی تری هیندوئێرانیی زمان لە وڵاتی کۆنی کوردەواریدا ژیاون بەڵام هێشتا ناتوانین بێژین کە زمانی میتانی و ئەو زمانەی کە ئەو هۆزانە لەو سەردەمەدا پێ ئاخاوتوون ڕێک زمانی کوردی بووە، بەڵکوو ئەو زمانانە ئەو زەمینە و ژێرخانەیان دارشت کە دواجار بوو بە بناغە و پایەیەک بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی زمانێک کە ئێستا بە کوردی دەناسرێت".**

## ئایا پاشایانی میتانی هەمان پادشایانی پێشدادی نێو "شاهنامە" نین؟

فیردەوسی لە شاهنامەدا مێژووی ئێرانی کۆنی بە شێوەی داستانی (حماسی) هۆنیوەتەوە، بەشێ هەرە زۆری شاهنامە مێژووی کۆنی کوردەواری دەگرێتە خۆی. گرینگی شاهنامە بۆ فارسەکان لەبەر زێندوکردنەوە و پاراستنی زمانی فارسییە، بەڵام بۆ کوردان خۆدی ناوەڕۆکی شاهنامە گرینگی هەبووە و ئێستاش هەر گرینگە، چونکە بەشێکی زۆری شاهنامە باسی ئەفسانەکانی کوردی و مێژووی کۆنی کوردان دەکا.

- ئەوەی کە فارس بە ناوی "زنجیرە پادشایانی ئەفسانەیی پێشدادی" ناوی لێ دەبن، چەمکێکی هەڵەیە. کە یان لەبەر نەزانی و تێگەیشتنێکی هەڵەیە و یان بە ئەنقەست برەویان پێ داوە و وەک ڕاستییەک جێیان خستەوە. چونکە هیچ زنجیرە پادشاییەک بە ناوی پێشدادی هەبوونی نییە.

بۆچی ئەم چەمکە هەڵەیە؟ هۆکارەکەی لێرە ڕوون دەکرێتەوە:

ئایینی زەردەشتی بەر لە بەدەستەڵات گەیشتنی بنەماڵەی دیاکۆ لە کوردستاندا بە هۆی زەردەشت و مۆغەکانەوە برەوی ستاندبوو. لە ئەوێستادا زۆر بەڕوونی باس لە دەستەڵاتداری وێشتاسپ دەکات، هەر لەو کاتەدا وێشتاسپیش دەچێتە سەر ئایینی زەردەشتی. زەردەشت زۆر بە ئەرێنی لە ئەوێستادا باسی دەستەڵاتداری

وێشتاسپ دەکات. بە وتەی دیاکۆنۆڤ لە ئەوێستادا هاتووە کە زەردەشت بۆ خۆیشی میر و فەرمانڕەوای ناوچەی ڕاغە (ماد- ڕاغە/ مەراغە) بووە. ئەمڕۆ زانستی مێژوویی ئەمەی ڕوون کردوتەوە کە لە سەردەمی پێش لە دەستەڵاتداری مادەکان و ئایینی زەردەشتی، خەڵکی ناوچەکانی کوردستانی ئێستا و ئاترپاتەکانی ئەو سەردەمە لە بارێکی زۆر سەخت و دژواردا دەژیان.

**بۆیە بە سەرهەڵدانی مادەکان و برەوسەندنی ئایینی زەردەشتی، جۆرێك لە"داد و دادپەروەری" لە هەموو ئێرانی کۆندا بڵاوبووەوە و پەرەی ستاند. ئەم سەردەمە لە لایەن خەڵک و هەروەها لە لایەن مۆغانی زەردەشتییەوە بە سەردەمی "داد و دادپەروەری" ناوبانگی دەرکردبوو و سەردەمی بەر لە مادەکان و بەر لە برەوی ئایین و یاساکانی زەردەشتی واتا لە سەردەمی ئاشوورییەکان، ئورارتوو و مانناییەکان کە ستەمکاری و بێدادی لە ناوچەکەدا زاڵ بوو بە سەردەمی "ئەپەر- داتا" واتا سەردەمی " بەر لە داد/پێش داد"ی ناویان لێ بردووە.**

**واتا موغەکان لە باری مێژووییەوە سەردەمەکەیان دابەش کردوە ،بە دوو بەشەوە سەردەمی "داد" (سەردەمی برەوی ئایینی زەردەشتی) و سەردەمێ "پێش داد"ی (سەردەمی پێش ئایینی زەردەشتی). لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە هیچ زنجیرە پادشاییەک بە ناوی پێشدادی هەبوونی نییە، هەموو ئەو پادشا و دەستەڵاتدارانە چ ئێرانی و چ نائێرانی کە پێش لە سەردەمی "داد/دادپەروەری" واتا پێش لە ئایینی زەردەشتی هاتوون و فەرمانڕەواییان کردووە بە پادشایانی "ئەپەڕ- داتا/پێش دادی(پێش لە داد)" دەژمێردرێن". بە واتایەکی تر هەموو پادشایانی ماد بەر لە جێگیر بوونی ئایینی زەردەشتی و هەموو پادشایانی ماننایی، میتانی و تەنانەت ئاشووریش بە "ئەپر داتا/ پێش داد"ی دەژمێردرێن.**

ئەوەی کە لە شاهنامەدا بە ناوی زنجیرەپادشایانی "پێشدادی" و "کەیانی" ناوی هێنراوە بێ هیچ گومانێک پادشایانی کورد بوون، چونکە مێژووی فەرمانڕەوایی فارس ڕوون و ئاشکرایە و لە سەردەمی هەخامەنشییەکانەوە دەست پێ دەکا، لە کاتێکدا

مێژووی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گۆتییەکان و لۆلۆبییەکان، واتا زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ بەر لە هەخامەنشییەکان.

هەر بۆیەش لە سەدەکانی ڕابووردودا لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، لە باکوور هەتا باشوور و لە ڕۆژ هەلات هەتا ڕۆژاوا، لە مزگەوتەکان و لە دیواخانان شاهنامە دەخوێندرایەوە، هەروەها هەتا ئێستا چەندین شانامەی کوردیش نووسراونەتەوە. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە د. بێهروزی چەمەن ئارا[141] لە یەکێ لە زانکۆکانی ئاڵماندا لەسەر چیرۆک و داستانی پاڵەوانیەتی کوردی بە پشتبەستن بە شانامەی کوردی نووسیوویەتی دەڵێ کە ٣٠ دەقی شانامەی کوردی کە بەگشتی نزیک بە شست هەزار بەند (بیت)ە لەبەر دەستیدایە کە هێشتا هەر دەستنووسن و لە چاپ نەدراون.

ئەوەی کە زۆر سەیر و سەرنجڕاکێشە لە چەند بەندێکی یەکێ لەم شانامانەدا بە ناوی"هەفت لەشکەر" ئەو پێناسەیە کە بۆ یەزدان کراوە کە وەک **"شەمسی زەڕین باڵ"** ناوی لێ براوە، ڕێک هەمان پێناسەیە کە فەرمانڕەوایانی میتانی بە هێماکانی خۆیان پێشانیان داوە، واتا **"خۆری باڵدار"**، ئەم هەڵبەستە کە بە شێوازی گۆرانییە (هەورامی) بەم شێوەیەی خوارەوەیە[142]:

ئەر هەی بڵەند ماڵ ...

ئەر هەی یانە بەرز بەنای بڵەند ماڵ

ئەر هەی ماێەی نوور **شەمس زەڕین باڵ**

ئەر هەی ئاگادار هەم حاڵ زان حاڵ

---

[141] An introduction to Kurdish epic and heroic literature on Kurdish shahname mainly, Behrooz Chammanara. http://ilamasu.blogfa.com/post-125.aspx (2013 -08-09)

[142] هەمان سەر چاوە

که ئەگەر وەربگێڕدرێتەوە سەر کوردیی ناوەندی ئاوای لێ دێت:

ئەرێ هەی بڵێند ماڵ

ئەرێ هەی خانو بەرز بینای بڵێند ماڵ

ئەرێ هەی مایەی نوور **"شەمسی زەڕین باڵ"**

ئەرێ هەی ئاگادار هەم حاڵ زانی حاڵ

## پەیوەندیی نێوان زمانەکانی سانسکریتی، میتانی و کوردی

پەیوەندیی نێوان زوانی میتانی و سانسکریتی لە ڕوانگەی توژێنەران و زانایانی بواری زمانە دێرینەکان بابەتێکی سەلمێندراوە، کە وابوو ئەگەر زمانی کوردیش دەرکەوتەی زمانی میتانی بێت و لەسەر بنەمای زمانی میتانی سەری هەڵدابێ، دەبێ پەیوەندییەکی نزیکی زمانەوانییشی لەگەڵ سانسکریتیدا هەبێت. زمانی سانسکریتی کە یەکێ لە زمانە هەرە کۆنەکانی هیندی و هەروەها جیهانییە، ئەمڕۆ وەکوو پێوەرێک بەکار دێت بۆ نیشاندانی پەیوەندیی و خزمایەتی گشت زمانە هیندی و ئێرانی و ئوروپییەکان. خودی وشەی سانسکریت لە "سامس- کرتە "وە دێت، وشەی "سامس" دوو واتا دەگەیینی یەکەم  بە واتای" هەم/هەو" و دووهەم بە واتای "خۆ/خود"، وشەی کرتە کە هەر "کردە" ی کوردییە، کە پێکەوە واتای خۆکردە/خۆچێکەر/خۆدروستکەر دەگەیینێ. ئەم زمانە دواجار وەکوو زمانێکی فەرهەنگی و ئایینی لێ هات و بە "سانسکریت واک/سانسکریت واچ" ناسرا، کە لە کوتاییدا بوو بە زمانی ئایینی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگا و بە **"دوا- باگا"** واتا زمانی خودایان یان گەورەکان ناوبانگی دەرکرد، کە لەپاشان ئەو چینانەی سەرەوی کۆمەڵگا کە دەستەڵاتیان زیاتر بوو خۆیان بوون بە بەگ و ئەم زمانە بوو بە زمانی بەگان و میران. ئەگەر هەر لێرەوە لێ ورد ببینەوە دەبینین کە "دوا- بەگا "

وشـەیەکی کـوردییە چـونکە "دوا"[143] لە کوردیـدا واتـای قسـەکردن دەدا و "باگـا"ش هەمان وشەی بەگی کوردییە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بە بەراوردکردنـی هێنـدێک لە وشـەکانی کـوردی و سانسـکریتی لەگەڵ یەکـتردا ڕادەی نزیکـایەتی ئەم دوو زمـانە دەخرێتە بەرچاو. بەڵام پێشەکی پێویستە چەند خاڵێک لە بەرچاو بگێردرێت. زمـانی سانسکریتی ئێستا بە دەیان و بگرە سەدان دیـالکتیی جۆربەجـۆری لـێ پەیـدا بـووە سانسکریتیش وەکوو کوردی دوو شێوەزاری سەرەکی هەیە، یەکەم "ریـگ ودا"یە کە کۆنترین شێوەزاری سانسکریتییە، زمانیکی دینی بووە کە پیاوەکانی ئـایینی لەبەریـان کردووە و بە ئـاوای (هەوا، ئـاواز، ئاهەنـگ)ی تـایبەت چڕیویـانە. لە نـزیکەی ١٥٠٠ ساڵ پیش زایینـدا ئەم سرودە ئایینیـانە نـووسراونەتەوە و ئێسـتاش ئەم سرودانە هەر دەخوێندرێتەوە. شێوەزاری دووەمی سانسکریتی کلاسیکی پێ دەبێژن و لە نـزیکەی سـاڵەکانی ٤٠٠ پ.ز نـووسراونەتەوە. زمـانی سانسـکریتی بە تـایبەت "ریـگ ودا " پەیوەندییەکی زور نزیکی لەگەڵ زمانی ئایینی مادیدا واتا "ئەوێسـتایی/هەورامی"دا هەیە. زوانی کوردیش هەر چەند وا هەست دەکرێ کە چەنـدین دیالکـت و زاراوەی جۆربەجــۆری هەیە بەڵام لە ڕاســتیدا دوو شــێوەزاری ســەرەکی هەیە. یەکەم "شێوەزاری گشتیی کـوردی" و دووهەم "شـێوەزاری ئایینی/ئەوێسـتایی"، کە دواجـار ئەم بابەتە زیاتر ڕوون دەکرێتەوە.[ سـەیر لەوەدایە کە شـێوەزارەکانی "ریـگ ودا" و "ئەوێسـتایی (هەورامـی)" هەر دووکیـان هەر شـێوەزاری ئـایینین]. لەسـەر زمـانی سانسـکریتی بە پـێچەوانەی زمـانی کـوردی لێکـۆڵینەوەی ئێجگـار زۆری لـێ کـراوە، ئەمەش بووتە هۆی هێندێک کێشە کە بە کورتی دەخریتە پیش چاو:

- لە نووسینەوەی وشەکاندا بە پیتی لاتینـی، هەر توێژینەرێـک بە کەیفـی خـۆی پیتـی تـایبەتی بـۆ دانـاوە، ئەمەش وایکـردووە کە لە فەرهەنـگە جۆربەجۆرەکانـدا هەردەنگێک بە چەندین شێوە و چەندین پیتی جۆراوجۆر نووسراوەتەوە.

[143] بڕوانە هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٨، ل.پ ٢٩٨.

- هەندێک لە توێژینەرەکان تێ کۆشاون کە ڕێزمان و گرامری زوانی سانسـکریتی وا بە سەر زمانەکەدا زاڵ بکەن کە هەموو زمـانەکە و هەمـوو وشـەکان بگـرێتەوە و دۆخەکانی هەر وشەیەک سەر لە نوێ بەپێی ئەو گرامرە دابڕیژێنێنەوە، ئەمەش وای کردوە کە هێندی جار مرۆڤ دەکەوێتە گومانەوە کە ئایا وشەی وا هەر لە زمانەکەدا هەبووە یان نا، چونکە هیچ زوانێک سەدی سەد پەیڕەوی لە ڕێزمانەکەی خۆی ناکا.

- گرفتیکی تـر لە بەراوردکردنـی زمـانی کـوردی لەگەڵ سانسـکریتیدا بەربـڵاوی زمانی سانسکریتیە، چونکە وا دیارە نە تەنیا وشەی هیچکام لە شێوەزارەکانی تری لە خۆی نەتاراندووتەوە بەڵکوو هەمووی لە خۆیدا جێگیر کـردوە، بـۆ نمـوونە زیـاتر لە سەد وشەی تەنیا بۆ "ئاو" هەیە.

بـۆ بەراوردکردنـی وشـەکانی کـوردی لەگەڵ سانسـکریتیدا لە دوو فەرهەنگـی سانسـکریتی- ئینگلیـزی کەڵـک وەرگیـراوە کە هەردووکیـان هەم جێگـای بـاوەڕن و هەمیش لەسەر ئینترنت لەبەردەستدا هەن و هەر کەسێک دەتوانێ بەئاسانی چـاوی لێ بکا، لە بەرامـبەر هەر وشـەیەکدا واتـاکەی بە ئینگلیـزی نـووسراوەتەوە. ئەم دوو سەرچاوە بریتین لە:

سەرچاوەی یەکەم (١) ئۆنلاین سانسکریت دیکشنێری **(OSD)**

**O**nline **S**anskrit **D**ictionary, February 12, 2003
http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf

سەرچاوەی دووهەم (٢) بریتیە لە بەیس فۆرم دیکشنێری **(BFD)**

Ancient Sanskrit **O**nline, **B**ase Form **D**ictionary,
Jonathan Slocum and Karen Thomson
The University of Texas at Austin
http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/vedol-BF-X.html

بۆ ئاسانکاری لە نیشاندانی سەرچاوەکان لە پاڵ هەر وشەیەکدا بە نووسینی **sid** **(OSD)** واتا سەرچاوەی"١" لاپەڕەی ... و یا **(BFD)** واتا سەرچاوەی "٢". لە سەرچاوەی دووەمدا لاپەڕەکان دیاری نەکراوە.

**تێبینییەکی گرینگ:**

کاتێ کە چاو بە وشەکانی سانسکریتیدا دەخشینین گەلێ جاران پاشگری "اتی" یان ئاتی لە پاش وشەکان بەرچاو دەکەوێ، ئەم پاشگرە وشەکە دەباتە دۆخی کار (فعل). لە ئەوێستاییدا زۆر جاران و لە سانسکریتیدا بڕێ جاران بە لکاندنی ئەم پاشگرە بە چاوگی وشەکەوە دۆخی وشەکە دەگۆڕدرێت بۆ کار. لە ئەوێستادا ئەم پاشگرە بە شێوازەکانی تر وەکوو" اتی " یەتی"، "ئەیەتی"، "ایەتی" و"ئایەتی" دەبیندرێت. لە کوردیدا ئەم پاشگرە هەر وەک ئەوێستایی ماوەتەوە بەڵام هەر تەنیا وەک ناوی چاوگ بەکار دێت، وەک پیاو (پیاوەتی)، برسی (برسییەتی)، کورد (کوردایەتی)، ئاشتی (ئاشتییەتی)، ڕەکەبەر(ڕەکەبەرایەتی)، ڕەش (ڕەشایەتی)، سپی (سپییەتی)، دۆست (دۆستایەتی)، ئاوەدان (ئاوەدانیەتی)، هەژار (هەژاریەتی)، دەوڵەمەند (دەوڵەمەندایەتی)، خۆشی (خۆشییەتی)، درێژیێ(درێژایەتی)، کورت (کورتایەتی)،بەرز( بەرزایەتی)، نزم(نزمایەتی)، ماندو(ماندویەتی). ئەمە یەکێ لەو بەڵگانەیە کە نزیکایەتی زمانی کوردی لەگەڵ سانسکریتی و ئەوێستاییدا نیشان دەدا چونکە ئەم پاشگرە بێجگە لە سانسکریتی، ئەوێستایی و کوردیدا نەبێ لە هیچکام لە زمانەکانی تری ئێرانی و یان ئورووپیدا نابیندرێت.

## بەراوردکاری وشەکانی سانسکریتی لەگەڵ کوردیدا

**ā = intensifies or reverses meaning**

**ā = from, in** (BFD)

ئەم پیتە یان ئەم دەنگە "ئـا" وەک نیشانەی جەختکردنەوە (تاکید) وایە، بۆ بەرجستەکردنی واتایەک لەسەر وشە یان ڕستە بەکار دێت، وەک ئا- وەرە، ئا- بچو، ئا- دانیشە، ئا- ڕوونە (کرمانجی) ئا- نهە (کرمانجی)، ئا- ئێستا، ئا- لێرە، ئا- لەوی، ئا- ئەمە، ئا- ئەوە، ئا- چاوەکەم، ئا- ماڵەکەم، ئا- لێ دە، ئا- تو خودا، ئا- برسیمانە، ئا- ئەو کاتە، ئا- ئەو ماڵە، ئا- کچم، ئا- دایکم. ئەم شێوازە لە دەنگی ئا بێجگە لە کوردیدا نەبێ لە زمانەکانی تردا بە دی ناکرێت.

**áva = down (BFD)**

**"ئاوا":** "ئاوا / ئاوا بوون" لە کوردیدا واتای دابەزین و "بەرەوخوارەوە بوون/ بەرەوخوارەوە چوون" دەدا وەک دەڵێن: خۆر ئاوا بوو واتا خۆر بەرەخوارەوە بوو، کوڕەکان بەو شاخەدا ئاوا بوون، یان کەس نەیزانی بە کوێدا ئاوا بوون واتا کەس نەیزانی بە کوێدا چوونە خوارەوە.

**arc, árcati = praise (BFD)**

**ئەرج، ئەرچاتی:** ئەمە هەمان وشەی "ئەرج"ە کە هەم لە کوردی و هەم لە فارسیشدا واتای نرخ، ئەرزش، قەدر و ڕێز دەدا، ئەم وشەیە لە کوردیدا لە شێوازی زازاکێدا هەر بەم شێوەیە بەکار دێت، (بڕوانە فەرهەنگی زازاکی- کورمانجی، لە نووسینی چەکۆ کۆچداغ ساڵی ٢٠١٠، ل.پ.١٢٥-١٢٦). وشەی "ئەرچاتی"ش لە ڕاستی هەمان وشەی "ئەرچ"ە لەگەڵ پاشگری "اتی" کە واتای "ئەرجایەتی (بەئەرج بوون/ بەئەرژبوون/ بە ئەژبوون)" دەدات. ئەم وشەگەلە لە فەرهەنگی زازاکیدا ئاوا مانا کراوەتەوە:

**erj= qedir, qimet, nirx**[144]

**ercîyaye= heja**[145]

---

[144] Farheng zazaki- kurmanci, çeko Kocadag 2010, sid 126

**erjaye = heja, nerxdar**[146]

وشەی "ئەرچ/ئەرج" بە شیوازی تر هەم لە کوردی و هەم لە فارسیدا گۆ دەکـری، لە فارسیدا دەنگی "چ" گۆڕاوە بۆ " ز" وشەکە بووە بە ئەرز، لە کوردیدا "چ" گـۆڕاوە بۆ "ژ" وشـەکە بـووە بە ئەرژ، بەڵام وشـەی ئەرژ گـۆکردنی هێنـدێک گـرانە بـۆیە لە کـاتی گـۆ کردنیـدا پیتـی "ر" دەکەوێ و ئێسـتاکە ئەم وشـەیە بە شـێوەی "ئەژ" لە ناوچەکانی شارەزور، هەورامان، سنە هەتا کرماشان بەکـار دێـت، بـۆ نمـوونە دەڵـێن: ئەو ماڵە چەندێک ئەژی، فلانی کچێکی هەس چوار کوڕ ئەژی، ئەو ئەسپە باش نیـیە هێچ نایژێ. ئەم وشەیە لە کرمانجیشدا وەک "هێژا" گۆ دەکـرێ. کە وابـوو وشـەکانی "ئەرچ و ئەرج و ئەرز و ئەژ و هێژا" هەر یەک شتن و یەک سەرچاوەیان هەیە.

**arcivánt = possessing rays, flaming** (BFD)

**ئەرچیونـت:** ئەم وشـەیە لە ڕاسـتیدا "ئەرچ- ونـد"ە، کە ئەمـڕۆ لە کوردیـدا بە شێوەی"ئەرج- وەند" یان "ئەرج- مەند" بەکـار دێـت، کە واتـای ڕێـزدار، ڕێزمەنـد، و هێژامەند دەدا.

**agni = fire** (OSD, sid 4)

**ئاگنی:** ئەمە واتای ئاگر دەدا، لە ئەوێستادا چەندین وشەی تر بـۆ ئـاگر هەیە کە لە کوردی نزیکترە.

**atra = here** (OSD, sid 6)

**ئێترا:** واتای "ئێرە" دەدا، لە شێوەی زازاکیـدا "ئتیـا" دەڵـێن. لە هێنـدێک نـاوچەی هەورامان و سنە و کرماشاندا وەکوو " ئەگرا" گۆ دەکرێ.

---

[145] Farheng zazaki- kurmanci, çeko Kocadag 2010, sid 125

[146] Farheng zazaki- kurmanci, çeko Kocadag 2010, sid 126

**ayasa = iron** (OSD, sid 17)

**ئیاسا:** ئەم وشەیە هێندیک گۆڕان بە سەریدا هاتووە، ئێستا لە کوردیدا "ئاسن"ی پێ دەڵێن.

**ashta = eight** (OSD, sid 23)

**ئەشتا:** هەمان وشەی "هەشت"ی کوردییە.

**ime = these** (OSD, sid 34)

**ئایمە:** لە کوردیدا دەوترێت "ئەمە".

**imaanh= these** (OSD, sid 34)

**ئایمانە:** لە کوردیدا "ئەمانە".

**u = and, now** (BFD)

**و:** ئەم دەنگە ئێستا لە کوردیدا تەنیا بۆ ئامرازی پەیوەندی " و" بەکار دێت.

**urú = broad** (BFD)

**وەرو:** ئەم وشەیەی لە ناوچەکانی شارەزور، هەورامان، ئیلام، کرماشان، و لەکستان و هەروەها لە شێوازی زازاکیدا وەک "وەر" گۆ دەکرێ، لە ناوچەکانی تری کوردستاندا وەک "بەر" گۆ دەکرێ. "بەر" لێرەدا بە واتای پانایەتی هاتووە، بەڵام لە ڕاستیدا بەر واتای (ضلع) و هەروەها (وجە)ش دەدا.

**uta = it is said** (OSD, sid 36)

**وتا:** ئەم وشە لە کوردیدا وەک خۆی ماوەتەوە و ئەمڕۆ وەک **"وتە"** گۆ دەکرێ. لە کرمانجیدا لە ژێر کاریگەری زمانی ئەشکانیدا دەنگی "و" گۆڕاوە بۆ "گ" و وەکوو "گۆتە" بەکار دێت.

**uvaacha = said** (OSD, sid 41)

**وڤاچا:** ئەمە وشەی ڕێک هەمان وشەی "واچە/ واچا"ی هەورامییە.

**ushhtra = camel** (OSD, sid 41)

**ئوشترا:** وشتر، لە شێوەی کرمانجیدا حوشتری پی دەڵێن.

**rta = truth, holy** (BFD)

**ڕتا:** ئەم وشەیە واتای ڕاستی و پاکی دەدا لەگەڵ وشەی "ئارتا"دا لە یەک ڕیشەن و یەک مانایان هەیە. لە کوردیدا ئێستا دەنگی "ت" گۆڕاوە بۆ "د" و وەک "ڕەدا / ئەردە" بەکار دێت. بو نموونە لەم هەڵبەستەی "پیرنازداری شیرازی"دا.[147]

یاران یاوەران رای هەق راسیەن پاکی و دورستی و **ڕەدا** و خاسیەن

هەرکەس وێش ناسا محەممد ئاسا بێ شک ئەو کەسە مەوایچ شناسا

**rtavan = possessed of truth, holy** (BFD)

**ڕتاوان/ڕتاڤان:** ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە بەم شێوەیە **"ڕتا- وان"** کە بە واتای پارێزەری ڕاستییە. ئێستا لە کوردیدا بە دوو شێوە بەدی دەکرێت، یەکەم هەمان وشەی "ڕەدا"یە کە پێشتر باسی لێ کرا لەگەڵ پاشگری "وان"، کە لە کوردیدا ئەم پاشگرە واتای پاریزگاری دەدات وەک شوان، گاوان، پاسەوان. دووەم وەک "

[147] یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕوستەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی ل.پ ١٣٧.

ئەردە- وان" کە واتای پاریزەری ڕاستی/ پارێزەری دادپەروەری ئەدات و وەک ناو لە کوردیدا ماوەتەوە.

**rocaná = sphere of light** (BFD)

**ڕۆچانا:** بە واتای گۆی خۆر مانا کراوەتەوە،ئەم وشە لە ئەوێستاشدا هاتووە. ڕۆچنگە (ڕۆچنە) وشەیەکی ئاسایی هەورامییە و واتای کونی ماڵ بۆ ڕۆشنایی دەدا (بڕوانە ل.پ.٣٥٠ هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ١٩٨٩). وشەی "ڕۆچ"یش لە هەورامیدا واتای ڕۆژ دەدا، هەروەها وشەی "ڕۆچیار"یش لە هەورامیدا کە واتای خۆر و ڕۆژگار دەدا هاوڕیشەی لەگەڵ وشەی "ڕۆچ".

**ruh, róhati = rise up** (BFD)

**ڕۆ، ڕۆهاتی:** ڕۆ لە کوردیدا بە واتای خۆر و ڕۆژ دێت، وەک ئەمڕۆ، نێوەڕۆ (نێوەڕۆژ). ڕۆهەڵات و ڕۆژهەڵاتیش کە هەر دووکیان یەک واتایان هەیە لەگەڵ ئەم وشەیە هاوڕیشەن. لە گەلێک لە ناوچەکان کە بە شێوەزاری کرمانجی قسە دەکەن، لەباتی ڕۆژ و ڕۆژهەڵات، وشەکان بەشێوەی ڕۆ و ڕۆهەڵات گۆ دەکرێ. کە وابوو وشەی ڕۆهات و ڕۆهەڵات هەر یەک وشەن بە واتای ڕۆژهەڵات.

**nimrúc = setting, sunset** (BFD)

**نیمرۆچ:** ئەمە وشەیەکی کوردییە، لە ناوچەکانی هەورامان و کرماشان و ئیلام بە شێوەی نیمروچ و نیمروج گۆ دەکرێ، لە ناوچەکانی تری کوردستاندا وەک نیمەڕۆ و نێوەڕۆ بەکار دێت. لەوانەیە وەرگێڕانی ئەم وشەیە ڕاست نەبێ، چونکە بە واتای ڕۆژاوابوون لێکدراوەتەوە، بەڵام ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە کە لە شوێنە جیا جیاکانی کوردستاندا هێشتا هەر بەکار دێت.

**eka= one** (OSD, sid 42)

**ئەکا:** لە کوردیدا بەگشتی وەک "یەک" گۆ دەکرێ بەڵام لە کرمانجیدا "ئێک" دەڵێن.

**ekaika = one by one** (OSD, sid 42)

**ئکایەکا:** لە کوردیدا بەگشتی وەک "یەکایەک" گۆ دەکری، لە کرمانجیدا "ئێکایەک/ ئێکائێکا" دەبێژن.

**kaama = lust** (OSD, sid 49)

**کاما:** ئەمە هەمان وشەی "کام"ی کوردییە کە واتای ئارەزوو، تاسە، و هەوەس دەدا.

**kama = longing** (BFD)

**کاما:** ئەمەش هەمان وشەی پێشووە بەڵام لەم فەرهەنگەدا بە شێوەیەکی تر نووسراوەتەوە.

**kshiira = milk** (BFD)

**کشیرا:** لە زمانە ئێرانییەکاندا وەکوو کوردی و فارسی ئەم وشەیە کورتکراوەتەوە، "ک" و"ا"ی لی دابڕاوە و بووە بە" شیر".

**kimuu = how come?** (OSD, sid 51)

**کێ- میوو: ئەم وشەیە بە واتای چۆن دێت مانا کراوەتەوە، هەروەها نیشانەی (؟) لەسەری دانراوە، کە لەوە دەچێ لە وەرگێڕانیدا تووشی هەڵە بووبێتن. ئەمە یان "کێ- مەیۆ"یە کە وشەیەکی کوردیی هەورامییە بە واتای "کێ دێت"، و یان "کەی- مەیۆ"یە کە دیسان وشەیەکی هەورامییە کە واتای "کەی دێت" دەدا.**

**ke = who** (OSD, sid 55)

**کێ:** به واتای کێ/ چ کەسێک. لە کوردیشدا هەر "کێ"یە

**kesha = Hair** (OSD, sid 56)

**کەشآ:** بە واتای قژ هاتووە. ئەم وشـەیە ئێسـتا بە کەمێـک گـۆڕانەوە لە کوردیـدا ماوەتەوە، دەنگی "ک" گۆڕاوە بـۆ "ق" لە شـێوەی وشـەی "قـژ"دا، کە لە کرمانجیـدا "کەزی" پێ دەڵێن.

**kr, krnoti = do, make** (BFD)

**کـر، کرەنـوتی:** ئەم وشـەیە هەمـان وشـەی "کـر" و "کرنـایەتی"یە لە شـێوەزاری کرمانجیـدا لە چـاوگی "کـرن". کە لە شـێوەزاری سـۆرانیدا وەک "کـرد" لە چـاوگی "کردن"، و "کردنەتـی" گـۆ دەکـرێ. بەڵام کرەنـو- تـی لەگەڵ شـێوەزاری هەورامیـدا نزیک ترە . چونکە ئەم وشەیە لە دوخەکانی تری کاردا لە شێوازی هەورامیـدا بەکـار دێت. بۆ نموونە دەڵێن چێش **کرەنۆ**، واتا چی دەکا...

**kúha = where?** (BFD)

**کوهـا:** ئەم وشـەیە لە کوردیـدا بە شـێوەی جۆراوجـۆر گـۆ دەکـرێ وەک "کـۆ" (هەورامــی)، "کــوێ/ کوێنــدەرێ" (ســۆرانی)، " کــووره" (کەلهــوڕی)، " کیــدەرە" (کرمانجی). وشەکانی کوێندەرێ، کیدەرە و کوورە هەر یەک وشـەن چـونکە کـوورە لە بنەڕەتدا "کو- دەرە"یە. وشەی "دەر" لە کوردیـدا واتـای جێگـا و شـوێن دەدا، بـۆ نموونە "دەربەدەر" واتای بێ جێگا وشوێن دەدا، یان لە کرمانجیدا دەڵێن وان "دەر"ە واتا ئەو شوێنانە. کە وابوو ئەم وشانە هەموویان هەر واتای "کـوێ" یـان کـام شـوێن دەدات.

**krand, krándati = cry out** (BFD)

**كراند، كرانداتی:** له كوردیدا پیتی "ک" گۆڕاوه بۆ "ق" كه به داخەوه فـره جـاران ئەمه له زمـانی كوردیـدا ڕوو دەدات بـێ ئەوەی هــیچ پێویسـتییەكی بەم گـۆڕانه هەبیت. بەرامبەر ئەم وشەیه له كوردیدا " قیڕاند و قیڕاندنەتی"ه.

**kriya = action** (OSD, sid 57)

**كرییا:** ئەمه وشەیەكی ئاسایی كوردییه. هەمان وشەی "كریا"یه له شـێوەزارەكانی دیكەی كوردیدا، كه له سۆرانیدا وەک "كرا" گۆ دەكرێ.

**kriyate = is done** (OSD, sid 57)

**كریاته:** ئەمەش هەر وشەكەی پێشـووه، له كوردیـدا له ناوچەكـانی جۆربەجـۆردا وەک كریاته، كریاسه و كراوەته بەكاردێت. بۆ نموونه دەڵێن كراوەته چی، یان كریاته چی، یان كریاسه چی.

**kriinaati = to buy** (OSD, sid 57)

**كڕینائیتی/ كڕینا- ئاتی:** بەرابنەره لەگەل وشەی "كڕینایەتی" كوردییه، له چـاوگی وشەی كڕین هاتووه لەگەڵ پاشگری ئاتی كه وشەكه دەباته دۆخی كارەوه (فعـل) له سانسكریتیدا. له كوردیشدا هەر هەمان واتای كڕین دەدات.

**gachchhanti = they reach** (OSD, sid 59)

گاچهچهانتی: وشەی بەرامبەری بەم وشەیه له كوردیدا دبیته " گەهێشـتنێ"، واتـا (ئەوان گەیشتن).

**gír =  song** (BFD)

گێر: به واتای گۆرانی دێت. له كوردیدا "گڕه لاوژه"یش دەڵێن.

**gr, grnāti = sing** (BFD)

گر، گرناتی: واتای گۆڕانی چڕین دەدا.

**giri = mountain** (OSD, sid 61)

**گێرێ:** ئەمە وشەیەکی کوردییە، لە کرمانجیدا وەک " گرێ / گر"[148] و لە سۆرانیدا وەک "گرد" گۆ دەکرێ کە بە واتای کێو و شاخ دێت.

**go = cow /bull** (OSD, sid 62)

**گەو:** بە واتای "گا" هاتووە، لە شێوەزاری هەورامیدا وەک "گاو" گۆ دەکرێ.

**car, cárati = move** (BFD)

**چەر، چەراتی:** ئەم وشەیە لە کوردیدا وەک " کۆچەر، کۆچەرایەتی" بەکار دێت. لە ڕاستیدا لەوە دەچێ کە لە بنەڕەتدا "چەر" واتای سەفەر بووە و کۆچەر واتای سەفەری بە کۆ، سەفەری بە کۆمەڵی پەیدا کردووە.

**chhtra = umbrella** (OSD, sid 68)

**چهترا:** ئەمە هەمان وشەی "چەتر"ە لە کوردیدا.

**catúr = four** (BFD)

**چاتور:** لە کوردیدا وەک "چوار" یان "چار" گۆ دەکرێت.

**citrá = bright, radiant** (BFD)

**چیترا:** لە کوردیدا "چرا"ی پێ دەبێژن.

**jaranā́ = old age** (BFD)

[148] فەرهەنگا، کانی کرمانجییا ژووری- کرمانجییا ژێری، لە نووسینی جگەر سۆز،هەولێر ٢٠٠٩، ل.پ. ٤٢١.

**جارانا:** ئەمە هەمان وشەی "جاران"ی کوردییە، تەنیا پیتی "ا" لە پاش وشەکە لە کوردیدا کەوتووە. واتای پێشووتر دەدا، بۆ نموونە دەڵێن جاران زوانی کوردی وا نەبوو، یان جلوبەرگی جاران ئاوا نەبوو.

**jii = to live** (OSD, sid 72)

**جیی:** ئەم وشەیە لە کوردیدا لە شێوەزاری زازاکیدا وەک "جیی" کە ڕەگی چاوگە بۆ جیویا و جییوییەنە "ciuya ,ciwiyene"[149] (بە واتای ژین وژیان). ئەم وشەیە لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا وەک " ژی" گۆ دەکرێ کە ڕەگی چاوگی "ژین و ژیان"ە.

**jiivana = life** (OSD, sid 72)

**جیڤانا:** بەرانبەرەکەی لە کوردیدا وشەی "ژیان"ە.

**juș, jușáte = enjoy** (BFD)

**جۆش، جۆشاتە:** ئەمە وشەیەکی کوردییە، کە ئێستا لە کوردیدا بە شێوەی "جۆش، جۆشایەتی" کە واتای خۆشی وخرۆش (هیجان) دەدا بە کار دێت. لەوە دەچێ واتا کوردییەکەی ڕاستتر بێت.

**tana** = body (OSD, sid 74)

**تەنا:** هەمان وشەی "تەن"ە لە کوردیدا، وەک تەندروست، تەن پاڵەوان. پیتی "a" یان " ا" لە پاش وشەکان لە زمانی کوردیدا لە سەردەمی مادەکاندا هەبووە بەڵام لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا ئیتر ئەم دەنگە لە پاش وشەکان کەوت.

**tanu = body** (OSD, sid 74)

[149] Farheng zazaki- kurmanci, çeko Kocadag 2010, sid 763

**تەنـو:** ئەمەش هەر هەمـان وشـەی "تەن"ە وەک تەنومەنـد، واتـا تەن پـاڵەوان و بەهێز.

**tamah = darkness** (OSD, sid 75)

**تاما، تامە:** بە واتای تاریکی و تاری هاتووە. ئەم وشەیە لە کوردیـدا مـاوەتەوە بە تـایبەتی لە کرمانجیـدا کە بە "تەم" گـۆ دەکـرێ و واتـای تاریـک دەدا، وەک دەڵـێن "هەوا تەم و تارییە" واتا هەوا تاریکە. یان دەبێژن " تەم و مژە" واتا تاریک و مژە.

**tarati = to cross** (OSD, sid 75)

**تار- اتی:** ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە "تار+ اتی". بڕگەی یەکەم "تار" بە واتای لەناوبردن و تێکشکاندن دێت، بڕگەی دووەم "ا تـی" پاشـگرە. بەرامـبەرەکەی لە کوردیـدا هەمـان وشـەی "تـار"ە، بە واتـای تێکشـکاندن و لەنـاوبردن وەک لە دەستەواژەی تارومار کردندا دیـار دەکەوێـت. تـار واتـای تێکشـکاندن و مـار واتـاری مراندن دەدات.

**taatah = father** (OSD, sid 76)

**janaka = Father** (OSD, sid 69)

**pitaa = Father** (OSD, sid 111)

**pitri = Father** (OSD, sid 111)

**تاتاه، جاناکا، پیتـا، پیـتری:** تەنیـا لەم فەرهەنـگەدا ئەم چـوار وشـەیە بـۆ "بـاوك" هاتووە، لەوانەیە لە فەرهەنگەکـانی تریشـدا چەنـدین وشـەی تـر بـۆ بـاوک هەبـێ. وشەی" تاتاه"ە زۆر نزیکە لە وشەی "تاتە". لە شێوەزاری هەورامیدا بە بـاوک دەڵـێن **"تاتە"**، لە "لەکی" دا بە مـام دەڵـێن تـاتە. لە "زازاکـی" دا بە بـاوک دەڵـێن "پـی"، لە شـێوەی" لەکـی"دا هەم وەک "بەوا" و هەم وەک"پەیەر" گـۆ دەکـرێ. (شـێوەزاری

لەکی لە بەشێکی فراوان لە ناوچەکانی نێوان کرماشان و ئیلام و لورستان و هەمەدان و هەروەها لای کەرکووک و خانەقین و مەندەلی قسەی پێ دەکرێ).

**dadati = give** (OSD, sid 80)

**dadau= gave** (OSD, sid 81)

**daa = togive** (OSD, sid 82)

**داداتی، داداو، دا:** ئەمانە هەموویان لەگەڵ وشـەی کـوردی "دا" لە یەک ڕیشـەن بۆ نموونە  داویەتی، داویە، دا.

**dan, dayati = punish** (OSD, sid 81)

**دان- دایاتی:** ئەم وشـەیە لە ڕاسـتیدا لەگەڵ وشـەی کـوردی "لـێ- دان" و " لـێ- دانیەتی" (کە واتای سـزادان و تەمـێ کـردن دەدا) لە یەک چـاوگن. چـاوگێ وشـەکە هەمان "دان"ە، بەڵام لە کوردیدا پێشگری "لێ" دەکەوێتە پێشی.

**daaru = tree, wood** (OSD, sid 83)

**دارو:** بە واتای "دار" دێت لە کوردیدا.

**diirgha = Long** (OSD, sid 85)

**دیرگها/دیرگـا:** ئەم وشــەیە واتــای درێــژ دەدا. لە فەرهەنگەکـانی جۆربەجـۆری سانسـکریتیدا بە شـێوازی جۆراوجۆرهـاتووە، لەوانە وەک دێـرگە، دراجە و دراج. لە ئەوێستادا وەک دێرەگە هاتووە[150] کە بەرامبەرە لەگەڵ وشەکانی "دێرەگە / دەرەگـا" لە شیوازی زازاکیدا کە زۆر نزیکە لەم وشەیە.

---

[150] Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html  2012-12-02

**duhitaa = daughter** (OSD, sid 85)

**دوهیتـا:** ئەمە هەمـان وشـەی "دوێـت"ە لە شـێوەزارەکانی کەلهـوڕی، لەکـی و کرمانجیدا.

**dās, dasati = worship** (BFD)

**دەس، دەساتی:** بە واتای نیایش و نوێژ هاتووە. دەس لە کوردیدا چەندین واتـای جۆر بە جۆر دەگەیینی، بۆ نموونە لە شێوەزاری هەورامی و زازاکیـدا واتـای دە (۱۰) ئەدا. دەس واتـای دەسـپێکردن ئەدا بـۆ نمـوونە دەڵـێن دەسـی داوە بە فروشـتنی ماڵەکەی، دەسیان کرد بە هەڵپەرکێ. دەس پێوانەی ئەندازەگیرییە بۆ هەندێک شـتی تایبەت بـۆ نمـوونە دەڵـێن چـوار دەس مـاڵی هەیە، دوو دەس جلـوبەرگی بـۆ کـڕی، دەسێکەم لێ دا، دەسێکەم کوتا. دەس واتای فورم، شـێواز و دیـزاین دەدا بـۆ نمـوونە دەڵێن من حەزم لەم دەسە کارد و چنگاڵە نییە ئا لەو دەسـەم بـۆ بیـنە. یـان دەڵـێن درگا و پـنجەرەی باشـتان هەیە؟ ئەرێ لە هەمـوو دەسـێکمان هەیە، دەسـی بـاش و دەسی خراپیشـمان هەیە، یـان دەڵـێن مـن لەم دەسـانەم نـاوێ. هەروەهـا دەس بە واتای "نیایش"یش دێت وەک دەڵێن، باوکم دیسان دەسی گرتەوە واتا خەریکی دوعا کردنە، یان لە وشەکانی دەس نوێژ و دەس بە دوعـا کە لە ڕاسـتیدا دەس هەر واتـای نوێژ و دوعا دەدا.

**duura = far** (OSD sid 86)

**دوورا:** واتای " دوور" دەدا.

**deshe= Land** (OSD, sid 87)

**دەشە:** ئەم وشە ئێستا وەک وشەی " دەشت"ی لێ هاتووە.

**dvan dva = couple** (OSD, sid 89)

**دڤان دڤا/ دووان دووا:** له کوردیدا وەک "دووان دووان/ دوودوو" گۆ دەکرێ.

**dravya: Money or riches or wealth** (OSD, sid 88)

**دراڤیا/ دراویـا:** ئەم وشـەیە هەمـان وشـەی "دراڤ "یـان "دراو"ی[151] کـوردییە کە واتـای پـارە دەدا، وشـەی دراڤ / دراو هەر ئێسـتاش لە کوردیـدا بە تـایبەت لە شێوەزاری کرمانجیدا ڕۆژانە بەکار دێت.

**dhaataa = supporter** (OSD, sid 91)

**dhaatrii = nurse** (OSD, sid 91)

**دهاتا، دهاتری/داتا، داتاری:** ئەم وشانە هەر دووکیان هەر لە ڕەگی وشەی "دها/ دا"وە وەرگیـراون، وشـەی "دا" لە کـوردی و لە ئەوێستاشـدا واتـای یارمەتیـدان ، ئاگـالێبوون و پەرەسـتاری ئەدات. وشـەکانی "دایە (دایـک)، دایەن" کە ئەرکـی چـاودێریکردن و پەرسـتاریکردنی منـداڵانیان لە ئەسـتۆدایە هەر لەم وشـەوە وەرگیراون. وشەی"دادا" یان "دادە"ش کە وەک دەستەواژەیەک بۆ خۆشکی گەورە بە کار دەبرێت هەر لەم وشەوە هاتووە، چونکە لە کوردەواریدا خۆشـکی گەورە کـاری بەخێوکردنی منداڵانی بچووکتر و هەروەهـا چـاودێری مـاڵی لە ئەسـتودا بـووە بـۆیە وەک "دادا" ناویـان لـێ نـاوە. ئەم وشـەیە بەرانـبەرە لەگەڵ وشـەی "دادەلـێ" لە هەورامیدا کە ئێستاش بە واتای دایک دێت.

**dhuuma = smoke** (OSD, sid 92)

**دووما:** ئەم وشەیە بە واتای دوکەڵ هاتووە. لە کرمانجی و لە زازاکیـدا "دوومـان" هەم بە واتای "مژ"[152] دێت و هەم بە واتای "دووکەڵ".[153]

---

[151] بڕوانە هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٨، ل.پ ٢٨٩.

[152] فەرهەنگا کانی، کرمانجییا ژووری- کرمانجییا ژێری، لە نووسینی جگەر سۆز،هەولێر ٢٠٠٩، ل.پ ٢١١.

[153] فەرهەنگی زازاکی- کورمانجی، لە نووسینی چەکۆ کۆچداغ ساڵی ٢٠١٠، ل.پ ١١٦.

**namati= to bow** (OSD, sid 93)

**نەمەتی/نەمیەتی:** ئەم وشەیە بە واتای "خـۆ نەوی کـردن" هـاتووە. لەدوو بـڕگە پێک دێت "نەمی+ ەتی". وشەی "نەمی" لە هەورامیدا بە شێوەی "نەمی/ نەمیێ"[154] گۆ دەکرێ کە لە  سۆرانیدا دەبێتە "نەوی" کە واتای نـزم و نەوی ئەدا، کە لە دۆخـی ناوی چاوگ دا دەبێتە "نەویەتی" یان بە شـێوازی هەورامـی "نەمیێیەتـی". کە وابـوو وشەکانی نەمیەتی و نەمیێیەتی هەر دووکیان هەر یەک وشەن و واتـای نزمـایەتی و دانەواندن ئەدەن.

**ná = not** (BFD)

**نا:** هەمان وشەی "نا"ی لە کوردیدا.

**navaih = new** (OSD, sid 94)

**نەوایە:** ئەم وشەیە لە شێوەزاری سۆرانیدا "نوێ" و لە کرمانجیدا وەک "نـوو" گـۆ دەکرێ.

**naada = sound** (OSD, sid 95)

**نادا:** ئەم وشە بە واتـای دەنـگ هـاتووە. ئەمە وشـەیەکی کـوردییە بەتـابیەتی لە شـێوازی هەورامیـدا وەک "نەدا" گـۆ دەکـرێ و واتــای دەنــگ و هــاوار دەدات. لە فارسیشدا ئەم وشەیە هەیە و هەر "ندا"ی پێ دەڵێن وهەمان مانای هەیە.

**nú = now** (BFD)

**نۆ:** ئەم وشە واتای ئێستا دەدا، لە کرمانجیدا چەند وشەیەک هەن کە لەگەڵ ئەم وشەیەدا هاوڕیشەن وەک "**نۆکە**" و"**نهە**"یە، لە زازاکیشدا هەر "**نـۆکە**"ی پـێ دەڵـێن.

---

[154] فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی- کوردیی، بێدار، هەولێر ٢٠١٠ زایینی، ل.پ ٩٦٣.

که لە ڕاستیدا هەر وشەی "نۆ"یە کە پاشگری "کە"ی گرتووە وەک "ئێستا / ئێستاکە یان نۆ/ نۆکە".

**paśú = cattle** (BFD)

**پەسۆ:** ئەمە هەمان وشەی "پەز"ە لە کوردیدا. کە لە زۆربەی شێوەزارەکانی کوردیدا هەر پەزی پێ دەبێژن. چەند وشەیەکی تر هەیە کە هەر واتای پەز دەگەینێ وەک مەر، مێی، شە/شەک (بەرخی دووساڵان).

**purú = much, many** (BFD)

**پورۆ:** ئەم وشەیە لە کوردیدا ماوەتەوە، لە کرمانجیدا بە شێوەی"پڕ" کە واتای زۆر دەدا بەکار دێت. وەک پڕ خۆشە، پڕ گەرمە، پڕ خراپە.

**purumāyá = wonderful** (BFD)

**پورو- مایە:** ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەم "پورو" کە هەمان وشەی "پڕ"ە کە پێشتر ڕوون کرایەوە. بڕگەی دووەم "مایە" کە لە کوردیشدا هەر هەمان مایەیە. وەک دەستمایە، سەرمایە، بێمایە، کەمایە. ئەم وشەیە واتای "پڕمایە" دەدات.

**parahya= day before yesterday,** (OSD) sid106

**پێراهیا:** واتای پێرێ ئەدا، ئەم وشە لە کوردیدا بە چەند شێوەیەک گۆ دەکرێ وەک پێرێ، پێرەکە و پێر.

**piiDana = harassment (OSD, sid 111)**

**piiDayaa = by torture (OSD, sid 111)**

**piiDayati = to oppress (OSD, sid 111)**

**پیی دانا، پیی دایا، پیی دایەتی: ئەم وشانە زۆر جێگای سەرنجە، لێرەدا وا دەردەکەوێ کە پێشتر ئامرازی "لێ" نەبووە و لە باتی "لێ" ئامرازی "پیی" بەکار هێنراوە. بۆیە وشەکانی بەرامبەری لە کوردی ئێستادا دەبێتە "لێ دان"، "لێ دا / لێ دە"، لێ دایەتی/ لێ دانیەتی".**

**puurve = before, ago** (OSD, sid 144)

**پووروە:** لە کوردیدا دەنگی "پ" گۆڕاوە بۆ "ب" و ئەم وشەیە ئێستا وەک بەرەوە گۆدەکرێ.

**bandii = prisoner** (OSD, sid 125)

**بەندی:** ئەمە وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە، لە باشووری کوردستاندا ئێستاش هەر بە زیندانی دەڵێن "بەندی" و بە زیندانیش دەڵێن "بەندیخانە". وشەی "بەندە" لە کوردیدا (کە لە فارسیدا وەک "بندە" دەنووسرێت) هەر لەم وشەوە هاتووە، "بەندی / بەندە" بە واتای کەسێکە کە بەند کراوە، (کۆیلە/ غۆڵام).

**balavaan = powerful** (OSD, sid 126)

**باڵاوان:** ئەمە هەمان وشەی "پاڵەوان"ە لە کوردیدا.

**bahu = arm** (BFD)

**baahu = arm** (OSD, sid 127)

**باهو:** ئەمە وشەیەکی کوردییە. لە هەورامی، سۆرانی و کرمانجیدا هەم باهو دەڵێن و هەم بازوو.

**bhuu = to be** (OSD, sid 134)

**بهوو:** ئەم وشەیە ئێستا لە کوردیدا وەک "بوو" یان " بوون" گۆ دەکرێ.

**buuh = become** (OSD, sid 135)

**بووە:** ئەم وشەیە لەوانەیە بە خراپ وەرگێڕدرابێت، ئەمە هەمان وشەی "بوو/ بووە" لە کوردیدا.

**bhuvana = is, existens** (BFD)

**بهووانا:** ئەم وشەیە لە کوردیدا بە شێوەی" بووانا" بەکار دێت، وەک: ئەگەر منداڵەکان لێرە "بووانا"یە، یان ئەگەر خوێندکارەکان لێرە "بووانا"یە.

**bhraatri = brother** (OSD, sid 137)

**بهراتری:** واتای "برا" و برادەر دەدات.

**bhumi = jord, mark** (BFD)

بهومی: ئەم وشەیە ئەمڕۆ لە کوردیدا وەک "بووم/ بۆم" کە واتای زەوی/ زەمین ئەدا. بۆ نموونە وشەی" بوومەلەرزە/ بۆمەلەرزە" کە واتای زەمین لەرزە ئەدا، یان وشەی "بەروبووم" کە ئەمڕۆ وەک دەستەواژەیەک بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی بەکاردەبرێت، کە لە ڕاستیدا "بەر" بە واتای بەری دارە (ثمر) و "بووم"یش واتای زەوی دەدا، کە دەڵێن ئەو شوێنە بەروبوومی باشە، واتا هەم بەری باش ئەدات و هەمیش زەوییەکەی باشە. یان لە دەستەواژەی مەرزوبووم کە واتای مەرز و سەرزەمین/ مەرز و وڵات دەدات.

**matsya = a fish** (OSD, sid 138)

**ماتسیا:** ئەم وشەیە لە ئەوێستادا بە شێوەی"ماسیو"[155] هاتووە، لە کوردیدا بە گشتی "ماسـی" دەبێـژن بەڵام لە هەورامیـدا وەک ئەوێسـتا "ماسـیو" و "ماساوی"[156] دەگوترێت.

**mada = Intoxication, brusning** (OSD, sid 138)

**مادا / مەدە:** ئەم وشەیە واتای سەرخۆش دەدا، لە کوردی و لە فارسیشدا لە گەڵ وشـەی **"مەدهـۆش"**دا بەرچـاو دەکەوێ، (وەک دەڵـێن مەسـت و مەدهۆشـە). هەروەها وشەی **"مەست"**یش هەر لەم وشەیەوە پەیدا بـووە واتـا "مەد+ هەسـت" کە مانای "هەست بە سەرخۆشی" دەگەینی.

**manushhya = man** (OSD) sid 140

**mánu = man, mankind** (BFD)

**مەنیوشەیا، مەنیو:** واتای مـرۆڤ یـان ئـادمیزاد دەدا. لە ئەوێستاشـدا بە شـێوەی "مەشـیا"[157] هـاتووە. لە زمـانی سویدیشـدا هەر"مەنیشـا"ی پـێ دەڵـێن، لە زمـانی سریلانکائیشدا"مەنیوشا"ی پێ دەوترێت. ئەم وشـەیە هەتـا سـەد سـاڵ لەمەوبەر لە کوردیدا بە شێوەی مەشـیە (ئـادەم) و مەشـیانە (حەوا) لە ناوچەکـانی هەورامـان و شارەزور و کرماشان و ئـیلام و لورسـتاندا بـرەوی هەبـووە، بەڵام ئێسـتا تەنیا لە نێـو سرودەکانی ئایینی یارسانیدا ماوەتەوە.

بۆ نموونە پیری شالیار ( ١٠٠٦- ١٠٩٨ زایینی)، شاعیر و پیری زەردشتی و یەکێ لە گەورە پیرەکانی یارسانان لە یەکێ لە هەڵبەستەکانیدا ئاوا باسی مەشیە (ئادەم) و مەشیانە (حەوا) دەکا:

---

[155] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm (2012-01-21)

[156] فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی- کوردیی، بێدار، هەولێر ٢٠١٠ زایینی، ل.پ ٨٧٣.

[157] Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html 2012-12-02

"یاران جه ڕێواس، یاران جه ڕێواس پادشام پەیدا بی، جه دانەی ڕێواس

مەشیە و مەشیانە، بەرامان جه "واس"[158] پەرێ ئازمایی، مێردان ڕەواس"[159]،

(مارف. خزنەدار ٢٠٠١: ٢٣٨).

واتاکەی:

ئەی یاران لە ڕێواس

پادشام پەیدا بووە، لە دانەی ڕێواس

ئادەم و حەوا لە "تۆم/تۆو"ی چاندراوەوە هاتوون

تا تاقی بکرێنەوە ئەو کەسانەی وا لە ڕووەک پەیدا بوون.

هەروەها لە هەڵبەستیکی تردا شاخۆشین ( ١٠١٥ - ١٠٧٤ زایینی) کەشاعێر و یەکێکی تر لە پیرانی یارسانانە ئاوا دەڵێ:

"ئەز چەنی تۆمەن، شەهریار بێ گەرد

قەڵای کەنگاوەر ئانە بی وەگەرد

دوڕ نە تای دەریا، ئیمەی بەروارەرد

نامەکەی مەشیە، ئیمەی بەرد ئەوفەرد"[160]

واتاکەی:

[158] واس بە واتای "تۆم/ تۆو"ی چاندراوە، لە ئەوێستاییدا وەک "وەرێش varēš"(احسان. بهرامی، ١٣٦٩: ١٢٩٦) ، و لە زمانی پەهلەویدا وەک "وەج (ب. فرەوشی ١٣٨٠: ١٣٦) هاتووە.

[159] لەسەر واتای وشەی "ڕەواس" لە وتووێژێکدا لەگەڵ مامۆستا "فەهمی کاکەیی"، بۆی باس کردم کە لە نوسخەکانی تردا لە بەشی بارگە بارگە ئەم وشەیە وەک "هەقناس (حق ناس)" هاتووە.

[160] مێژووی ئەدەبی کوردی د.مارف خزنەدار چاپی هەولێر ساڵی ٢٠٠١ ل.پ ٢٤٣.

ئەی پیر شاریاری پاک

ئیستا قەڵای کەنگاوەر وێران و پر غوبارە

لەو ڕۆژەی کە دوڕ لە دەریا پەیدا بوو

ئیمەش بە ناوی ئادەم هاتیینە ئەم گیتییە

دەبــی ئەوش لە بیرمـان نەچـێ کە مەبەســت لە قەڵای کەنگـاوەر، پەرەسـتگای کەنگاوەرە واتا "پەرەسـتگای ئاناهیتـا"یە. وشـەی ئاناهیتـا واتـای بـێگەرد دەدا، بـۆیە شاخۆشین دەڵـێ ئەو پەرەسـتگایە کە بـێگەرد بـوو ئێسـتا بـووە بەگەرد (واتـا ئێسـتا ڕووخاوە و بووە بە گەرد، مەبەستی ئەوەیە کە ئیتر برەوی جارانی نەماوە).

**maa = do not** (OSD, sid 143)

**mā = not, that not** (BFD)

**ما:** ئەم وشەیە لە سانسکریتی و هەروەها لە ئەوێسـتاییدا نیشـانەیە بـۆ نەرێنـی کردن (نهی). لە کوردی شێوەزاری هەورامیـدا هەر وەک سانسـکریتی و ئەوێسـتایی **"ما"** بەکار دێت، بەڵام لە شێوەزارەکانی تـری کوردیـدا ئەم نیشـانەیە وەک "مە" گـۆ دەکرێ. بۆ نموونە:

شێوەزاری هەورامی: ماوانا، ماسڕا، ماوەرا، ماواچا.

شێووە زاری سۆرانی: مەخوێنە، مەسڕا، مەخوە، مەبێژە/ مەڵێ.

**man, mányate = think** (BFD)

**manyate = to think** (OSD, sid 41)

**manye = think** (OSD, sid 141)

**مەن، مەنیاتە، مەنیە:** ئەمە وشەیەکی کۆنی کوردییە واتای بیر و ئەندیشـە دەدا، ئێســتا لە کوردیــدا بەکارناهێنرێــت، بەڵام لە هێنــدێک لە ناوچەکــانی باشــووری کوردستاندا وەک گەرمیان و کرماشان و ئیلام هێشـتا هەر مـاوەتەوە. هەر وەهـا ئەم وشەیە لە شێوەی ناوی "بەهمەن"دا بە دی دەکرێـت کە لە دوو بـڕگە پێـک هـاتووە "بەهـ- مەن"، برگی یەکەمی واتای "بـاش" دەدات وەک دەڵـین بەبە/ بابا لەو کـوڕە، بەبە / بابا لەو شێرە. بڕگەی دووەمیش "مەن"[161] لە کوردیـدا واتـای بیـر و ئەندیشـە دەدات، پێکەوە واتـای "ئەندیشـەی بـاش" دەدات. ئەم وشـەیە لە ئەوێسـتادا وەک "وهو- مەن / وهو- مەنە" هەر بە واتای ئەندیشەی باش هاتووە.

**Maatri = mother** (OSD, sid 144)

**mātṛ́ = mother** (BFD)

**ماتری، ماتر:** لە باتی ئەم وشەیە ئێستا لە زۆربەی شێوەزارەکانی کوردیـدا وشـەی دایـک/ دایە بەکـار دێـت، کە لە وشـەی "دا"وە هـاتووە. "دا" لە ئەوێسـتاییدا واتـای چـاودێری و پەرەسـتاریکردن دەدات. بەڵام لە شـێوەزاری زازاکیـدا بە دایـک دەڵـێن "مای"، کە کورت کـراوەی وشـەی "مـاتری"یە. ئەم وشـەیە پێشـتر لە کوردیـدا بەکـار هــاتووە بــۆ نمــوونە شاخۆشــین لە یەکــێ لە هەڵبەســتەکانی دا لە هەزار ســاڵ لەمەوبەردا وشەی "ماما"ی کە هاوریشەیە لەگەڵ "ماتر" بەکار هێناوە.

| | |
|---|---|
| **مامام جەلالێ کاکام ڕەنگینە**[162] | **دوون وە دوون ئامام چینە وە چینە** |
| **ها ئیسا یۆرت و نامم خۆشینە** | **هەر کەس بشناسوم پاکش مەو کینە** |

[161] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ساڵی ٢٠٠٥ زایینی، ل.پ ٦٤٢.
[162] یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕوستەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی، ل.پ ٨٢.

**واتا دایکم ناوی (جەلالە) وکاکەم ناوی "ڕەنگین"ە ڕەوانی من لە ناو چەند تەنێکدا گەڕاوە تا گەیشتوومەتە ئەم تەنە و ئێستا ناوم" خۆشین"ە هەر کەسێک بە ڕاستی بمناسێت هیچ کینەیەک لە دڵیدا نامێنێت.**

**márta = mortal** (BFD)

**مەرتە:** ئەم وشەیە لە هەورامیدا وەک مەردە و لە سۆرانیدا وەک مردو، گۆ دەکری. لە هەورامیدا دەنگی پیتی "د" لەم وشەیەدا زیاتر هەوای دەنگی"ت"ی هەیە وەکوو مەرتە.

**mártya = mortal man** (BFD)

**مەرتیا:** لە کوردیدا بەچەند شێوەی جۆراوجۆر گۆ دەکری وەک مردو (کوردیی ناوەندی)، مردی (کوردیی باشووری)، و مری (کوردیی باکووری/ کرمانجی).

**mita= a few, a little** (OSD, sid 145)

**میتا:** واتای کەم و بچووک دەگەینێ، ئەم وشەیە لە ناوچەی سنە وەکوو میتان گۆ دەکرێ بۆ نموونە دەبێژن خلەمیتان واتا کەسیک یان منداڵێکی زۆر چکۆلە، یان دەڵێن فرە میتانە، واتا زۆر بچووکە.

**mihira = sun** (OSD, sid 145)

**میهیرا:** ئەم وشەیە واتای خۆر ئەدا، بە خودای خۆریش میترا (میهیرا) وتراوە، میهیر زۆر گەورەترە لەوەی کە لە نێو کوردا فەرامۆش بکرێت. ئێستا لە کوردیدا بە مێهر گۆ دەکرێ وبێجگە لە وشەگەلی مێهر و مێهرەبان لە ناوی کەسی و هەروەها ناوێ شوێن و جێگاکاندا هەر ماوەتەوە وەک نموونە ناوەکانی مێهرداد ، مێهرزاد، مێهری، مێهرئەنگیز، مێهران . ناوەکانی میر و میرزا و میرزادە و میرمیران کە واتای "گەورەی میران" دەدا هەمووی هەر لە مێهروە هاتوون. وشەی مەریوان لە کوردیدا

له بنەرەتدا هەر مێهرەوان / مێهرەبان بـووە. وشـەی مێهرەبـان جـاران ئەم واتـاییەی ئێســتای نەبــووە بەڵکــوو واتــای کەســێکی داوە کە ئاگــای لە مێهــر بــووە واتــا مێهرپەرەسـت یـان خوداپەرەسـت یـان بە واتـایکی تـر دینـدار، بەڵام ئەمـڕۆ واتـای کەسێک ئەدا کە ڕووخۆش و دڵسۆز بێت.

**yavana= foreign** (OSD, sid 151)

**یاڤانا:** بەرانبەرەکەی لە کوردیدا "بیانا / بیانی/ بێگانە"یە.

**yuvan = young** (OSD, sid 152)

**یووان، یوڤان:** بەرانبەرەکەی لە کوردیدا "جوان"ە. بەڵام لە سرودەکانی یارسانیدا کە بە شێوازی هەورامییە ئەم وشەیە هەر وەک "یوان" هاتووە.

"پیر و یوان و گەورە و وردمان          بکۆشتین پڕی ڕاگەی پردمان"[163]

واتا: پیر و جوان و گەورە و وردمان، تێ بکۆشین بۆ ڕێگەی پردمان. (مەبەست لە **"پرد"** لێرەدا پردی "چینوات"ە، لە شێوەزاری باشووریدا چوون و هات وەک "چینوهات/ چینوات" گۆ دەکرێ واتا ئەم وشەیە واتای پردی چوون و هات دەدات. بەپێی ئایینی زەردەشتی ئەگەر کردەوەت باش بێ، لە پاش مردن بە ئاسانی بەسەر پردی "چینوات"دا تێ دەپەڕی، بەڵام بۆ ئەوانەی کە کردەیان باش نییە، پردەکە دەبێتە شمشیرێکی تیژ و لەت وپەتیان دەکا).

**rajani= night** (OSD, sid 155)

**راجانی/ڕەژانی:** واتای شەو ئەدا، ئەم وشەیە لە کوردیدا ئێستا وەک ڕەشـانی یـان ڕەشایی لێ هاتووە، بە ئەگەری زۆر ناوی ڕەنگی "ڕەش" هەر لەم وشەیەوە هاتووە.

---

[163] مشاهیر اهل حق ، ص ٣٨، صدیق صفی زاده "بورەکەئی"، تهران سال ١٩٨١.

**ru = light** (OSD) sid 159

**ڕۆ:** وشەیەکی کوردییە واتای "ڕۆشنایی و هەروەهـا ڕۆژ"[164] دەدا، وشـەی "ڕۆ" و "ڕۆژ" و "ڕۆشن" گشتیان هەر یەک واتایان هەیە بڕوانە وشـەی ئیمـڕۆ و ئیمـڕۆژ. لە کرمانجیدا گەلێ جاران لە باتی ڕۆژ وشەی " ڕۆ" بەکار دێنین.

**ríş = harm** (BFD)

**ڕێش:** ئەم وشە لە شێوەزارەکانی کوردیی هەورامی و لەکیدا بەکـار دێـت و هەر "ڕیش"ی پێ دەڵێن. بۆ نموونە

پیرعابدینی جاف (١٣٢٠- ١٣٩٤ زایینی) شاعێر و لە پیرانی یارسانییە ئاوا دەڵێ:

"بەپێی وتەی سەرەنجامم لە شارەزورە ئەنجامم

یارم لەوێ دەدا کامم لە بادە پڕ دەکا جامم

سارێش دەکا ڕێش و زامم تا بگەمە هەمی دامم

من عابدینی هەورامم دڵداریی جووانی خوا جامم"[165]

یان لە هەڵبەستیکی بابا جەلیل لە نێوان ساڵانی ( ١٤٧٨- ١٥٦٠ زایینی دا).

ڕیازەت کێشم

ئەزیزم پەی تۆ، ڕیازەت کێشم

بەزەی کەر وە حاڵ، دەروونی ڕێشم

---

[164] فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی- کوردیی، بێدار، هەولێر ٢٠١٠ زایینی، ل.پ. ٥٢٣.

[165] مێژووی ئەدەبی کوردی د.مارف خزنەدار چاپی هەولێر ساڵی ٢٠٠١ ل.پ ٢٦٦.

**vīrá = hero, man, strong son** (BFD)

**وێرا:** واتای قارەمان، مەرد و کوڕی بەهێز بۆ ئەم وشەیە دانراوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە وشەیەکی کوردییە کە چاوگەکەی "وێرین/ وێران"ە کە واتای بێباکی، دلێری، و بوێری دەدات، بۆ نموونە: نەیان- وێرا، نەم- وێرا، کوڕێکی بوێرە.

خۆدی وشەی دلێریش هەر لەم وشەیەوە هاتووە، ئا بەم جۆرە: "دڵ + وێر" واتا دڵوێر کە دواجار بووە بە دلێر.

**vīryà = heroic deed, manly strength** (BFD)

**وێریا:** ئەمەش هەر هەمان وشەی پێشووە. هەر هەمان واتاش دەگەیینی.

ڕوون کردنەوەیەک لەسەر وشەکانی **"ورە" و "وزە":** هێندێک جیاوازی هەیە لە نێوان وشەی "ورە/ ورا" و "وێرا" لە کوردیدا. ورە هێزی نەترسی و بوێرییە، واتا ئەگەر کەسێ ورەی هەبێ دەوێرێ، و ئەگەر ورەێ نەبێ ناوێرێ. کە وابوو ورە هێزی "وێران"ە. هەر ئەم پەیوەندییەش لە نێوان وشەی " وزە" و وشەی "هێز"یشدا هەیە، واتا "وزە" هێزی توانایییە، هەر کەسێ وزەی هەبێ هێزیشی هەیە، و هەر کەسی وزەی تێدا نەمێنێ، هێزێشی تێدا نامینێ.

**vac = speak** (BFD)

**واچ:** ئەمە وشەیەکی کوردییە لە شێوازی هەورامیدا کە هەر چەشنی ئەوێستایی و سانسکریتی وەک"واچ گۆ دەکرێ، بۆ وێنە دەڵێن "کاکەم واچەن" واتە کاکەم دەڵێ. وشەگەلێ وەک واچە، واژە، بوشە، بێژە هەمووی هەر لەم وشەوە هاتوون.

**vacha = word** (OSD, sid 163)

**واچا:** واتای وشه ئەدا، لە هەمان ڕەگی وشەی "واچ"وە هاتووە. لە هەورامیدا هەر وەک "واچە/ واچا"یە، لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا وەک "وشە" و "واژە" گۆ دەکرێ.

**vivaaha = Wedding** (OSD, sid 175)

**vivaa = marriage** (OSD, sid 175)

**ویواها، ویوا/ (وەیڤاها، ڤەیڤا):** واتای ژن هێنان و زەماوەند دەدا، ئەم وشە لە زازاکیدا ماوەتەوە و" وەیڤە/ وەیوە (veyve)"ی پێ دەڵێن[166]. لە ئەوێستاشدا هەر وا گۆ دەکرێ. لە شێوەزارەکانی هەورامی و زازاکیدا بە بووک دەبێژن "وەیوە"[167]، لە ناوچەکانی شارەزور و سنەدا بە بووک دەڵێن " وەوی".

**vasha = agree** (OSD, sid 166)

**واسها/ ڤاسا:** ئەم وشەیە لە کوردیدا هەر ماوەتەوە و بە چەند شێوازێک نزیک لە یەک گۆ دەکرێ وەک "وەسایە" (کرمانجی)، "واسە" ( ناوچەکانی شارەزور، سنە و هەورامان)، "وایە" (سۆرانی)، و " وەهایە" ( کوردی بە گشتیی ).

**varshha = rain** (OSD, sid 165)

**وارشا:** واتای باران دەدا. ئەم وشەیە لە شێوەی هەورامی و زازاکیدا هەر بەم چەشنە گۆ دەکرێ. وشەی وارشا ناوی چاوگە بۆ " واران"، کە بەرانبەرەکەی لە کوردیدا ئاوایە:

---

[166] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag, l.p.478

[167] فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی- کوردیی، بێدار، هەولێر ٢٠١٠ زایینی، ل.پ.١٠٣١.
فەرهەنگی زازاکی- کورمانجی، لە نووسینی چەکۆ کۆچداغ ساڵی ٢٠١٠، ل.پ.٤٧٨.

| ناوی چاوگ | ناو | شێوەزار |
|---|---|---|
| وارەش | واران | زازاکی |
| وارەشت، وەشت | واران | لەکی، هەورامی |
| بارش، بارشت | باران | کرمانجی، سۆرانی |

**vaata = wind** (OSD, sid 166)

**vaayu= wind** (OSD, sid 168)

**واتا، وایو/ (ڤاتا،ڤایو):** بەرامبەرەکەی وشەی "وا"یە لە هەورامی، زازاکی، لەکی و کەڵهۆڕیدا و وشەی "با"یە لە سۆرانی و کرمانجیدا.

**vāja = power, strength** (BFD)

**وجا:** ئەم وشەیە واتای هێز دەدا، بەرامبەرە لەگەڵ وشەی کوردی "وزە".

**vrika = wolf (**OSD, sid 178)

**ورێکا:** ئەم وشەیە واتای گورگ دەدا، لە زازاکی و هەورامیدا وەک " وەرگ (verg)"[168] گۆ دەکرێ، بەڵام لە سۆرانی و کرمانجیدا لە ژێر کاریگەری زمانی ئەشکانییەکاندا دەنگی "و" گۆڕاوە بۆ "گ".

**vad, vádati = speak** (BFD)

[168] فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی- کوردیی، بێدار، هەولێر ٢٠١٠ زایینی، ل.پ. ١٠١٢.

**واد، واداتی:** ئەم وشەیە واتای وتن دەدات، بەرامبەرەکەی لە شێوازی هەورامی و لەکیدا دەبێتە "وات" و لە شێوەی سۆرانی و کەڵهوریدا دەبێتە" وت"، لە کرمانجیدا دەبێتە "گۆت". وشەی واداتی لە سانسکریتیدا پێک هاتووە لە وات لە گەڵ پاشگری "اتی" کە وشەکە دەباتە دۆخی کارەوە، ئەگەر بەرانبەری لە کوردیدا بۆ ببینینەوە دەبێتە "واتیەتی" و یان "وتیەتی".

**víśva = all** (BFD)

**ڤیسڤا/ویسوا:** واتای گشت یان هەموو دەدا. ئەم وشەیە لە زازاکیدابە شێوەی "ڤیسە/ ویسە" و لە شێوەی لەکیدا وەک "وسیار" بەکار دێت.

**sūrya = sun** (BFD)

**suurya = sun** (OSD, sid 209)

**سوریا:** واتای خۆر دەدا، ئەمڕۆ لە کوردیدا لە شێوەی ناوی کچاندا هەر ماوەتەوە و "سورەیا"ی پێ دەڵێن.

**soma = ljus, God** (OSD, sid 210)

**سۆما:** بە واتای ڕۆشنایی و بە واتای خودا هاتووە. لە کوردیشدا هەر هەمان واتای هەیە:

١- واتای هێزی بینایی و هەروەها تروسکەی ڕووناکی لە دورەوە ئەددا[169].

٢- زۆر جاران دەنگی "س" سانسکریتی لە زمانی کوردیدا دەگۆردرێت بۆ " ه" هەر وەک ئاسورا بووە بە ئاهورا، ناسیتا بووە بە ناهیتا، سیند بووە بە هیند، بێ

[169] بڕوانە هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٨، ل.پ ٤٢٩.

سوده بووه به بێ هووده، و سۆما بووه به هۆما. له زازاکیدا به خـودا دەڵـێن "هۆمـا (Homa)"[170] که هەمان سۆمای سانسکریتییه.

**sthaa = to stand** (OSD, sid 211)

**ستها/ستا:** واتای وەستان ئەدا، بەرانبەرەکەی له کوردیدا وشەی "وەستا"یه.

**sthaana = place** (OSD, sid 211)

**ستهانا/سـتانا:** ئەم وشـەیه واتـای "سـتان" ئەدا له کوردیـدا. ئێسـتا زیـاتر وەک پاشگری شوێن بەکار دێت وەک گۆلێستان، دارستان، بێستان، کێوستان، کوردستان.

**stuta = praised** (OSD, sid 211)

**ستوتا:** واتای ستایشکردن ئەدا، له کوردیدا هەر وەک ناوی چاوگ بەکار دیت واتا وەک ستایش یان ستایشت. ئەم وشەیه له فارسیدا وەک ستودن بەکار دێت.

**sva = self** ( OSD, sid 214)

**سڤا/سوه:** ئەم وشەیه واتای خۆ ئەدا، ئێستا گۆڕانکاری به سەریدا هاتووه، لەوانه دەنگی "س" گۆڕدراوه بۆ "ه" و وشەکه بووه به "هوڤا /هوه" که دواجاریش گـۆڕاوه بۆ خۆ.

**ئەنجامەکانی ئەم بەشە:**

**ئەم بەراوردکارییه ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ که خزمایەتی و پەیوەندییەکی نزیک له نێـوان زمانەکـانی کـوردی و سانسـکریتی و میتانیـدا هەیه. هەروەهـا ئەوەش دەسـەلمێنێ که له نـاوچەی میزوپوتامیـادا بـێجگه له زوانـی کـوردی نەبـی هـێچ زمـانێکی تـر له نـاوچەکەدا نیـیه که ئەونـده نزیکـایەتی لەگەڵ زمـانی میتـانی و**

---

[170] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag, l.p.190

**سانسـکریتییدا هەبـێ. بێگومـان میتانییەکـانیش تەنیـا یەکـێ لە هۆزەکـانی هیندوئێرانیی زمان بوون کە فەرمانڕەوایەتی ناوچەکەیان لە بندەسـتدا بـووە. بەڵام هاوکات لەگەڵ میتانییەکان و پێشتر لەوانـیش بە دەیـان و بگـرە بە سـەدان تیـرە و هۆزی ئێرانیی زمان لە ناوچەکەدا ژیاون کە بە زمـانیکی نزیـک لە یەک دواون (بـۆ نموونە هەبوونی گوندی گاسـوور لە نزیکـی کەرکـووک بـۆ خـۆی بەڵـگەیە). زمـانی کوردی ئەمڕۆ هەر چەند گـۆڕانی بە سـەردا هـاتووە و بـێ گومـان کەوتـووەتە بەر کاریگەری زمانی گەلانی دەور و پشتی خۆی بەڵام ڕیشەکەی هەر دەگەڕێتەوە بـۆ زمانی میتانی و ئەو هۆزە ئێرانیـی زمانـانە کە لە نـاوچەکەدا نیشـتەجێبوون و هەر لەمێژەوە لەوێ دەژیان. بەڵام هەر وەکوو پێشتریش باسی کرا، ناتوانرێت بگوترێت کە زمانی میتانی و هەروەهـا زمـانی ئەو هـۆزانەی دیـکە کە لەو سـەردەمەدا پـێ ئاخاوتوون ڕێک زمانی کوردی بووە، بەڵکوو ئەو زمانانە ئەو زەمیـنە و ژێرخانەیـان خۆش کـرد کە دوواجـار بـوو بە بنـاغە و پـایەیەک بـۆ سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی زمانێک کە ئێستا بە کوردی دەناسرێت".**

# بەشی سێیەم

## یەکیەتیی هۆزەکانیماننا/پادشایەتی ماننا

تا ئێستا کەمترین لێکۆڵینەوە و پشکنینی تایبەتی کـراوە بە دوای شـوێنەوارەکانی فەرمانڕەوایی ماناکانـدا بـۆ پەی بـردن بە ڕووداوەکـانی ئەو سـەردەمە و چـۆنیەتی فەرمـــانڕەوایی مانناییەکـــان و پەیوەنـــدییەکانیان لەگەڵ هۆزەکـــانی تـــر و دەستەڵاتەکانی تری ناوچەکەدا. ئەو زانیارییانەش کە ئێستا لەبەر دەستدایە زۆرتر لە سـەرچاوەکانی ئاشـووری و ئورارتـووییەوە بەدەسـت هـاتوون کە پادشـاکانیان هەر بۆهەڵکێشانی خۆیان و تۆمارکردنی سەرکەوتنەکانیان بەسەر مانناییەکاندا بەکەیفی خۆیـان نووسـیویانە و لە پـاش خۆیـان بەجێیـان هێشـتووە. دیـارە ئەمەش ئـاوێنەی

ڕۆژانی ڕەش و ناکامی مانناییەکان وێنا دەکا نەک وێنەیەکی ڕاستەقینە لە وڵات و دەستەڵاتیماننا.

یەکێ لە زانا بەناوبانگەکانی بواری مێژوو کە زۆرترین شتی لەسەر مانناییەکان کۆ کردوەتەوە دیاکۆنۆڤە. مێژوونووسانی تر زۆربەیان هەر بە پشتبەستن بە نووسراوەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیان کردووە و وتاریان نووسیووەتەوە. بۆیە باشتر وایە ڕاستییەکان لە دیاکۆنۆڤە وەربگیردرێت و هەڵەکانیشی ڕوون بکرێتەوە.

پاش لەناوچوونی فەرمانڕەوایی میتانی، شوێنەکانی ژێردەستەڵاتیان دابەش بوو بە سەر دوو پادشایەتی، هیتی و ئاشووریدا. هیتییەکان بەشی باکوور و ڕۆژاوا و ئاشوورییەکانیش بەشی باشووری ئەو وڵاتەیان داگیر کرد. لە دوای ماوەیەکی کورت ئاشوورییەکان توانیان دەست بە سەر بەشێکی زۆر لە وڵاتی میتانیدا بگرن. بەڵام چەند بۆشاییەک لە بەشەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتدا پەیدا بوون کە لە ئەنجامدا دوو فەرمانڕەوایی بەهێز ئەم بۆشاییانەیان پڕ کردەوە کە بریتی بوون:

- لە لای باکوورەوە هۆزەکانی هوری (خۆری) کە یەکێ لە پێکهاتەکانیان ئەرمەنەکان بوون، فەرمانڕەوایی **"ئورارتوویان"** دامەزراند کە ناوندەکەی تۆشپە بوو (شاری وان). فەرمانڕەواییەکی بەهێز و پان و بەرین کە هەر لە ناوچەی جەزیرە وبۆتانی ئیستا هەتا دەگاتە ناوچەکانی سەرەوەی گۆلی ورمێی (ارومیە) و ئەرمەنستانی ئێستا، هەر هەمووی کەوتنە بن دەستەڵاتی ئەوان. تەنانەت لە سەردەمیکدا توانیان ناوچەکانی ڕەواندز و شنویش بخەنە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیان، مینەواس یەکێ لە پادشاکانیان نووسراوەیەکی لە خۆی لەسەر کێلەشین بەجێهێشتووە. (ئەم نووسراوەیە ئێستا لە لایەن دەستەڵاتی ئێرانەوە گواستراوەتەوە بۆ موزەخانە).

- لە لای ڕۆژهەڵاتیشەوە یەکیەتیی هۆزەکانی ماننا دەستەڵاتی خۆی هەر لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی گۆلی ورمێیەوە واتا بەشیکی زۆر لە ناوچەکانی ئازەربایجان و هەروەها ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراندبوو. لێرەدا باسی وڵاتی ئورارتوو وەلا

دەنین و تەنیا باسی ماننا دەکەین بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندیی زمانەکەیان لەگەڵ زمانی کوردیدا.

ئاشوورییەکان بە تۆمارکردنی سەرکەوتنەکانی خۆیان توانیویانە ناوی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک هۆزەکان و هەروەها ناوی ناوچەکان بۆ ئیمە بەجێبهێڵن کە سود وەرگرتن لەم ناوانە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی زانیاریی لەسەر زمانی دانیشتوانی کۆنی وڵاتی کوردەواری بەدەستەوە بدات. ئاشوورییەکان لە سەرەتادا گشت دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ئاشووریان واتە دانێشتوانی کۆنی وڵاتی کوردوارییان بە هەموو نەژاد و زمانێکەوە وەکوو لۆلۆبی (وشەیەکی هورییە و واتای بیانی و دوژمن دەدا) و هێندێ جاریش وەک گۆتی، و ناوچەکانیشیان وەک "زاموا" ناو لێ بردووە. ئەم ناوچەیە واتا زاموا لە پێشدا هەر لە گۆلی ورمێییەوە هەتا سەرەوەی ڕووباری دیالەی لە خۆ دەگرت بەڵام پاشان دەستەواژەی زاموا بۆ ناوچەیەکی بەر تەسکتر بەکاردەهات کە لە دربەندی بازیانەوە لە خوارەوەی کەرکووک دەستی پێ دەکرد و ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەری هەتا دەگەیشتە مەریوان و بەشیک لە هەورامانی ئێستا هەتا دەگەیشتە سەرەوەی ڕووباری دیالە واتا سنووری وڵاتی "نامار/ نامری" دەگرتەوە. (دەتوانین بڵین ناوچەی زاماوا لای ئاشوورییەکان بریتی بوو لە ناوچەکانی شاربازێر، شارەزوور، گەرمیان و هەورامان). لێرەدا بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر ماننایییەکان کورتەیەک لە مێژووی ئەو سەردەمە باس دەکرێت:[171]

"لە کوتای سەدەی دەیەمی پێش زایینـدا (٩١١- ٨٩٠ ) ئەداد نێراری دووەم پادشای ئاشوور، دەستی دایە هێرشێکی بەربڵاو لە دژی لۆلۆبیان هەر لە گۆلی ورمێییەوە هەتا ڕووباری دیالە، لەم هێرشانەدا خەڵکی بە کۆمەڵ کوشتار کرد. پاش مردنی ئەداد نێراری کۆرەکەی "توکولتی نینورتی دووەم" درێژەدەری ڕێگای باوکی بوو و لە ڕێگای دەستدرێژی و کوشتوبڕەوە توانی سنووری وڵاتەکەی فراوانتر بکا، بەڵام لەمانە خراپتر هێرشەکانی "ئاشوور ناسرپاڵی دووەم" بوو لە ساڵەکانی ٨٨٣،

[171] سەرچاوەی سەرەکی نووسینی ئەم بەشە پەرتووکی مێژووی ماد لە نووسینی ا.م. دیاکۆنۆف ولە وەرگێرانی کەریمی کشاورز لە ساڵی ١٣٤٥ هەتاوی لە تاران.

٨٨١ و ٨٨٠ پ.ز. بە هەر ناوچە و گوندێکدا کە تێ دەپەڕی تاڵانی دەکرد، لە ئەسپ و ئاژەڵەوە بگرە هەتا کەرەستەی ناوماڵان، خەڵکەکەشی یان دەکوشتن و یان وەک "بەردە (کۆیلە)" دەیبردن.

[وشەی "بەردە" کە بە واتای کۆیلە و بەندی دێت، وشەیەکی کوردیی هەورامییە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە. لەو کاتەدا ئەو کەسانەی کە لە لایەن دوژمنەوە دەگیران و دەبردران لە لایەن کەس و کارەکانیانەوە پێیان دەگوترا "بەردەکان" واتا ئەوانەی کە بردران (براوەکان)، هەر ئەم وشەیە بوو کە دواجار چووەتە نێو زمانی فارسییەوە و بوو بە بەردەگان (بردگان)].

خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی کۆنی کوردەواری لەمە باش تێ گەیشتبوون کە سەروماڵیان لە مەترسی لە ناوچووندایە هەر بۆیەش دەستیان دایە خۆ ڕێکخستن و بەرخودان. لەوانە **"نوور- ئاداد"** سەرۆکی هۆزی **"ناسیکۆ"** لە ناوچەی داگار هەموو خەڵکی زاموا (شارباژێر و شارەزوور)ی کۆ کردەوە لە ژێر سەرکردایەتی خۆی، و دەستیان دایە دروستکردنی شوورێک (دیوارێک) لە "دەربەندی بابیتە" [واتا لە دەربەندی بازیان] بۆ ئەوەی ڕێگە لە هێرشی ئاشوورییەکان بگرن. بەڵام بەر لەوەی شوورەکە تەواو بێت، ئاشوورناسرپاڵ هێرشی کردە سەریان، لە ئەنجامدا هێزەکانیان بەرگەیان نەگرت و ئاشوورییەکان توانیان لە دەربەندی بازیان تێ پەڕن و لەسەر ڕێگای خۆیان سێ پادشا (مەبەست سێ سەرۆک هۆز بووە) تارومار بکەن، هەروەها زۆر ناوچەی تریان داگیر کرد و هەموویان خستە سەر وڵاتی ئاشوور و باجێکی قورسیشیان خستە سەر دانیشتوانەکەی. دوو ناوچە لەمانە لە باشووری زاموا بە ناوەکانی" ئامێکا" و " ئاراشتوا" (لای شارەزوور و خانەقین) ساڵی دواتر باجەکەیان نەدا، بۆیە ئاشوور ناسرپاڵ بە خێرایی پەلاماری کردە سەریان و تاروماری کردن. [لە ڕاستیدا دەبێ ئەمەمان لە بیر نەچێ کە ئەم ناوانە ناوی ناوچەکان نین، بەڵکوو ناوی سەرۆک هۆزەکان یان میرە ناوچەییەکانە. لەو سەردەمەدا باو بوو کە ناوچەکانیش هەر بە ناوی سەرۆکەکانیانەوە ناوی لێ دەنرا].

ئەو شوێنانە کە کەوتنە بەر ئەم هێرشەوە ئەمانە بـوون: **"ئامـالی"**، دژی (قەڵای) **"ئاراشتوا"** لە قەراخی رووباری دیالە، هەروەها ناوچەکانی تەنیشتی وەک "**کیرتیـارا"** و **"سابینا"** و**"موساسینا"** هەتا گردنەکانی **"خاشمار"** کەسی تێـدا نەهێشـت، ئەوانەی کە بۆ کارکردن دەشیان کران بە کۆیلە و بردیانیان، ئەوانەی دیکەش بە ژن و پیاوەوە هەمـووی کـوژران و منداڵەکانیشـان خسـتە نێـو ئـاگرەوە. دواجـار هێـرش کـرایە سەرناوچەی ژێردەستەڵاتی **"ئامێکا"**، ئامێکـا لەگەڵ هـۆزەکەی پەنایـان بـردە شـاخ و خۆیان لەوێ حەشار دا بەلام ئاشوورییەکان توانیان دەیان کەس لە جەنگاوەرەکانیان بگـرن و پـاش ئەشـکەنجەیەکی زۆر بیـانکوژن. پاشـان ڕوویـان لە نـاوچەی "سـنە (سنندج)" کرد و یەکێ لە میرەکـانی ئەو نـاوچەیە بە نـاوی **"ئاتـا"**یـان تارومـار کـرد. ئاشوور ناسرپـاڵ هەر بەمەوە نەوەسـتا بەڵکـوو کەوتە شـوێن ئەو خەڵکـانەی کە لە ترساندا بەرەو چیاکان هەڵهاتبوون و دەستی دایە چپاو کردنیان، ژمارەیەک لە میـران و سەرۆک هۆزەکان بۆ پاراستنی خۆیان لە کوشتوبڕ دیاری و باجیان نارد بۆ پادشـای ئاشـوور لەوانە میرانـی **"گیلـزان"** (نـاوچەی شـکاکان لە ڕۆژاوای گـۆلی وەرمـی) و **خۆبوشکیە** (باشووری گۆلی وان) ، و دژی کاسی ( **خارتیش)** لە مەرزی ئیلام.

لە پاش ئاشوور ناسرپاڵ کـوڕەکەی کە نـاوی "**شـاڵمان نـاساری"** بـوو دەسـتەڵاتی گرتە دەس ئەویش هەر بە شێوەی باوکی ماوەی ٣١ سـاڵ بە تـاڵانگەری و کوشـتوبڕ فەرمـانڕەوایی کـرد و بە قسـەی خـۆی توانیـویەتی دەسـتی بگـاتە ناوچەکـانی دەوروبەری گۆلی وان.



وێنەی ژمارە ٩، ئاشوورییەکان دیلەکانی "ماننایی/مادی" دەگوێزنەوە[172]

لە ساڵی ٨٤٣ پ.ز بشێوی و نافەرمانی لە ناوچەی "نامری/نامار"[173] هەڵگیرسا، سالماناساری سێیەم بشێوییەکەی دامرکاند و **"یانزی"**[174] سەرۆکی ناوچەی **"هامبان"**ی[175] کرد بە سەرۆکی ئەم ناوچەیەش. بەڵام ساڵی دواتر یانزیش لە ئاشوور هەڵگەڕایەوە. ئاشوورییەکان هێرشیان کردە سەر نامار و دژەکانی ناماریان تارومار کرد و ماڵ و دەوڵەتیان [دەوڵەت: لە کوردیدا بە واتای (ثروت) دێت] بە تاڵان برد. یانزی خۆی شاردەوە و بەرەو ناوچەکانی ماد ڕایکرد. ئاشوورییەکان دەستیان دایە پێشڕەوی بەرەو ڕۆژهەڵات و ناوەندی هۆزەکانی ماد و خۆیان گەیاندە ناوچەی مێسی (ناوچەی ڕۆژهەڵاتی بیجاری گەڕوس)، و لەوێیەوە بەرەو ناوچەی خارخار (ناوچەی تیکانتەپە، گوندی خارخار ئێستاش لە نزیکی تیکانتەپە هەر ماوەتەوە). ئاشوورییەکان لەم شوێنانەدا چوار دژیان داگیر کرد و ژمارەیەک لە خەڵکی ئەوێیان وەکوو "بەردە" برد. بەڵام لە دوای ئەوەی کە یانزییان دەستگیر کرد شوێنەکەیان بەجێهیشت و گەڕانەوە. (دیارە یانزییان ڕادەست کردووەتەوە= نووسەر).

[172] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ. ٢٥٣.

[173] ئەم ناوچەیە لە باشورەوە لە سەروەی خانەقینی دەستیپێدەکرد هەتا دەگەیشتە چیاکانی حمرین و لە لای باکۆریشەوە هەتا نزیکیەکانی کەرکوک.

[174] بەپێی بۆچوونی دیاکۆنۆڤ ئەمە وشەیکی ناوچەیی کاسییە، کە واتای سەرۆک و پێشەوا ئەدات. بڕوانە دیاکۆنۆڤ ل.پ ٢٠٧ و هەروەها ل.پ ٦١٠ بەندی ١٣٠.

[175] هامبان یان همبان ئەم ناوچەیە کەوتبووە نێوان ناوچەکانی نامار و ئەلیپی (کرماشان ) واتا ئەو مەلبەندە کە ئێستا ناوچەکانی سەرپێل، کرند و ئیلامە.

دیسـانەوە لە سـاڵی ٨٢٨ پ.ز ئاشـوورییەکان لەبـن سـەرکردایەتی یەکـێ لە سـەردارەکانیان بە نـاوی "دایـان- ئاشـوور" هێرشـیان هێنـایەوە سـەر ناوچەکـانی ڕۆژهەڵات و بـاکووری ڕۆژهەڵات. لەوانە "خۆبوشـکیە" لە باشـووری گـۆلی وان، هەروەها لە ناوچەیەک کە سەرۆک هۆزەکەی ناوی "ماگدوبومالخیس" بوو تێپەڕین و بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات ڕۆیشتن و خۆیـان گەیانـدە وڵاتـیماننـا کە پادشـاکەی "ئۆئاڵ کی/ ئۆئال کەی" بوو. ئوئال کەی خۆی لە شاخان حەشار دا، سپاکەی ئاشـوور گوندی" ئێزیرتوو" (لە نزیکی سەقز) کە قەڵای "ئۆئال کەی/ ئوئـاڵ کـی" بـوو داگیـر کرد. دوایـی بەرەو نـاوچەی خـارون کە "شۆلۆسـۆنۆ" فەرمـانڕەوای بـوو ڕێ کەوتـن، شۆلۆسۆنۆ ملکەچی خۆی بەرانبەر ئاشوور نواند و سۆزی دا کە هەر ساڵە ژمارەیەک ئەسپ وەک باج بدا بە سپای ئاشوور. هەروەها "ئارتـا سـارۆ/ ئارتـا سـێرۆ" پادشـای "شوردیرە"ش[176] (گومانی بۆ دەچێ ناوچەی دیواندەرە بێ) پێشکەشـی و بـاجی دایە ئاشوورییەکان.

**ئاشـوورییەکان لە باسـکردنی ئەم هێرشـانەدا نـاوی هێنـدێک لە ناوچەکـان و سەرۆکەکانیان تۆمار کردووە، لەوانە "ئەوپۆ پادشـای (گێلـزان)، "ئۆئـاڵ کـی/ ئۆئـال کەی" پادشـای (ماننـا)، شولۆسـونۆ (هـارون)، ئارتـا سـارۆ (شـوردیرە)، نیـک دیـارا (ئیدا؟)، نیک دیما ( ....؟ )، نینی (ئاریدو)"[177].**

پادشایانی ئاشـوور لە نێـوان سـاڵەکانی ٨٣٤- ٨٢٧ پ.ز بە دەیـان جـار هێرشـیان کردە سەر ناوچەکانی زاموا، پارسوا و دەوروبەری گۆلی ورمێی واتـا ئەو نـاوچەگەلە کە ئێسـتا ئازەربایجـانی پـێ دەڵـێن. لەم هێرشـانەدا بەهەزاران کەسـیان کوشـت، هەزاران کەس بە دیـل گیـران و کـرانە "بەردە"، بەهەزاران ئەسـپ و ئـاژەڵ و مەڕوماڵات بەتاڵان چوون و زۆر گوند و شوێنی ئاوادانیش خـاپوور کـران. هەروەهـا

---

[176] Artasaru, šuridra (مێژووی ماد، دیاکۆنۆف وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.٢٠٩)

[177] Upu, Ualki, Artasaru, šuridira, Nikdima, Ninni

مێژووی ماد، دیاکۆنۆف وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥،ل.پ.٢٠٨- ٢٠٩.

له سـه‌رده‌می سـمیرامید له سـاڵه‌كانی ٨٠٩، ٨٠٧، و ٨٠٦ پ.ز. له دژی مانـنا وساڵه‌كانی ٧٩٣، ٧٩٢ و ٧٨٨ پ.ز. له دژی نامار ده‌ستیان دایه هێرشكردن.

له لایه‌كی تره‌وه هه‌ر له‌م ساڵانه‌داماننا كه‌وتبووه به‌ر په‌لاماری "ئورارتوو"شه‌وه. ئورارتوویه‌كان هه‌تا ناوچه‌كانی لای موكریان (مه‌هاباد) هاتنه پێشێ و دژێكیان (قه‌ڵایه‌ک) به ناوی "مشتا" له تاشته‌په له نزیكی "میاندووئاو" دروست كرد و نووسراوه‌یه‌كیان له‌وێ به‌جێهێشتووه. له‌م سه‌رده‌مه‌دا ده‌سته‌ڵاتداری ماننا هه‌ندێک جار لایه‌نگریی له ئورارتووییه‌كان ده‌كرد دژ به ئاشوور و هه‌ندێ جاریش هه‌واداری ئاشوور بوو دژ به ئورارتوو. "ئارگیشتی یه‌كه‌م" پادشای ئورارتوو له ساڵه‌كانی ٧٧٥، ٧٧٣، ٧٧٢، ٧٧١، و٧٦٨ پ.ز چه‌ندین جار هه‌ڵیكوتای سه‌ر ماننا به مه‌به‌ستی داگیركردنی كه تووشی به‌ره‌نگاری ماننا بووه‌وه و سه‌ركه‌وتنێكی وای ده‌ستنه‌كه‌وت"[178]. هه‌روه‌ها ساردوری دووه‌م پادشای ئورارتوو له ده‌وروبه‌ری ساڵه‌كانی ٧٥٠ پ.ز دوو جاران په‌لاماری مانـنای دا. به‌ڵام له پاشان فه‌رمانڕه‌وایی ئورارتوو ئه‌وه‌نده به‌هێز بوو كه نه ته‌نیا زاڵ بوو به سه‌ر ماننادا به‌ڵكوو ته‌نانه‌ت به ناو خاكی ماننـاشدا تێ په‌ڕین و په‌لاماریان دایه سه‌ر ناوچه‌ی "نامار/ نامری" (ناوچه‌ی گه‌رمیان، ئه‌م ناوچه‌ی له لای ڕۆژاواوه كه‌وتبووه نێوان چیاكانی حه‌مرین و سه‌روه‌ی ڕووباری دیاله و له لای باكووری ڕۆژهه‌ڵاتیشه‌وه هه‌تا نزیكی كه‌ركووک) كه له ژێر فه‌رمانڕه‌وایی ئاشووردا بوو. سه‌ره‌نجام شه‌ڕی سه‌خت له نێوان ساردوری دووه‌م پادشای ئورارتوو و تیگلاتپالاسار پادشای ئاشوور ڕوویدا. له ساڵی ٧٤٣ پ.ز ئورارتووییه‌كان شكستێكی گه‌وره‌یان له ده‌ست ئاشوور خوارد. ئه‌مه بوو به هۆكارێک كه ماننا له چنگی ئورارتوو ڕزگاری بێت و وه‌ک وڵاتێكی سه‌ربه‌خۆ ڕوو له گه‌شه بكا، و توانی گشت ئه‌و ناوچه‌گه‌له كه ئێستا ئازه‌ربایجانی ئێرانی پێ ده‌ڵێن جارێكی تر بیخاته‌وه ژێر فه‌رمانی خۆی.

---

[178] مێژووی ماد، دیاكۆنۆف وه‌رگێڕانی كه‌ریمی كه‌شاوه‌رز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.٢١٧.

له پاش "ئۆئاڵ کی/ئۆئاڵ کەی" پادشایماننا، کێ جێگای گرتووتەوە هێشتا ڕوون نەبووەتەوە، بەڵام لە نێوان ساڵەکانی ٧٢٥- ٧١٨ پ.ز **"ئێرانزوو" پادشایەکی بەهێز بوو و توانی دەستەڵاتێکی یەکگرتوو لە ماننادا دامەزرێنێ.** ئەمە ئەوە دەگەینێ کە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی لە وڵاتی ماننادا لە گۆڕاندا بووە و لە کۆمەڵگایەکی سەرەتایی هۆزایەتییەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی چینایەتی "بەردەداری" ئەڕۆیشت هەر وەک دەستەڵاتە بەردەدارەکانی تری ئەو سەردەمە. تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناخە بریتی بوون لە برەوسەندنی بەردەداری، دروستکردنی قەڵای قایم و کۆشک و سەرا و هەروەها دامەزراندنی هێزی چەکداری پیشەیی.

"ئێرانزوو" تا کاتی مردنی لە نێوان ساڵەکانی ٧١٨- ٧١٦ پ.ز وەک دۆست وهاوپەیمانی ئاشوور مایەوە. پاش مردنی ئێرانزوو کوڕەکەی کە نێوی "ئاز/ ئازا" بوو نیشتە سەر تەختەوە. ئەویش بە هەمان شێوەی باوکی دەستەڵاتداری کرد و هەر وەک باوکی بە هاوپەیمانی ئاشوور مایەوە. کۆمەڵانی خەڵک و سەرۆک هۆزەکان خۆازیاری نزیکایەتی و دوستایەتی لەگەڵ ئاشووردا نەبوون. ئەوان ئاشووریان وەک دەستەڵاتێکی ستەمکار و ناڕەوا دەناسی. کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی کوردستان و ئازەربایجان تا ئەو کاتە هێشتا نەگەیشتبوونە قۆناخی بەردەداری و هەر لە قۆناخی هۆزایەتیدا دەژیان کە پەیوەندیی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای هاوخوێنی و خزمایەتی بوو، بۆ ئەوان گرتن و بردن و فرۆشتنی مرۆڤەکان وەک ئاژەڵ کردەوەیەکی نامۆ و نامرۆڤانە و دژ بە بیر و باوەڕە ئایینییەکانیان دەژمێردرا، هەر بۆیەش سێ کەس لە سەرۆک هۆزە بەهێزەکان **"مەتا- تی"** سەرۆکی هۆزی زیگرتو،[179] **"تلۆ- سینا"** سەرۆکی هۆزی ئاندیا و **بەگداتوو** فەرمانڕەوای "هویش دێش" (ناوچەی مەراغە) لە دژی "ئاز/ ئازا" ڕاپەڕین و دوای دەستگیر کردن و کوشتنی، تەرمەکەیان لە چیای

[179] جێگای هۆزی زاگروتی وا دیارە لە نزیکی شاری زەنجاندا بووبێ، هەندێ لە شارەزایانی بواری مێژوو پێیان وایە کە زاگروتی و ساگرتی هەر یەک وشە و یەک هۆزن، بەڵام ئیمە دەزانین کە چیتران تەخما سەروکی هۆزی ساگرتی کە دژی داریوش شەری کرد لە ئەربیلا(هەولێردا) لە دار درا، واتا هۆزەکەی لە شوێنیکی نزێک لە هەولێر نیشتەجێ بوون. دەشکرێ ئەم هۆزە کۆچەر بووبێتن و گەرمیان و کوێستانیان کردبێ لە نێوان هەولێر و زەنجاندا، چونکۆ بەپێێ نووسینی هرودت ٤ هۆز لە هۆزەکانی ماد کۆچەر بوون.

"ئوئا- وش"[180] فڕە دا. پاشان بەگداتوو بـۆ مـاوەی چەنـد مانگێـک دەسـتەڵاتی گـرتە دەست. بەڵام ماوەیەکی زۆری نەخایانـد کە سـارگۆنی دووەم بەپەلە خـۆی گەیانـدە ئەوێ و تـوانی بەگـداتوو دەسـتگیر بکـا و فەرمـانی دا کە هەر بە زێنـدویی کەوڵـی بکەن (پێستی لی بکەنەوە) و لەشەکەشی بۆ پەند لە پێش چاوی خەڵک هەڵواسی.



وێنەی ژمارە ١٠، ئاشوورییەکان خەرێکی کەوڵکردنی دیلەکانن هەر بەزێندویی، سەدەی هەفتەمی پ.ز[181].

ئەمجا کوڕەکەی تری ئێرانزوو کە نـاوی ئۆلۆسـۆنۆ بـوو دانـرایە سـەر تەخـتەوە. بەڵام ئۆلۆسۆنۆ لە ژێر گۆشاری سەرۆکەکانی تردا ناچـار مـا پشـت لە ئاشـوور بکـا و لەگەڵ ئورارتـوو پەیـمان ببەسـتێ و لە ئەنجامـدا ٢٢ دژی مانـنـایی کە هاوسـنووری ئاشوور بوو پێشکەشی "ڕۆسا" پادشای ئورارتوو بکا. بەڵام سارگۆنی دووەم کە هێشـتا لە ناوچەکەدا بوو و نەگەڕابووەوە بۆ ئاشوور زۆر بەخێرایی بەرەو ئێزرتـوو ڕۆیشـت و داگیری کرد. هەروەها دوو دژی گرینگی زیبییە ( زێویە) و "ئارمائیت"یشـی داگیـر

[180] هێندێک لە زانایان لەو باوەڕەدان کە ئەم چیایە هەمان چیای "سەهەند"ە لە ناوچەی ئازەربایجان. دەبێ ئەوەش لە بیر نەچێت کە خۆدی وشەی "سەهەند"یش وشەیەکی کوردییە کە واتای سەردی زۆر (سەهۆڵبەندان) دەدات.

[181] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.٢٠٣.

کرد. ئۆلۆسـۆنۆ ناچارما خـۆی بـدا بەدەسـتەوە و جـارێکی تـر خـوی هاوێشـتە پـاڵ سارگۆن، ئەویش فەرمانڕەوایی پێ گەڕاندەوە.

لە پاش شـەڕەکانی ئاشـوور لەگەڵ ئورارتـوودا و سـەرکەوتنی ئاشـوورییەکان لەو شــەڕانەدا ئەو ٢٢ دژەی کە ئورارتــوو لە ماننــای داگیــر کردبــوو جــارێکی تــر گەرێندرایەوە بۆماننا. لە پاش ئەم سـاڵانەدا مانـا تـوانی دووبـارە بەخۆیـدا بیـتەوە وبگەشێتەوە و وەک دەسـتەڵاتێکی مەزن لە نـاوچەکەدا نەخشـی هەبێـت. لە دوای ساڵی ٧١٣ پ.ز ئیتر نە تەنیا باجی بە ئاشوور نەدا بەڵکوو چەند جارێکیش پەلامـاری ناوچە مەرزییەکانی ئاشووریشی دا.

ماننــا لە کــاتی ڕاپەڕینــی مادەکــان لە دژی ئاشــوور لە ســاڵەکانی ٦٧٣ پ.ز دا یارمەتیدەر و هاوپەیمانی مادەکان بـوو، بـۆیە لە سـاڵی ٦٦٠ پ.ز ئاشـوورییەکان بە سەرکردایەتی نبو- شار- ئوسور بە مەبەستی تولەسەندنەوە دیسانەوە هێرشیان کردە سەر وڵاتی ماننا. "ئاخسەری" پادشـای مانـا زۆری تـێ کۆشـا کە بەرەنگـاری ئاشـوور ببێتەوە، چەندین شـەڕ لە نێوانیانـدا ڕووی دا سـەرەنجام ئاشـوورییەکان سـەرکەوتن وئاخسەری تێکشکا و ناچار ما "ئیزرتوو" پـایتەختی خـۆی (لە نزیکـی شـاری سـەقز) بەجێبهیلیت و بەرەو ورمەت (ورمێی/ ئورومییە) پاشەکشێ بکا.

**بەڵام لێرەدا یەکێ لە سەیرترین ڕووداوەکانی مێژوو قەوما، "کۆمەڵانی خەڵکـی ئاسـایی وهەژارەکـان کە لە دەسـتەڵاتداری ئاخسـەری و هەڵاتنـی لە بەرامـبەر دوژمندا تورە و بێزار بوون لە دژی ڕاپەڕین و ئاخسـەری و بنەمـاڵەکەی و هەمـوو ئەو سەرکردە و میرانە کە لەگەڵیدا بوون کوشـتن و لەشـەکانیان لە کۆڵانەکانـدا فـڕە دا"[182]. ئەمە یەکێ لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژوویی ئەو سەردەمە بوو، خەڵکی ئاسـایی لە دژی فەرمانڕەوایـانی خـۆیی ڕاپەڕیـن و لە شۆڕشـێکدا فەرمانڕەوایـانی خۆیانیان بە سزای مەرگ گەیاند.**

---

[182] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.٣٤٩-٣٥٠.

"دیاكۆنۆڤ بە سەر سووڕمانەوە لەم ڕووداوەی ئەو كاتە دەڕوانێ و دەنووسێ: هەڵكردنی ئاڵای ڕاپەڕین دژ بە زۆرداران و ستەمكارانی ناوخۆ نیشانەی ئەو تێكوشانە كۆمەڵایەتی و ئەو هاوكاریی ناوخۆیی جەماوەرییە بوو كە لە نێو نەتەوەكانی دیكەدا لەبەر هێندێک هەلومەرجی مێژوویی كۆمەڵگای كۆیلەداری لە ڕۆژهەڵات، ئەو هەست و بیرە هێشتا نەهاتبووە گۆڕێ"[183].

" ئۆئال كەی" كوڕی ئاخسەری كوڕەكەی خۆی نارد بۆ لای پادشای ئاشوور بۆ ئەوەی یارمەتی بدات، لەوە دەچێ بەشێوەیەک یارمەتی وەرگرتبێت چونكە دەستەڵاتیماننا هەرمایەوە و تەنانت لە كاتی جەنگی مادەكان و بابلییەكان لە دژی ئاشوور، ماننا لە پاڵ ئاشووردا مایەوە و هاوپەیمانی ئاشوور بوو، بەڵام لە شەڕێكدا وا لە بەرانبەر بابلییەكانەوە تێكشكان كە ئێتر وزەی هەڵسانەوەیان لێ بڕا و ناوچەكانی ماننا لە دەوروبەری ساڵانی ٦١٦ - ٦١٥ پ.ز كەوتە ژێر فەرمانڕەوایی هوخشترە (كەیخەسرەو) پادشای ماد.

## هۆكاری كزبوون و ڕووخانی فەرمانڕەوایی ماننا

هەر چەند كە ئەو ڕاپەڕینە كۆمەڵایەتی و مەردمییە كە لە ورمەت (ورمێی) لە دژی پادشا و سەركردەكانی ماننا ڕووی دا، لە ڕاستیدا شۆڕشی چینەكانی بندەست و هەژاری كۆمەڵگا بوو لە دژی سەردەستان و زۆرداران و پشتی فەرمانڕەوایی ماننای شكاند. بەڵام ئەوە نابێ لە بیر بچێت كە دەستەڵاتی ماننا هەر لە سەرەتای پێک هاتنیەوە تووشی ناكۆكی بوو. فەلسەفەی پێكهاتنی "یەكیەتیی ماننا" بەرئەنگاربوونەوەی هێرشە دڕندانەكانی ئاشوور بوو. ئەو هۆزانەی كە بڕبڕەی پشتی یەكیەتیی ماننا بوون، لە ترس و لە دژی فەرمانڕەوایی ئاشوور پشتیوان و هاوكاری ماننا بوون، چونكە هەر كاتێک ئاشوورییەكان دەهاتن نە تەنیا دانەویلە و ئەسپ و گاو و مەڕ و ماڵاتیان دەبردن و ئیتر هیچیان بۆ خەڵكەكە نەدەهیشتەوە بەڵكوو

---

[183] هاونەتەوەیی كورد و ماد لە نووسینی حەبیبوڵای تابانی ل.پ ١٥٠.

هەر کەسێکیشیان بگرتبایت دەیـانبردن و دەیـانکردن بە "کـۆیلە". بەڵام دەسـتەڵاتی ماننـا لە جیـاتی بەرگـری کـردن لە گیـان و مـاڵی خەڵـک و پشتبەسـتن بەهێـزی ئەو هـۆزانەی کە پشـتیوانی بـوون بـۆ بەرئەنگـاربوونەوی دەسـتدرێژییەکانی ئاشـوور، بەپێچەوانەوە هەر لە سـەردەمی ئێرانـزووەوە خـۆی کـرد بە دۆسـت و هـاوپەیمانی ئاشوور.

پادشاکانیماننا بۆ پاراستنی دەستەڵات و بەرژەوندییەکانی خۆیان ئامـادەی پـێ دانی هەر چەشنە باجێک بوون کە ئاشوورییەکان دەیانخستە سەریان. دیارە ئەمەش قورسایی و بارگرانێکی زۆری دەخسـتە سەرشـانی خەڵکـی ئاسـایی. چـونکە پادشـا و سەرکردەکانی تر لە گیرفانی خۆیان باجی ئاشووریان نەدەدا، بەڵکوو زەحمەتکیشـان و ڕەنجبەرانـیماننـا هەم دەبـوای بـاجی ئاشـووریان دابـین کردبـای و هەم بـاجی فەرمانڕەوایانی خۆیان واتا باجەکە دووقات دەبووەوە و ئێـتر شـتێکی وا بـۆ خەڵکـی ئاسایی نەدەمایەوە.

لە لایەکی تریشەوە سەرەتاکانی شێوازی بەردەداری وەک ئەوەی کە لە ئاشووردا بوو لە مانناشدا سـەری هەڵـدابووەوە. دروسـتکردنی کۆشـک و سـەرا و دەیـان دژی سـەربازی و ڕاگرتنـی "بەردە" و هەروەهـا کـۆکردنەوەی زیـڕ و زیـوێکی زۆر وەک ئەوانەی کە لە گەنجینەی زێویە و تەپۆڵکەی حەسـەنلوو دۆزراونەتەوە (بـێ گومـان ئەمانە تەنیـا نمـوونەیەکن)، بـۆ خەڵکـی ئاسـایی نـاوچەکە، کە هێشـتا لە سـەردەمی هۆزایەتی و پێش لە قوناخی بەردەداریدا دەژیان شێوازێکی نـامۆ و نامرۆڤـانە بـوو. بێگومـــان ســـەرهەڵدان و پەرەســـەندنی ئـــایینی زەڕدەشـــتی لەم نـــاوچەیەدا و بڵاوبوونەوەی دڕوشمی ڕاستی و پاکی لەم سەردەمەدا کاردانەوەیەکی سروشـتی ئەم بـار و دۆخە بـوو. **بەگـداتوو** و **مەتـاتی** و **تلوسـینا**، کە لە دژی **"ئـاز/ ئـازا"** ڕاپەڕیـن، ئازیان هەر بە تاوانی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئاشووردا کوشت.

# زمان و نەژادیماننایییەکان

دیاکۆنۆڤ زانیارییەکی زۆری سەبارەت بە ماننایییەکان و مادەکان کۆ کردوەتەوە و خستویەتە بەردەست، فەرهەنگێکی مەزن پڕ لە زانیارییەکانی عەردنێگاری(جوغرافی)، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و لە هەمووی گرینگتر وشەی کۆنی کوردی. بۆیە پەرتووکی مێژووی مادی دیاکۆنۆڤ سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی و لێکۆڵینەوە، بەڵام نابێ هەموو وتەکانی بە بێ هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری وەربگیردرێت، دەبێ بە چاوێکی ڕەخنەگەرییەوە سەیریان بکرێ. هێندێ جاران ناکۆکی و دژبەرایەتی لە نووسراوکانیدا دەردەکەوێ، جاری واش هەیە کە بڕوایەکی تەواوی بە وتەکانی خۆی نییە. لەسەر کورد و زمانی کوردیش لەوانەیە گوشارێکی سیاسی لەسەر بوویێت، چونکە هەر چەند بەباشی دەزانێ کە کورد و زمانی کوردی پەیوندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ماد و زمانی مادیدا هەیە، بەڵام زۆر بێدەنگە و بە هیچ کلوجێک لەم بارەوە قسە ناکا تەنانەت یەکجاریش زوانی کوردی لەگەڵ مادیدا بەراورد نەکردووە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ زۆر سپاسی بکرێ بۆ ئەو کارە گەورەیە کە کردویەتی و ئەو هەموو زانیارییانە کە کۆی کردوەتەوە.

**بەر لەوەی ئەم باسە دەست پی بکرێت باشتر وایە کە دەستەواژەی "ئێران" و زمانی "ئێرانی" ڕوون بکرێنەوە. مەبەست لە ئیرانی وڵاتی ئێستای ئێران و زمانی فارسی نییە بەڵکوو واتایەکێ بەرینتر دەگەیینێ . جا بۆ ئەوەی ئەم بابەتە ڕۆشن بکرێتەوە ئەو پێناسەیە کە دیاکۆنۆڤ بە دروستی بۆ دەستەواژەی ئێرانی کردوە دەخرێتە پێش چاو. دیاکۆنۆڤ لە ل.پ ٥٨١ پەراوێزەکان  لەسەر ناوی "زمانەکانی ئێرانی" دەڵێ:**

**" ناوی زمانی ئێرانی بۆ لقێک لە زمانە هیندوئورووپییەکان دەگەڕێتەوە کە بریتین لە  ئاستی (ئاسی)، ئەفغانی، فارسی، تاجیکی، کوردی، تاتی، تاڵشی و... لە زمانە کۆنەکانیش ئەوێستایی، سوغدی، خوارەزمی، ئەسکیتی و... ئەم دەستەواژەیە**

**هەر چەند زۆر گونجاو نییە بەڵام چار نییە و ئێستا وشەیەکی ترمان نییە کە لە جێگای دانین. بەکارهێنانی ناوی ئێرانی لەوانەیە وای بۆ بچن کە گوایی مەبەست لەم وشەیە زمانی وڵاتی ئێران واتا پارسییە (فارسی)، هەر وا کە بۆ هەمووان ڕوونە و دواتریش باسی لێ دەکرێ دەستەواژەی ئێران لە باستاندا (دێرین) وەک "ئاریانا" بووە و "فارس"ی لەخۆ نەگرتبوو"[184].**

بۆچوونی دیاکۆنۆڤ لەسەر پێکهاتە و زمانی دانیشتوانی کۆنی کوردستان جێگای پرسیارە! ئەگەر کەسێ بەوردی پەرتووکی مێژووی مادی دیاکۆنۆڤ بخوێنێتەوە، بێگومان لە نارۆشنبوونی هێندێک لە زانیارییەکانی تێ دەگا. لەسەر نەژادی دانێشتووانی کۆنی وڵاتی کوردەواری لە ل.پ. ١٧٨- ١٧٩دا ئەوا نووسراوە:

پێکهاتەی نەژادی ئەم شوێنانە هەر لە هەزارەی سێیەم هەتا هەزارەی یەکەمی پ.ز ئاڵوگۆڕی بە سەردا نەهاتووە، گشت خەڵکی ئەم مەڵبەندە هەر لە گۆلی ورمێییەوە هەتا بەشی سەرەوەی دیالە لە نەژادی گۆتی و لۆلۆبی بوون، لۆلۆبییەکان لە بەشی ڕۆژاوا و گوتییەکان لە بەشی ڕۆژهەڵاتدا نیشتەجێ بوون. گومانی بۆ دەچێ لە پێکهاتەی مێهرانیش هەر لەو ناوچانەدا بووبێتن. لە بەشی باشووری ڕۆژاوا و لە سەرەووەی ڕووبارەکانی دیالە و کەرخە پێکهاتەی کاسی و ئیلامی و هەروەها لە دەر و دوڵەکانی ڕۆژاوای چیاکانی زاگروس پێکهاتەی هوری ژیاون.

هەر وەها لە لاپەڕەی ١٩٣دا دەڵێ:

"زوانی ناوچەکانی ئازەربایجان و کوردستان لە سەدەکانی هەفتەم هەتا نۆەمی پ.ز ئێرانی نەبووە و دانیشتوانەکانی بە زمانی لۆلۆبی و گۆتی و... قسەیان دەکرد، تەنیا شوێنەکانی ڕۆژهەڵاتی ماد ئەو ناوچەگەلەی کە کەوتبوونە لای تاران و ئەسفەهانەوە بە زمانی ئێرانی قسەیان دەکرد".

[184] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ٥٨١.

به قسەی دیاکۆنۆڤ وا دیار دەبێ کە هیچ هۆزێکی ئێرانیی زمان هەتا هەزارەی یەکەمی پ.ز لە کوردستاندا نەبووبێت! لەسەر پێکهاتەی هۆزەکانی مانناییش دەڵێ کە ئەم یەکیەتییە لە پێشدا لە نێو هۆزەکانی "نائێرانی"دا پێک هاتووە و تیرە ئێرانییەکان دواجار چوونەتە ناو ئەم یەکیەتییەوە بۆ سەلماندنی قسەکانیشی هێچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراویش پیشان نادات. لەسەر زمانی دانیشتوانی ناوچەکانی "مانناییی" و "مادی" وتەکانی زۆر سەیر و بێ بنەمان، جاریک خۆی هیچ زانیارییەکی وا لە سەر زمانی لۆلۆبییەکان و گۆتییەکان نادات بە دەستەوە، یان باشتر بڵێین هەتا ئێستاش زانیارییەکی وا لەسەر ئەم بابەتە نییە، هەرچەند ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵەران و زمانناسان پێیان وایە کە ناوی پادشایانی گۆتی دەچێتەوە سەر زمانی هێندو ئوروپی.

بەڵام با بزانین چۆن بەپێی زانیارییەکانی خۆدی دیاکۆنۆڤ ئەم بۆچوونەی ناڕاست و بێبناغەن. دیاکۆنۆڤ لەبەر ئەوەی کە ناوی هێندێک لە پادشاکانی ماننایی لە ئێرانی ناچن بەو ئەنجامە دەگا کە ئەم هۆزانە و ئەم شوێنانە کە ئەوانی تێدا ژیاون نائێرانی بوون. بەڵام خۆدی دیاکۆنۆڤ لە پەرتووکەکەیدا باسی ئەوەش دەکا کە تەنیا ناوی کەسان نابیتە بەڵگەیەکی سەلمێنەر بۆ دیاری کردنی ڕەچەڵەک و زمانی هۆزێک و یان نەتەوەیەک. بەپێی نووسراوەکانی دیاکۆنۆڤ لانیکەم ناوی چوارکەس لە پادشایانی ئاشوور لە سەدەی نۆزدەیەم هەتاکو سەدەی هەژدەیەمی پ.ز. لۆلۆبی بوون وەک ئەداسی، لۆبەی، بەزەی، و لۆلای. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەینی کە ئاشوورییەکان لۆلۆبی بوون. هەروەها ئانوبانینی خۆی وەکوو پادشای لۆلۆبیان دەناسینێ کە چی ناوەکەی ئەکەدییە. لە لایەکی تریشەوە هەر چەند دیاکۆنۆڤ بۆ خۆیشی دەزانێ کە ئەکەدییەکان لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی چیاکانی زاگروسدا نەژیاون بەڵام بە قسەی خۆی ناوی ئەکەدی لە نێو دانیشتوانی ئەو مەڵبەندەدا بڵاو ببووەوە، وەک "نور- ئەداد" کە توانی بەشێکی زۆر لە هۆزەکانی ناوچەکە لە دژی ئاشوور یەک بخا. هەروەها ناوی زۆربەی پادشایانی ئێرانی پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام عەرەبییە، بەڵام بە ڕەگەز هەموویان ئێرانین، بە هەمان شێوە ناوی پادشایانی

عوسمانی عەرەبییە کە چی خۆیان تورکن. دیاردەی ناونانی پیاوان لە فەرهەنگی ئێرانیاندا یان پەیوەستە بە ئایینەوە و یان پێوەستە بە پاڵەوانان و قارەمانانەوە. ئێستا با سەیری ژمارەیەک لەو ناوانە بکەین کە دیاکۆنۆڤ بۆ خۆی ناویانی هێناوە.

**ئێرانزوو:** ناوی یەکێ لە پادشا گەورەکانی ماننا "ئێرانزوو" بوو، دیاکۆنۆڤ سەبارەت بەم ناوە هیچ نالێ، بەڵام ئیرانزوو ناوێکی کوردییە، ئەمە بۆ یەکەمین جارە کە وشەی **ئێران** لە مێژوودا دەردەکەوێ. ناوی ئێرانزوو لە دوو برگە پێک هاتووە، یەکەم ئێران کە مەبەست وڵاتی "ئاری"یەکانە و خۆدی دیاکۆنۆڤ دەڵێ ئەم وشەیە جێگای وشەی "ئاریانا"ی گرتووەتەوە و برگەی دووەمی ناوەکە **"زوو"** خودایەکی کۆنی ئێرانییە، پێکەوە واتای خودای ئێران دەدات. ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵەران و شارەزایانی بواری مێژووی کۆنی ئێرانی لەو باوەڕەدان کە وشەی **"زوو"** کورت کراوەی **"زروان / زوروان"**ە ، هەروەها لە ئەوێستا و لە شاهنامەی فیردەوسیشدا باسی یەکێ لە پادشایانی "پێشدادی" (پێش لە داد / پێش لە ئایینی زەردەشتی) کراوە بە ناوی" **زوو**" کوڕی تەهماسپ کە ماوەی ٥ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە[185]. (لە ئەوێستادا، وشەی پێشدادی وەک "ئەپەر- داتا " هاتووە کە "ئەپەر" ئێستا لە کوردیدا بووەتە "بەر" و" داتا "ش هەمان دادی کوردییە).

**فیردەوسی لەسەر "زوو" ئاوا دەڵێ:**

**ندیدند جز پور تهماسب زو    که زور کیان داشت و فرهنگ گو.**

**واتاکەی: نەبینراوە کەس وەک زووی کوڕی تەهماسپ، کە وەک پادشایانی کیانی بەهێز و خاوەنی ڕەوشتی پاڵەوانی بوو.**

185 http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-f99c3aff570c422baff65e2182ac9d7d-fa.html (2013-06-09)

**هەروەها حافزی شیرازیش ناوی "زو"ی هێناوە[186]:**

**شکل هر سر مه میدهد نشان          از افسر سیامک و ترک کلاه زو**

واتاکەی: شێوەی کەوانی مانگ تاجی سیامەک و کڵاوی "زوو"مان و یاد دێنێتەوە.

**هەروەها لە نێو سرودەکانی" یارسانی"شدا باسی زوو وەک خوداوەندی ڕووناکی کراوە،** (ئایینی یارسانی لە ڕاستیدا هەمان ئایینی زەردەشتییە کە کەوتووەتە بەر کاریگەری ئایینی ئیسلامەوە)، ئەم سرودەی خوارەوە هی "داود کۆسوار"ە کە یەکێکە لە پیرانی یارسانی لە دەوروبەری ساڵانی ١٣٥٠ - ١٤١٩زایینی. ئەمەش دەقی سرودەکەیە: [187].

**نە هیهات هو نە هیهات هو**

**سەف سەف مەنهۆ نە هیهات هو**

**چلتەن گرد ئامان بی وە قاو وقو**

**دونیا ڕۆشن بی وە فەرمان زو**

**تاری مەرگ و شەڕ گریزان چون دو**

**یانەی تاریکیش کەرد ژێرورو**

**چەنی چلتەنش نمانا ئەرجو**

---

[186] http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-f99c3aff570c422baff65e2182ac9d7d-fa.html (2013-06-09)

[187] یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕوستەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی، ل.پ ١٢١.

**واتاکەی بەم شێوەیە:**

یاران بە وتنەوەی هوو هوو ڕیزیان بەستووە، (چلتەن)یش بە هەمان شێوە هاتوون و هەیا وهوو دەکەن. دونیاش بە فەرمانی  زوو (زەروان) ڕووناکبووتەوە و تاریکی و مەرگ و جەنگ وەک دووکەڵ هەڵ هاتن وخانەی تاریکی سەر وبن کرا.

**کەوا بوو لێرەدا ڕوون دەبیتەوە کە وشەی "زوو" وشەیەکی "ئێرانی (کوردی)"یە و ناوی یەکێ لە خودایانی کۆن بووە.**

**ئاخسەری:** ناوی یەکێکی دی لە پادشایانی ماننایی "ئاخسەری"یە، ئەم ناوەش هەر وشەیەکی ئێرانییە. یەکەم: دەتوانێ واتای پادشا بدات، بۆ نموونە ناوی کەیخەسرەو پادشای ماد بە شێوەی" کەی ئاخسارا" بە واتای پادشای گەورە هاتووە کە ئەگەر وشەی " کەی" لێ هەڵگرین "ئاخسارا  واتای پادشا دەدات. "ئاخسارا" لەگەڵ "ئاخسەری" دا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، دەتوانێ شێوەیەکی گۆکردنی تایبەت بە مانایی بێت بۆ" ئاخسارا ". دووەم وشەی" ئاخسا "  لە زمانی ئەوێستاییدا واتای ئامۆژگاری کردن ، ئاگا کردنەوە، تێگەیاندن دەدا (بڕوانە یادداشتهای گات ها، پورداود، ساڵی ١٣٨١، ل.پ ٢٧٤ هاتی ٤٦ بەندی ٢). شێوازی دروستکردنی ناوی بکەر لە ئەوێستادا هەر وەک کوردی وایە بۆ نموونە تاشان (تاشەر)، داتا (داتەر)، (بڕوانە کانگا دیکشنێری). کە وابوو ناوی بکەر بۆ "ئاخسا" دەبێتە ئاخسەر، کە واتای ئاگاکەر، ئامۆژگاریکەر یان بە زمانی ئەمڕۆ واتای مامۆستا دەدا. بەڵام بە ئەگەرێکی زۆر هەر شێوەیەکی ترە لە گۆ کردنی ناوی ئاخسارا بە واتای پادشا.

**ڕادیای شادی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٧٠١ پەراوێزەکان بەندی ٢٠٣)، بەرپرس و سەرۆکی دژی مانایی "ئەرشتد" بوو کە بە دەستی ئاشوورییەکان کوژرا. وشەیەکی کوردییە، وەک ناو ئێستاش لە کوردیدا هەر ماوەتەوە. وشەی یەکەم ڕادیا لە وشەی "ڕاد"وە دێت کە ڕاد یان ڕات هەم لە کوردیدا هەم لە ئەوێستایی و هەمیش لە سانسکریتیدا واتای ڕاستکار، دروستکار، و جوامێر دەدا (بڕوانە هەنبانە بۆرینە

فەرهەنگی کوردی- فارسی هەژار، تاران ١٣٦٩. ل.پ.٣٣٩). پیتی "ی" نیشانەی پەیوەستە ( نسبت)، وشەی دووەمیش هەمان وشەی شادی کوردییە. پێکەوە دەبێتە "ڕادیا- ی شادی" واتا "ڕادیا" کوڕی "شادی".

**بەگداتوو:** ناوی فەرمانڕەوای ناوچەی هۆیش دێش (ماد- ڕاغا / مەراغە) بوو، کە لە دژی ئازا پادشایماننا ڕاپەرێ و بۆ ماوەیەکی کەمیش جێگای "ئازا"ی گرتەوە. ناوی بەگداتوو یان بەغداتوو لە سێ بڕگە پێک هاتووە، بەمجۆرە " بەغ- دات- وو". بڕگەی یەکەم بەغ/ بەگ واتای "خودا" دەدات، بڕگەی دووەم "دات/ داتا" واتای "دا/ دای" ئەدات، بڕگەی سێیەم "وو/ و/ ۆ" پاشگرێکی باوی مادی و هەروەها کوردیی شێوەزاری کرمانجییە. بەگداتوو/ بەغداتوو مانای "بەغ دایە/بەغ داویەتی، واتا مانای "خوداداد" دەگەیەنی. ئەم ناوە بە وتەی خۆدی دیاکۆنۆڤیش قسەی تێدا نییە کە ناوێکی ئەوێستاییە.

**تلۆ سینا:** تلۆی کوڕی سینا، سەرۆکی هۆزی ئاندیا کە لەگەڵ بەگداتوودا لە دژی ئازا پادشای ماننا ڕاپەڕی. تلۆ ناوی خۆیەتی و "سینا"ش ناوی باوکیەتی. ناوی تلۆ/ تێلۆ،ئێستاش لە شێوەزاری کرمانجیدا هەر باوە. "حەسەن تێلۆ شکاک (حەسەنی کوڕێ تێلۆ) یەکێ لە هاوڕییانی قازی موحەمەد بوو لە سەفەری ڕووسیادا(سوڤیەت). هەروەها ڕێبەری ڕێکخراوی "یەکیەتیی لیبراڵی کوردستان لە ڕوژئاوا ناوی "فەرهاد تێلۆ"یە. "سینا"ش ناوێکی کۆنی ئیرانییە. ناوی باپێرە گەورەی زانای بەناوبانگ "ئەبو عەلی حوسین کوڕی عەبدوڵڵا" کە لە ساڵی ٣٥٦ کۆچیدا لە "بوخارا" لە دایک بووە "سینا"بوو، هەر بۆیەش بە ئەبۆ عەلی سینا بەناوبانگە.

**ئاز:** ناوی یەکێ لە کوڕەکانی ئێرانزوو بوو کە دوای مەرگی باوکی جێگای گرتەوە، لەسەر ئەم ناوەش دیاکۆنۆڤ هیچ نابێژێ."ئاز/ ئازا" لە کوردیدا چەند واتایەک دەگەیەنێ لەوانە "خێرا" کە زۆرتر لە ناوچەکانی شارەزور و هەورامان وسنە و

کرماشان بەکار دێت هەروەها واتاێ "دلێر و چالاکیش ئەدا"[188]. بەڵام مەبەست لەم **"ئاز/ ئازا"**یە هیچکام لەمانە نین، بەڵکوو **"ئاز"یش خودایەکی کۆنی ئێرانی بوو کە خاوەن هێزێکی لەبن نەهاتوو بووە.** خودایانی کۆنی هیندوئێرانی کە "دئۆ"یان پێ دەگۆت، ژمارەیان زۆر بوو و خەڵکیش ناچار دەکران کە قوربانیان بۆ بکەن کە ئەمە دەبووە هۆی بارگرانی بەسەر شانی خەڵکەوە. بۆیە پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی زەڕدەشتی لۆمە لە پەرەستنی "دئو"کان" کرا، کە وای لێ هات دواجار بوون بە هێزی تاریکی و درۆ و خراپی ونەیاری. ئێستا وشەی دێو جێگای دئوی گرتووەتەوە. وا دیارە ناوی **"ئاز"** هین ئەو سەردەمەیە کە هێشتا "دئو"کان نەبووبێتن بە دێو. (ئەو سەردەمە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی زەڕدەشتی بووە و وا دیارە کە هێشتا نەبووە بە ئایینێکی گشتگیر لە هەموو ناوچەکەدا).

لە ئەفسانەی ئافرینیشی ئایینی "زڕوانی"دا ئاوا هاتووە: لە سەرەتادا جێهانی ئێمە نەبوو، تەنیا دوو گەوهەر هەبوون، گەوهەری ڕۆشنایی و گەوهەری تاریکی . گەوهەری ڕۆشنایی باش و جوان بوو، گەوهەری تاریکیش ناحەزو وخراپ. شاریاری ( وەزیر، یاریدەری شا) جێهانی ڕۆشنایی **"زروان"** بوو کە فەرمانڕەوایی بە سەر خۆشی و ئاسایشتدا دەکرد، لەم جێهانەدا نەخۆشی و ڕۆژڕەشی و مەرگ نەبوو. لە جێهانی تاریکیدا دیوی **"ئاز"** فەرمانڕەوایی دەکرد. ئەم دوو گەوهەرە دوور لەیەک دەژیان هەتا ڕۆژێک "ئاز" چاوی کەوت بە جێهانی ڕۆشنی و ویستی کە داگیری بکا بۆیە لەگەڵ کۆمەڵێک لە دێوان پەلاماری زروانی دا. زروان ئامادەی نەبەرد (جەنگ) نەبوو، هەر بۆیە دوو خودای تری دروستکرد بۆ بەرئەنگاربوونەوەی "ئاز". یەکێ لەوانە هورمزد بوو خودای جەنگ، بەڵام هۆرمزد لە شەڕەکەدا شکستی هێنا و کەوتە بنی جێهانی تاریکییەوە و لەسەر خۆی چوو. زڕوان بۆ ڕزگاری هۆرمزد خودایەکی تری دروستکرد کە ناوی مێهرئیزد بوو، کە لەگەڵ دێوەکان بەشەڕهات و شکستی دان و هۆرمزدی ڕزگار کرد و دێوەکانی کرد بە زنجیروە.

---

[188] فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩، لاپەرە ٥.

له نێــو سروده ئایینیەکـانی یارسانیشــدا ( سرودی ڕەمزبــار)[189] نــاوی **"ئـاز"** وەک خودای تاریکی هاتووە:

پەی دەرون شاد پەی دەرون شاد شام ڕۆشنیش وست پەی درون شاد

ئەو کۆی چل نورش هەرکە کەرد ئیجاد چل مەشعەلش دا وە ئۆسای ئیرشاد

نە لەوح حەجەر شا کەرش بنیاد **ئاز** و تاریکی گوریزان چون باد

واتاکەی: بۆ دەرونی شاد، شام ڕووناکی خستە دەڕووناکانەوە و شـادبوونەوە، ئەو کاتەی "چلتەن"ی ئافراند و چل مەشخەڵی ڕێنماییکردنی دایە دەسـتیان، (کە پەیـامە ڕووناکیبەخشەکانیان) وەک نووسراوەیەکە کە لەسەر بەرد گەڵاڵە کرابـێ. لە بەر ئەم ڕوشناییەدا **"ئاز"** و تاریکی وەک با هەڵهاتن.

لێرەدا دەبـێ ئەوە وەبیـر بێنیـنەوە کە وشـەکانی **"ئـاز و ئـازا"** هەر یەک وشـەن. بەپێی زانایانی بـواری زمـانە کۆنەکـانی ئێرانـی زۆربەی وشـەکانی مـادی بە تـایبەت ناوەکان بە پیتی " ا " کۆتاییان پێ هاتووە بۆ نموونە ماد (مادا)، پارس (پارسـا)، پـارت (پارتـا)، کـار (کـارا)، داد یـان دات (داتـا)، دەس (دەسـا)، ئەسـپ (ئەسـپا)، پەراسـو (پەراسوا). بەپێی ئەم ڕێسایە **"ئاز"** یش هەر هەمـان **"ئـازا"**یە. ئەم **"ا"**یە کە لە پـاش وشەکان دەهات لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا لە پاش وشەکان کەوت.

هەروەها ئەم ناوە لە پارسی میانەدا وەک **"ئـاز"** و لە ئەوێسـتاییدا وەک **"ئـازای"** هاتووە کە واتای ڕژدی و ئازمەندی ئەدا[190].

هەر چەند ناوی"ئێرانزوو" پادشایماننا و ناوی "ئازا"ی کـوڕی، کـوردی/ ئێـرانییە بەڵام ناوی کوڕەکەی تری ئۆلۆسۆنۆ تا ئیستا ڕوون نەبووەتەوە کە سەر بە کام زمانە.

---

[189] یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕوستەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی، ل.پ ١٤٦.
[190] مهرداد بهار، پژوهشی در اساطیر ایران، چاپ پنجم پائیز ١٣٨٧، نشر آگاه.

## واتاکانی زاموا، پارت، پارسوا، پارس و میدیا لە ڕوانگەی دیاکۆنۆڤەوە

دیاکۆنۆڤ لە ل.پ.١٩٢دا دەڵێ: "لە وڵاتی ماددا ناوی زۆر شوێن و جێگا بۆ ماوەیەکی درێژ هەر بە شێوەی نائێرانی مایەوە، ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخا کە پێشتر خەڵکی ئێرانیی زمان لەو شوێنانەدا نەژیاون، چونکە کاتێ زمانی خەڵکەکە دەگۆڕدرێت لە هەمان کاتدا ناوی شوێنەکان بۆ ماوەیەک وەکوو جارانی خۆی دەمێنێتەوە".

ئەم بۆچوونەی دیاکۆنۆڤ وەک تئۆری ڕاستە بەڵام لەسەر شوێنی مانناییەکان و مادەکان ناگونجی و ڕاست نایێتەوە. گرفتەکەش بە داخەوە لەوەدایە کە چۆن دیاکۆنۆڤ کوردی نازانێ لە ناوی ئەو شوێنانە کە باسیان لێ دەکا یان هەر تێ ناگا یان خراپیان وەردەگێڕێتەوە بۆ نموونە:

**زاموا:** لە ل.پ ١١٨ دا لە بەندی ٥، ئاوا باسی ناوچەی زاموا لە سەردەمی دەستەڵاتی ئاشوورییەکاندا دەکات:

مەڵبەندی "زاموا" یان " لۆلۆ"، تەواوی ئەو ناوچەگەلە دەگرێتەوە کە کەوتووەتە نێوان دەریاچەی ورمێ (ارومیە) هەتا ناوچەکانی سەرەوەیّ ڕووباری دیالە، واتا هەموو ئەو شوێنانەی ئیستای شارەکانی ورمێ، مەهاباد، میاندووئاو، بانە، سلێمانی، سنە، کرماشان و خانەقینە بە ناوچەی زاموا دەناسران. بەڵام لە ل.پ. ٣١٨دا دەڵێ لە دواییەکانی سەدەی هەشتەم و سەرەتاکانی سەدەی هەفتەمی پ.ز. ئاشوورییەکان زۆربەی ناوچەکانی مادیان داگیر و بە سەر چەند مەڵبەندا دابەشیان کردبوو لەوانە زاموا (باکووری سلێمانی)، و پارسوا (سەرەوەی دیالە).

دیسان لە ل .پ ١١٨دا لە بەندی ٦ دا ئاوا باسی ناوچە و وڵاتی پارسوا دەکات لە هەمان سەردەمدا:

ئەو شوێنانە کە کەوتووەتە سەرەوەی ڕووباری دیالە واتا ئەو سێ گۆشەیە کە کەوتووەتە نێوان سلێمانی، زهاو و سنە بە پارسوا دەناسرا.

لێرەدا وا دەردەکەوێ کە دیاکۆنۆڤ ناوچەی زاموا وەک مەڵبەندی لۆلۆبییەکان ناو دەبا، و لۆلۆبییەکانیش وەک هۆزیکی نائێرانی دەناسێنێ. ئەمە جێگای گومانە، جارێک هێشتا زمان و نەژادی خۆدی لۆلۆبیان بەجوانی ڕوون نەبووەتەوە، ئەگەریش لۆلۆبییەکان لە باری نەژاد و زمانەوە بەشێک لە ئێرانییەکان (کوردەکان) نەبووبێتن، بێ هیچ گومانێک هۆزەکانی تری ئێرانیی زمان لە زاموادا هەبوون. خۆدی ناوی **"زاموا"** هەر وەک لە خوارەوە ڕوون دەکرێتەوە وشەیەکی کوردییە و ئەمە بۆ خۆی بەڵگەیەکی باشە کە نیشان دەدات کە ئەم ناوچەیە کوردنشین بووە.

جۆرێک لە لێڵی و ناڕێکی لە بووچوونی دیاکۆنۆڤدا سەبارەت بە مەڵبەندەکانی پارسوا و زاموا بە دی دەکرێ. بەپێی ئەم بۆچوونانە یان دەبێ ناوچەی پارسوا بەشێک بێ لە ناوچەی زاموا ویان دەبێ هەردوکیان هەر یەک ناوچە بن. بەڵام بە پێێ ڕوونکردنەوەکانی دیاکۆنۆڤ زاموا و پارسوا دوو ناوچە، یان دوو وڵاتی جیاواز بوون کە باجیان بە دەستەڵاتی ئاشوور دەدا. هەروەها لە ل.پ ٢٠٥دا ناوچەی زاموا دەکاتە دوو بەشەوە و وەک دەوڵەت یان دەستەڵاتی زاموای ناوەوە و زاموای دەرەوە ناویان لێ دەبا. ئەم شێوازە دابەش کردنەش ڕاست نییە، هۆکاری سەرەکیشی تێ نەگەیشتنی دیاکۆنۆڤە لە دەستەواژەکانی زاموا و پارسوا (پەرەسوا) . هەرچەند دیاکۆنۆڤ تێ کۆشاوە کە واتای زۆربەی ناوەکان و شوێنەکان ڕوون بکاتەوە و نیشان بدا کە سەر بە کام خێزانی زمانین، بەڵام لە سەردەستەواژەی "زاموا " بێدەنگە و هیچ نابێژێ کە ئایا ئەم وشەیە ئێرانییە یان ئاشووری یان ئەکەدی یان هوری یا خۆ لۆلۆبییە!

ڕاستەکەی ئەوەیە کە هەر لە کۆنەوە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان بە کوێستان، یان زۆزان یان سەردەسێر دەناسران، (ئێستاش هەر وایە). و بە هەمان

شـــێوە نـــاوچە دەشـــتایەکانی باشـــووری کەرکـــووک و شـــارەزور بە بـــاگەرمی (Begerme)[191]، گەرمەکان (Germekan)[192]، گەرمیان و گەرمەسێر ناو براون.

**وشەی زاموا شێوەی ئەکەدی وشـەی"زۆم" و یان"زمـا"یە. واتـا ئەکەدییەکـان بە "زما / زۆم"یان وتووە " زاموا".**

وشەی "زۆم" واتای کۆمەڵێک ڕەشـماڵ یـان کۆمەڵێـک چـادر لە کوێسـتاندا ئەدا (هەنبانە بـۆرینە، هەژار ١٩٨٩: ٣٨٥)، وشـەی "زمـا"یش  وشـەیەکی کـوردییە واتـای سـاردی و سـەرما ئەدات (هەنبـانە بـۆرینە، هەژار ١٩٨٩: ٣٨٠). "زمـا" هاوڕیشـەی لەگەڵ "زۆم " و "زاموا". خۆدی وشـەکانی زمێسـتان و زۆزان (کە بە کرمـانجی واتـای شوێنی سارد و کوێسـتانی ئەدا) هەر لەم وشـەوە هـاتوون. ئەگەر بەوردی چـاو لەو مەڵبەندانە بکەین کە دیاکۆنۆڤ وەک "زاموا" ناویان لێ دەبا، هەر هەمـووی نـاوچە کوێستانییەکان "زما/ زۆم"ە کانی کوردستانن.

**"ئیبنی خۆردادیە لە سـاڵی ٢٣٢ کوچیـدا (واتـا نزیـک بە ١٢٠٠ سـاڵ لەمەوبەر) ئاوا باسی کوردەکانی پارس دەکات:**

**"زمـوم"ی کوردەکـانی فـارس: لە چـوار (زم) پێـک هـاتووە، "زمـوم" بە واتەی نـاوچەی کوردەکـانە، کە بـریتییە لە زمـی حەسـەن کـوڕی جیلـویە (گیلـویە)، کە بازرنجانی (بازرەنگی) پێ دەڵێن، زمی ئارادم  کوڕی "جواناە "(جوانە)، زمـی قاسـم کـوڕی شـەهربراز کە "کوریـانی" پـێ دەڵـێن، و زەمـی حەسـەن کـوڕی سـاڵێح کە "سۆرانی" پێ دەڵێن"[193].**

---

[191] کەرکووک لە چەرخە کۆنەکاندا، د.جەمال ڕەشید ئەحمەد. وەرگێڕانی حەسەن جاف، دهۆک ٢٠٠٨، ل.پ. ٥٨.
http://www.pertwk.com/pdf/kerkwk_le_cherxe_konekanda.pdf

[192] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[193] کوردەکانی پارس و کرمان لە نووسینی دوکتور جەمشیدی سەداقەت کیش، وەرگێرانی کامەران حەسەن، ساڵی ٢٠١٠ زایینی، ل.پ ٣٥.

**لێرەدا بە جوانی بۆمان دەردەکەوێ کە زەم و زموم و زاموا، هەمووی هەر یەک شتن ئەویش" زۆزان/هەوارگە" واتا شوێنی نیشتەجێبوونی کوردان بووە لە شاخەکان، یان ناوچەی سەردەسێر.** کە وابوو خۆدی ناوی زامواش کوردییە/ ئێرانییە. بۆیە ئەو بۆچوونەی دیاکۆنۆڤ کە دەڵێ لەو سەردەمەدا هێشتا توخمی ئێرانی و ئێرانیی زمان لەم شوێنانەدا جێگیر نەبوون ڕاست نییە. هەر ئەوەی کە ناوی ئەم شوینانە لەو سەردەمەدا کوردی بوون ئەوە دەسەڵمێنێ کە ئەو ناوچەگەلە هەر لەمێژەوە کوردنشین بوون.

**پارسوا:** لەسەر "پارسوا"ش دیاکۆنۆڤ لە ل.پ ٢٠٦دا زۆر بە ڕاستی باسی ئەوە دەکا کە وشەی "پارسوا" شێوازی ئەکەدی وشەی "پەراسو"ە  کە بە واتای کەنار و مەرز دێت و لەگەڵ وشەی "پارس" یان "پەرسید"دا جیاوازە.  بەڵام لێرەشدا تووشی هەڵەیەکی تر دەبێت ودەڵێ وشەی "پارس"یش هەر واتای کەنار و مەرز دەدا. هەروەها لە ل.پ. ٩١دا جاریکی تر بە ڕاستی و دروستی واتای وشەی پارسوا دیاری دەکا ودەڵێ هەمان وشەی "پەراسو"ە کە بە واتای بڕبڕە، کەنار و تەنیشتە، بەڵام دیسانەوە تووشی هەمان هەڵە دەبێتەوە و دەڵێ وشەکانی پارس و پارت و پارسوا هەر یەک شتن وهەر یەک واتایان هەیە ئەویش تەنیشت و کەنارە.

لێرەدا پێویستە ئەمە ڕوون بکرێتەوە کە وشەی پارسوا یان پەراسو هەمان وشەی پەراسوی کوردییە کە هەر ئێستایش واتای تەنێشت و بڕبڕە تەنیشتی لەش واتا پەراسو دەدا. کە وابوو وشەکانی زاموا و پارسوا ئەم ڕاستییەمان بۆ دەرئەخەن کە دانیشتوانی سەرەکی ئەم ناوچانە کوردزمان بووەن و هەر لە مێژەوە لەوێش نیشتەجێبوونە دەنا وەک دیاکۆنۆڤ دەڵێ دەبوای ناوی شوێنەکان بە زمانێکی تر بووایی.

**پارس:** وشەی "پارس" هیچ پەیوەندییەکی بە پارسوا (پەراسو)وە نییە. پارس وشەیەکی ئایینییە کە لە سەردەمی مادەکاندا وەک "پارسا" گۆ کراوە. کە ئێستاش لە فارسیدا هەر ماوەتەوە و واتای مروڤی پاک و لە خوا ترس دەدا. لە سەردەمی کۆندا

به ناوچە فارس نشینەکانی باشوور لای شیراز وتراوە "پەرسید/پەرسا/پارسا". لە زمانی ئەکەدی و ئاشووریدا گەلێ جار دەنگی "س" دەگۆڕدرێت بۆ "ش"، هەر بۆیەش ئەم وشەیانە بە شێوە "پەرشید/ پەرشیا" بێژە کردووە، هەر ئەم وشەیە دواجار بە واتای ناوچە فارس نشینەکان لە لاتینیشدا جێ کەوتووە.

**پارت:** وشەی "پارت"یش دیسان هیچ پەیوەندییەکی لە گەڵ پەراسودا نییە تەنانەت دژبەریەتی، ئەم وشەیە لە ڕاستیدا پارت نییە بەڵکوو وشەی " پەرت"ە کە هەر ئیستایش لە کوردی و لە فارسیشدا واتای شوێنی دوور وپەراوێز دەدا، بۆ نموونە دەڵێن ئەو خانووە شوێنەکەی پەرتە یان ئەو گوندە کەوتووەتە شوێنەکی زۆر پەرتەوە. ئەم ناوە بە سەر ئەو هۆزانەدا دابڕابوو کە لە شوێنێکی دوور و پەرتدا دەژیان. بۆ نموونە بە هۆزەکانی ئەشکانییان دەوت "پەرتەکان/ پارتاکان" واتا ئەو هۆزانە کە لە شوێنی دوورەوە نیشتەجێبوون. هەروەها بە یەکێ لە هۆزەکانی پێکهاتەی ماد کە خەڵکی لای ئەسفەهان (اصفهان) بوون و دوور بوون لە ناوچەکانی ناوەندیی مادەکان بە هۆزی "پەرتەکان" بەناوبانگ بوون. کە ئێستاش لە کوردیدا واتاکەی ڕوونە و بە واتای هۆزی "دوورەکان" دێت.

**ماد/ مێدیا:** وشەی" ماد یان میدیا "واتای نیوە و ناوەڕاست و ناوەند دەدا، بڕوانە فەرهنگی ئەوێستا:

Maidhya = Middle, half (k383)[194]

لە ڕاستیدا هۆزەکانی ئیرانیی زمان کە لە کۆنەوە لە ناوچەیەکی بەربڵاو هەر لە تاجیکستان و پاکستانەوە بگرە هەتا ناوچەکانی باکوور و ڕۆژاوای کوردستاندا بڵاوەیان کردبوو. وا دیارە کە ئەو شوێنانەی کە تێدا نیشتەجێبوون بە شێوازی جۆراوجۆر ناویان لەسەر دانابێ کە مەڵبەندەکانیان تا ئەندازەیەک دیاری بکا. بۆ نموونە ناوچەکانی مێدیا (ناوەڕاست)، پەراسو ( تەنیشت، پاڵ، نزیک) و پەرت (دوور

[194] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

و پەرت)، زەم/زەما (سارد، زۆزان)، گەرمێنی/گەرمیان/گەرمەکان (شوێنە گەرمەکانی خوارەوەی کەرکووک). گشت ئەو مەڵبەندانەش کە کەوتووبوونە ڕۆژهەڵاتی میدیاوە، وەک ناوچەکانی خۆراسان و تاجیکستان یان ئەسفەهان و کرمان کە دوور بوون لە میدیا (ناوەڕاست) بە پەرت (پارت) دەناسران. و ناوچەی زاموایش (زاما / زموم) هەر ناوچە کوێستانیەکانی کوردستان یان زۆزانەکان بوون. لێرەدا ئەم ناکۆکیانەی دیاکۆنۆڤ و مێژوونووسانی ترمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە جارێک مەڵبەندەکە وەک زاموا و جاریکی ترهەمان مەڵبەند وەک پارسوا ناو لێ دەبن. هەر ئێستاش لە عەردنێگاری جێهانیدا دەستەواژەگەلی جیاواز بۆ دیاری کردنی شوێن و مەڵبەندکانی جۆربەجۆر بەکار دێت کە پیوەندییەکی ئەوتوی بە هۆزێک یان وڵاتێکەوە نییە بۆ نموونە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، رۆژهەڵاتی دوور یان ئاسیای بچووک، ئاسیای دوور.

دیاکۆنۆڤ لە ل.پ ٢٢٢ دا لەسەر شوێنی فەرمانڕەوایی ماننایییەکان دەڵێ:

**"دەستەڵاتیماننا بە سەر ئەم مەڵبەندانەدا (بە زمانی ئاشووری ناژە) دابەش بووە،١- سوریکاش ،ناوچەی سەقزی ئێستا(؟) ٢- میسی، لە سەرەوەی ڕووباری جەغەتوو ٣- ئۆئیش دێش/هۆێش دیش، قەراخی ڕۆژهەڵاتی گۆلی ورمێی ٤- ئارسیانشی ٥- ئارشتە یانا".**

ئەگەر بە قسەی دیاکۆنۆڤ بێ نابێ هیچکام لەم شوێنانە ناوەکانیان ئێرانی بێت، بەڵام لێرە ڕوون دەکرێتەوە کە ئەم ناوانە هەمووی هەر ئێرانین (کوردی/ مادین).

**سوریکاش:** مەڵبەندەکانی مێسی وهۆیش دێش شوێنەکانیان دیار و ئاشکرایە، دەکەونە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ماناوە، ئەمە ڕوونە کە ناوەند و پایتەختی مانناییەکان لە ئێزرتوو لە نزیکی شاری سەقزدا بووە، کە وابوو سوریکاش یان دەبێ لە باشوور بێت یان لە ڕۆژاوای وڵاتی ماننا. بەڵام ئەو زانیارییەمان لەبەر دەستدایە کە لە ساڵی ٧١٦ پ.ز کاتێ کە سارگۆن پاشای ئاشوور لە زامواوە (شاربازێر) دەچێ بۆ وڵاتی

ماننا، ئۆلۆسۆنۆ پادشای ماننا لە ناوچەی سوریکاش دەچیتە پێشوازییەوە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم ناوچەیە شوێنیکی مەرزی بووە نزیک بە وڵاتی ئاشوور، واتا شوێنێکی مەرزی لە ڕۆژاوای وڵاتی ماننا. ئەم شوێنە ئێستا دەکەوێتە ناوچەی بانە. وشەی "سوری- کاش" لە دوو برگە پێک هاتووە، "سور" واتای هەمان ڕەنگی سوور دەدا لە کوردیدا. برگەی دووەم **"کاش"** وشەیەکی کوردییە لە شێوەزاری کرمانجیدا کە واتای کێو دەدا (بڕوانە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ساڵی ١٣٦٩، ل.پ.٦٠١) بۆ نموونە ئەو کێوەی کە لە ناو شاری کۆبانیدایە بە "کاشی مشتە نور" بەناوبانگە هەروەها کێوێکی تریش لە باشووری ئەو شارە هەیە کە "کاشی بەرکەل"ی پێ دەڵێن. ئەم وشەیە لە شێوەزاری هەورامیدا وەک **"کەش"** گۆ دەکرێ و هەمان واتای هەیە (بڕوانە فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، لە نووسینی بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٧٧٦). لە کوردیدا بەکار هێنانی کەش و کۆ یان کەش و کێو زۆر ئاساییە. ناوی "سوری کاش" ئێستا گۆڕاوە و بووە بە "سوورکێو" کە زنجیرە کێوێکە و هەروەها ناوچەیەکی مەرزییە کەوتووەتە نێوان مەرزی کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) و کوردستانی باشوورەوە. گۆڕانی وشەی کاش بۆ کێو لە ژێر کاریگەری زمانی"ئەشکانی/پارتی"دا بووە. واتا کاش وشەیەکی مادی و کێو وشەیەکی ئەشکانییە.

لە کاتی دەستەڵاتداری ئەشکانییەکان (پارتەکان) بە دەیان هۆز و هەزاران سوارەی ئەشکانی لە باشوور و ڕۆژاوای گۆلی ورمێیدا (لە کوردستانی ئێستادا) نیشتەجێ بوون، هێندێک لەوانە لە بناری شاخی سوریکاشدا مانەوە. هەموو ئەمانە کە زۆربەیان هێزی چەکدار بوون بە نێوی هۆزە سەرەکییەکەیان وسەرکردە بە نێوبانگەکەیان "سورێن " دەناسران. کێوستانی سورێن و هەروەها گوندی "سورین"[195] لە بناری سوورکێو گەواهی ئەم ڕاستییەیە. کە وابوو "سوریکاش" وشەیەکی کوردییە کە ئێستا بووە بە سوورکێو. (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کاریگەری

[195] http://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%B3%D9%88%D9%88%D8%B1%DB%8E%D9%86%D8%8C_%D8%A8%D8%A7%D9%86%DB%95

زمانی ئەشکانییەکان و هۆزی سورێن لە کوردستاندا بڕوانە بۆ ناسنامەی زمانی کوردی بەرگی سێیەم لاپەڕەکانی ٢٠-٢٩).

**میسی:** بە شی سەرەوەی جغەتو (دیاکۆنۆڤ ل.پ ٢٢٢) ناوچەی نێوان بیجار و تیکانتەپە و زەنجان و کێوی ئەڵوەند. واتای ئەم ناوە ڕوون نییە بەڵام ئێرە یەکێ لە شوێنە سەرەکییەکانی مادەکان بوو و دیاکۆ بەر لەوەی لە هگمەتانا نیشتەجێ بێ لەم ناوچەیەدا ژیاوە.

**ئۆێش دیش یان هۆێش دیش:** وڵاتی "ئۆئێش دیش" یان "هۆئیش دیش" واتای وڵاتی خۆش دەدا[196]. ئەمە وشەیەکی مادییە لە شێوەزاری ئەوێستایی/ (موگی)دا، لە دوو بڕگە پێک هاتووە. بڕگەی یەکەم ئویش/ هویش کە هەمان وشەی "وەش"ە لە هەورامیدا کە لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا وەک خۆش گۆ دەکرێ. بڕگەی دووەم "دیش" واتای "دێ' دەدات. بەرامبەر ئەم وشەیە لە هەورامیدا "وەش دێش " یان "وەش دێ"یە. بە وتەی دیاکۆنۆڤ ناوەندی ئەم ناوچەیە لە شوێنی شاری مەراغە (ماد- راغە)ی ئیستایە هەروەها ناوی یەکێ لە میرانی ئەو ناوچەیە بەگداتوو بووە کە بەرەنگاری "ئازا" پادشایماننای کرد و دوای کوشتنی ئازا خۆی نیشتە سەر تەختەوە کە دواجار لە لایەن سارگۆنی دووەم پادشای ئاشوورەوە پەلامار درا و دوای دەستگیرکردنی هەر بە زیندویی کەوڵیان کرد (پێستیان لێ کردوە). دیارە ئەم ناوە هەر ئەو ڕۆژە کە ئاشوورییەکان پەلاماریان داوە و ناوەکەیان تۆمارکردوە لەسەر ئەم ناوچەیە دانەنراوە بەڵکوو ئەگەر هەزار نەڵێین لانیکەم چەندین سەدە پێشتریش ئەم ناوە هەر هەبووە دەنا ئاشوورییەکان لە کاتی تۆمارکردنی ناوەکەی ئاماژەیان بە ناوە کۆنەکەشی دەکرد و دەیانگوت وڵاتی فلان کە ئێستا هۆێش دێشی پێ دەڵێن. لەسەر ناوی بەگداتوویش دیاکۆنۆڤ بۆ خۆی دەبێژی کە بێ هیچ گومانێک ئەمە ناوێکی مادییە. لە بەشەکانی دواتردا ڕوون دەکرێتەوە کە ئویش دێش (مەراغە) شوێنی سەرەکی زەڕدەشت و هۆزی مۆگانی مادی بووە.

---

[196] بڕوانە ل.پ ١٢٢، بازخوانی تاریخ ایران ، دفتر اول،امیر حسین خنجی.

**ئارسیانشی:** (ل.پ.٢٢٢)، واتای ئەم ناوە و هەروەها شـوێنەکەی تـا ئیسـتا ڕوون نەبــووەتەوە، بەڵام شــێوەی دارشــتنی وشــەکە لە مــادی و لە شــێوەزاری مــاگی (ئەوێستایی) دەچێ.

**ئەرشـتە یانـا:** (ل.پ ٢٢٢) ، شـوێنەکەی دیـاری نەکـراوە. بەڵام ئەمە وشـەیەکی مادییە. لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بـڕگەی یەکەمـی ئەرشـتەی کە هاوڕیشـەیە لـگەڵ وشەکانی ئارشتوا، ئارەش، ئەرشە، ئارتە، ئەرتە، ئەمانە هەموویـان یەک واتایـان هەیە ئەویش ڕاست، پاک و دادپەروەرە. ئێستا لە شـێوەی نـاوی وەک ئـارەش، ئەردەوان ( واتا پاریزوانی ڕاستی)، ئەردەشێر کە لە ڕاستیدا ئەرتخشێر بووە بە واتای شای ڕاست و دادپەروەر هەر مــاوەتەوە . ئەم وشــەیە وەک "ڕاشــت" لە شــێوەزاری زازکیــدا ماوەتەوە کە واتای ڕاست دەدا. بڕگەی دووەم "یانـا" وشـەیەکی ئاسـایی کـوردییە لە شێوەزاری هەورامیدا واتای خانو یان شوێن دەدا. پـێکەوە واتـای مـالی ڕاسـتان یـان شوێنی پاکان دەدا.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بەپێیچەوانەی بۆچوونەکانی دیـاکۆنۆڤ نـاوی ئەم نـاوچەگەلە هەمـووی ئێرانــی و لە شـێوازی مـادییە. دیسـانەوە نووسراوەکـانی خۆدی دیاکۆنۆڤ هێندێک بەڵگەی تر بە دەستەوە دەدا بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە.

دیاکۆنۆڤ لە ل.پ ٢٠١ دا دەڵێ ئاشـوور ناسـێرپاڵ لە سـالّی ٨٨١ پ.ز هەرێمـی زاموای داگیر کرد بەڵام ساڵی دواتر دوو ناوچە لە باشووری زاموا بە نێوکانی "ئامێکا" و" ئاراشتوا " باجیان بە ئاشوور نەدا. بۆیە دیسانەوە هێرشی کردەوە سەریان.

**ئامێکا:** پاشگری ئەم نێوە (کا) پاشگرێکی ناوچەیی کوردستانییە لە ئێرانیدا بـووتە (ئەمایەکە) و لە یۆنانیـدا بـووتە (ئەمـایەکوس) و لە بنەڕەتـدا لە هەزارەی دووەمـی پ.ز شێوەی (ئەمایە)ی هەبووە. سەرۆک هۆزی سەکەس (سـەرمات) کە بە شـێوەی

(ئەمایەکوس) لە یونانیدا تۆمارکراوە لە زمانی "ئوسیتینی"دا بە شێوەی (ئەمایەک) بینراوە کە واتای(بیناکار) دەبەخشێت.[197]

**ئاراشتوا:** ناوی ناوچەیەک بووە لە نزیک ڕووباری دیالە (خانەقین )ئەم ناوە لێکدراوە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەم "ئاراش" کە واتای ڕاستی و دادپەروەری دەدا وهاوڕیشەیە لەگەڵ وشەی "ئاراشتات" کە لە ئایینی زەردەشتیدا ئیزەدی دادپەروەریە[198]، ڕەگی ئەم وشەیە هەمان وشەی "ئارتا"ی میتانی- مادی و"ئارشا/ ئەشە" ی ئەوێستاییە. ئەم وشەیە لە کوردی شێوەزاری زازاکیدا لە شێوەی "ڕاشت " کە واتای ڕاست ئەدات هێشتا ماوەتەوە. بڕگەی دووەم پاشگری" توا "یە، "ئەمە پاشگرێکە لە نێوی وەک پارتاتوا، و ڕاماتوا دەبینرێ، ئەم پاشگرە ئەمڕۆ لە کوردیدا بە شێوەی (تاو) ماوەتەوە و بە هەمان واتەی (هێز، قوەت، تاقەت)ە هەروەها (توانا)ش دەگرێتەوە. لە ناو سەکەسەکاندا ئەم جۆرە وشەیە لە نێوی کەسی وەکو (تیگراتاوا، دەرگاتاوا = تیرتاو، درێژتاو) بەرچاوەدکەوێت"[199]. کە وا بوو "ئاراشتوا" واتای هێزی ڕاستی و دادپەروەری دەگەینێ. یان دەکرێ شێوەیەکی تری ناوی "ئەرشتات" بێ، واتا ئیزەدی دادپەروەری.

لە ساڵی ٨٢٠ پ.ز شەمسی ئادادی پێنجەم هێرشی کرد سەر ناوچەکانی ناوەندیی ماد، لە مەڵبەندی گیزلبوندا(قافلانکێوی ئێستا) دوو کەس لەسەرۆک هۆزەکان خۆیان دا بە دەستەوە، بەڵام یەکێکی تریان بە ناوی پیرشاتی خۆی نەدا بە دەستەوە و لە قەڵای ئوراش لە کێوی گیزلبوندادا (قافلانکێو) بەرەنگاری ئاشوورییەکان بوونەوە، لە ئەنجامدا تێکشکان و نزیکەی ٦٠٠٠ کەسیان لێ کوژرا و ١٢٠٠ کەس لەوانە خۆدی پیرشاتیش (پیر شادی) دەستگیر کران. ( ا. م. دیاکونوف ترجمە کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥، ص. ٢١٠).

---

[197] لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، د.ج. ڕشید بەغداد، ١٩٨٨ ل.پ ٣٠٨.
[198] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm
[199] لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، د.ج. ڕشید بەغداد ١٩٨٨ ل. پ. ٣٠٨.

**پیرشاتی:** سەرۆکی هۆزی گیزلبوندا (دیاکۆنۆڤ لە ل.پ.٢١١ )، گیزلبوندا( کێوکانی قافلانکێوە لە نزیکی شاری میانە لە ئازەربایجان) ئەم ناوە لە ڕاستیدا " پیرشادی"ە. کە وشەی" پیر" بە ڕابەرانی ئایینی گۆتراوە لە ئایینەکانی کۆنی ئێرانیدا، ئێستاش لە کوردستاندا لە ئایینی ئیزدیدا (کە بە ڕەچەلەک دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئایینی میترایی) و لە ئایینی یارساندا ( کە لە ڕاستیدا هەمان ئایینی زەڕدەشتییە کە کەوتووەتە بەر کاریگەریی ئایینی ئیسلامەوە) ڕابەرانی دینییان بە پیر بەناوبانگن. وشەی "شاتی"ش هەمان وشەی"شادی"یە لە کوردیدا. "گومان لەوەدا نییە کە وەزیری فەرەیدون بە نێوی (پیرشاد) بووە، ئەم جۆرە نێوانە لە زمانە ئێرانییەکاندا باو بووە وەک ئەرتا شاتی، شاتەبەرزانە"[200].

لێرەشدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بە پێچەوانەی قسەکانی دیاکۆنۆڤ ناوی ئێرانی (هەم ناوی کەسی و هەم ناوی ناوچەکان) لە سەدەکانی هەشتەم و نوەمی پ.ز نەک تەنیا لە ئازەربایجان بەڵکوو لە سەرەوەی ڕووباری دیالەشدا هەبووە. دیاکۆنۆڤ دیسانەوە بۆ خۆی لە دژی تئورییەکەی خۆی زانیاریی ئەدا بەدەستەوە. لە ل.پ. ٢٧٥ دا ئاوای نووسیووە:

سارگۆنی دووەم لە ساڵی ٧١٣ پ. ز. دانیشتوانی "کاراڵا"ی تارومار کرد، دواجار لە ڕێگای "ئەلیپی" (ناوچەی کرماشان)وە بەرەو لای ماد ڕۆیشت، لە ئەلیپی "داڵتو/ تاڵتو"ی لەسەر فەرمانڕەوایی خۆی دانایەوە چونکە لایەنگری لە ئاشوور دەکرد و خەڵکی ناوچەکەش ئەمەیان پێ ناخۆش بوو. ئاشوورییەکان لەویەوە چوونە نێو خاکی مادەوە و ئەم ناوچەگەلەی خوارەوەشیان کاول کرد. سەرچاوەکانی ئاشووری لە زمانی سارگونەوە وایان نووسیووە:

**"[ وڵاتی سیگری] سو، وڵاتی بائیت عان (؟) " Bait-an "، ناوچەی ماد لە مەرزی ئەلیپی، [وڵاتی ........ ]، وڵاتی ئاپساخۆتێ " Apsaxutti"، وڵاتی پارنوئاتی "Parnuatti"، وڵاتی ئوتیرنا " Utirna"، گوندی دیریستانو " Diristanu "، [وڵاتی**

[200] لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەر بارەی مێژووی کۆنی وەڵاتی کوردەواری، د.ج. ڕەشید ١٩٨٨ ل. پ ٣١٥-٣١٦.

**...]، وڵاتی ئوریاکی " Uriakki"، ولاتی ریمانوتی " Rimanuti "، ناوچەی وڵاتی ئوپوریی " Upuri" ، [ولاتی ] ئویادائوئە " Uyadanue "، وڵاتی بوستیس " Bustis"، وڵاتی ئاگازی " Agazi"، وڵاتی ئامباندا " Ambanda "، ولاتی دانانو " Dananu "، ناوچەکانی دووره دەست لە مەرزەکانی وڵاتی ئاری بی " Aribi" ڕۆژهەڵات، و هەروەها ناوچەی "ماد"ە بەهیزەکان کە تەوقی خودای ئاشووریان فڕە دا و بەرەو کێوەکان و بیابانەکان وەک دز هەڵاتن، من هێزمی بلێسەدارم لە گشت گوندەکانیان هاویشت و سەرانسەری وڵاتەکەیانم کرد بە کەلاوەیەکی فەرامۆشکراو".**

دوایی دیاکۆنۆڤ خۆی لەسەر ئەم ناوانە ئاوا دەنووسێ: سارگۆن لە ئەلیپی (لای کرماشانەوە) هێرشەکەی دەست پێ کردووە لەم ناوچەگەلە کە ناویان هاتووە ناوەکانی "ئۆریاکی" و " ئۆپوریی" ئاشنان، هەردووک شوێنەکە بەشێک بوون لە ناوچەی خارخار، "سیگریس"یش هەروەها ئاشنایە وهەر لە نزیک خارخارە، مەڵبەندەکانی "ئاگازی" و" ئامباندا"ش لەسەر مەرزی "ئاری بی ڕۆژهەڵات"بوون، ناوچەکانی "ئاپسا خۆتی" و "پارنوئاتی" لە ڕۆژهەڵاتی ئەلیپی (کرماشان) بوون. ڕیشەی زۆربەی ئەم ناوانە گویا ئێرانین.

لێرەشدا دیاکۆنۆڤ بە وتنی وشەی "گویا ئێرانین" ڕاڕای و دوودڵی خۆی نیشان دەدا، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ناتوانێ لە واتای وشەکان تێ بگات. لە بەرگی دووەمی کتێبی ناسنامەی زمانی کوردیدا لە پەیوەندیی لەگەڵ زمانی مادەکاندا تا ئەو جێگا کە بکرێت واتاکانی ژمارەیەک لەم وشەگەلە ڕوون دەکرێتەوە، بەڵام لێرەش بۆ نموونە تەنیا ئاماژە بە واتای چەند وشەیەک دەکرێت.

**ئاپسا خۆتی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٧٥)، ئەم دەستەواژەیە لە دوو وشە پێک هاتووە، یەکەم ئاپسا کە لە دوو بڕگە پێک دێت ( ئاپ- سا). "ئاپ[201] و ئاوێ[202]" لە ئەوێستادا

[201] ap [-]= water, K.E. Kanga http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm#dcta

واتای ئـاو ئەدەن، "سـا"ش واتـای بەرد ئەدات، کە وابـوو ئاپسـا واتـای بەردی ئـاوی، ئاسیاو (ئاش) دەدات. وشەی دووەم خۆتێ وشەیەکی مادییە کە ئەمڕۆ لە کرمانجیدا وەک "خۆدێ" گۆ دەکرێ کە واتای خاوەند/ خاوەن ئەدات. ئەم وشـەیە لە یەکـێ لە قەبـاڵە کۆنەکـانی هەورامانیشـدا لە سـەدەی یەکەمـی پ.ز لە شـێوەی" بۆمخـۆتێ" هاتووە ( بڕوانە بەرگی سێیەم بەشی هەفتەم). وشەی "بۆم/ بوم" لە کوردیـدا واتـای زەوین دەدا بۆ نموونە "بوومەلەرزە" کە واتای زەمین لەرزە ئەدا، یان دەستەواژەکانی "بەروبـووم/ بەروبـۆم" یـان مەرزوبـووم (مەرز و سـەرزەمین). بـوم- خـۆتێ واتـای خاوەند زەوین ئەدا. ئاپسا- خۆتی واتای "خاوەند- ئاپسا" (خاوەند ئاسیاو) دەدات.

**پـاڕنواتی:** (دیـاکۆنۆڤ ل.پ.٢٧٥)، ئەمە وشـەیەکی مـادییە، لە دوو بـڕگە پێـک هاتووە "پاڕنو- اتی" پاڕنا یا پاڕنە هەمان وشەی فاڕنا یا فەڕنەی کە ئەمڕۆ لە کوردیـدا بــووە بە فەڕ. بــڕگەی دووەم / پاشــگری " اتــی"یە. ئەم پاشــگرە لە زمانەکــانی سانسکریتی و ئەوێستاییدا هەبـووە. لە کوردیشـدا هەرمـاوەتەو لە شـێوەی "یەتـی" و"ایەتـی" و"ه تـی" کە بـۆ دروسـتکردنی نـاوی چـاوگ بە کـار دێ وەک کـورد (کـوردایەتی)، برسـی (برسـییەتی)، ئـازا (ئـازایەتی)، ئاشـتی (ئاشـتیەتی)، سـپی (سپییەتی)، ڕەش (ڕەشایەتی)، پیاو (پیاوەتی) و... کە وابوو پاڕنواتی بەرانبەرە لەگەڵ وشەی کوردی فەڕ- ایەتی/(فەڕیەتی) واتا شکۆداریەتی.

**دیریسـتانو:** (دیـاکۆنۆڤ ل.پ.٢٧٥)، ئەم وشـەیە یـان نووسـەرە ئاشـوورییەکەی خراپی نووسیووە و یان خراپ خوێندراوەتەوە. ئەمە هەمان وشەی"دارێستانۆ"یە. کە واتای دارسـتان دەدا لەگەڵ پاشـگری " ۆ" کە نیشـانەیە بـۆ بچـووککردنەوە، پـێکەوە واتای دارستانی بچووک دەدا. [دەبـێ ئەوش لە بیـر نەکەیـن کە لە کوردیـدا هێنـدێ جاران دەنگی ( ا ) دەگۆردرێت بۆ( ێ ) بۆ نموونە، پا (پێ)، شام (شـێو)، نـاو (نێـو)، لە هێندێ شێوەزاری کرمانجیدا، نان (نێن)، زمان (زمێن). بۆیە دەکرێ ئەم وشەیە کە "دارستان- ۆ" بووە، وەک "دێرێستانۆ"ش گۆ کرابووبێت].

---

[202] aiwyô [ap] = 27 (plD) water, Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

**لە ساڵی ٧١٩ پ. ز شۆڕشێکی مەزن و ڕێکخراو لە دژی داگیرکەری ئاشوورییەکان لە ناوچەی خارخار دەستی پێ کرد. سارگۆنی دووەم ناوی ئەو ناوچەگەلە کە لە دژی ئاشوور ڕاپەڕی بوون تۆمارکردوە، لەوانە ناوچەکانی ئۆریاگا، پاریا، سیگریس و سپاردا. ئەم ناوچەگەلە کەوتووبوونە نێوان شارەکانی میانە، میاندوئاو، تیکانتەپە، بیجار و زەنجان.**

**ئۆریاگی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٦٦ )، ناوچە یان گوندێک بووە لای خارخار کە شۆڕشی مادەکان لە دژی ئاشوورییەکان لێروە دەستی پێ کرد. کە ئێستا ناوچەی تەختی سلێمانی پێ دەڵێن لە نزیک شاری تیکانتەپە (فارسی: تکاب). ئۆریاگی وشەیەکی ئەوێستاییە، "ئور/ هور/ وەر" لە ئەوێستاییدا و لە هەورامیدا واتای خۆر ئەدا. یاگا هەم لە هەورامیدا و هەم لە ئەوێستاییدا واتای جێگا (جاگا) ئەدا. لە ئەوێستاییدا هێندێ جاران دەنگی پیتی "ج" دەگۆردرێت بۆ "ی" وەک جەمە (جمشید) کە دەبێتە "یەمە"، جوان کە دەبێتە یوان یان جۆ کە دەبێتە "یۆ/ یەوە"لە هەورامیشدا هەر وایە. "ئور- یاگا " بەرانبەرە لەگەڵ وشەی "هۆر- یاگا / وەر- یاگا" لە هەورامیدا کە واتای شوێن و جێگای ئاهورا دەگەیینێ ( بە واتای ئەمڕۆکە ماڵی خودا)، ئەم ناوچەیە نزیکی هۆرمزگای (ئاتەشگا)ی ئازەرگۆشسپە.

**ئاری- بی:** بە پێی بۆچوونی دیاکۆنۆڤ (ل.پ.٢٧٦) ئەم وشەی "ئاری- پە" بووە کە ئاری واتای" ئاریا" ئەدات و پە نیشانەی "کۆ"یە لە زمانی ئیلامیدا. کە وابوو پێکەوە واتای ئاریاکان یان ئارياييەکان دەگەینی. بە قسەی دیاکۆنۆڤ ئاشوورییەکان  ئەم وشەیان لە ئیلامییەکانەوە وەرگرتووە.

**ئەم ناوانە کە هی سەدەی هەشتەمی پێش زایینن هەمووی ڕیشەی ئێرانییان هەیە و ناوچەکانی کرماشان هەتا زەنجان دەگرێتەوە، کە چی دیاکۆنۆڤ دەڵێ لە نێوان چەرخەکانی نوویەم هەتا هەفتەمی پ.ز خەڵکی ئێرانیی زمان لە کوردستان و ئازەربایجاندا نەژیاون. تازە دەبێ ئەوێش و بیر بێنینەوە کە ئەم ناوانە هەر لەو کاتەدا پەیدا نەبوون و بە دڵنیائیەوە سەدان و بگرە هەزاران ساڵ بەر لە**

**ئەوسەردەمە خەڵکی ئێرانیی زوان لەوێ بوون، دەنا بە قسەی خۆدی دیاکۆنۆڤ ناوی ناوچەکان دەبوای بە زمانێکی تر واتا بە زمانی دانیشتوانی نائێرانی بووایای.**

هەروەها دیاکۆنۆڤ لە لاپەڕەیەکی دواتردا واتا لە ل.پ.٢٧٨دا قسەی دژ بەیەک دەکا و دەنووسێ:

"سارگۆن لە لەشکەرکێشییەکەی خۆیدا لە ساڵی ٧١٣ پ.ز لە تۆمارێکدا باسی کاولکارییەکانی خۆی کردووە و ناوی ٥٠ کەس لە سەرۆکەکانی ناوچە مادنشینەکانی هێناوە کە یان باج و یان دیارییان بە سارگۆن داوە".

دیاکۆنۆڤ لەم بارەوە دەڵێ ژمارەیەکی زۆر لەم ناوانە ئێرانین، بەڵام لە هەمان کاتدا دەڵێ: "زۆرێک لەم ناوانە بە تایبەتی ناوی شوێنەکان بە زمانی دانیشتوانی پێشوی وڵاتی مادن". مەبەستی دیاکۆنۆڤ ئەوەیە کە بڵێ ناوی شوێنەکان ئێرانی (مادی) نین!

لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین کە دیاکۆنۆڤ هەر چەند پسپۆڕە لە زمانە کۆنەکانی مێزۆپۆتامیدا بەڵام لەسەر زمانی مادی شارەزاییەکی کەمی هەیە، لە ڕاستیشدا ناکرێ کەسێ کە زمانی کوردی کە دەرکەوتەی زمانی مادییە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زوانی مادیدا هەیە نەزانێ بەڵام شارەزا و پسپۆڕی زمانی مادی بێ. بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی دیاکۆنۆڤ خۆدی ئەم ناوانە ئەوە دەسەلمێنێ کە هەم ناوی سەرۆکەکان و هەم ناوچەکان ئێرانین، ئەگەر ئێستا نەکرێ واتای ژمارەیەک لەم وشانە ڕوون بکرێتەوە بەڵام شێوازی دارشتنی ئەو ناوانانە گومانی تێدا ناهێڵێتەوە کە ئەو وشەگەلە مانایی/ مادین و شێوازی دارشتنی ناوەکان هەمان شێوازە کە لە زمانی کوردیدا (بە تایبەت شێوەزاری کرمانجیدا) بە دی دەکرێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی شێوەزاری کرمانجی دەکرێت.

هەر وەکوو پێشتریش باسی کرا لە کوردیدا (شێوەزاری کرمانجی) هێندێک پاشگر هەن کە دەکەونە پاش ناوەکان و تایبەتمەندییەک بە ناوەکە دەبەخشن وەک:

- **"ۆ"**، کە هەم نیشانەیە بۆ بچووک کردنەوە و هەم نیشانەیە بـۆ خۆشەویستی وەک کۆڕ (کـوڕۆ)، بـاب ( بـابۆ)، دەل(دەلـۆ)، جـان (جـانۆ)، ئەحـمەد (ئەحـمەدۆ)، نچیرەوان (نچیرەوانۆ)، شوان ( شوانۆ). کاک (کاکۆ)، خاڵ (خاڵۆ)، مـام (مـامۆ)، بەرخ (بەرخۆ).

- **"ۆک"**، نیشانەیە بۆ بچـووک کـردنەوە، وەک ئەحـمەد (ئەحـمەدۆک)، حەسـەن (حەسەنۆک)، برایم (برایمۆک)، حەمید (حەمیدۆک).

- **" ک"**، نیشانەیە بۆ بچـووک کـردنەوە، وەک کـوڕ (کـوڕک)، کـچ (کچـک)، ژن ( ژنـک)، مێـر (مێـرک)، پشـی( پشـیک)، بەرخ (بەرخـك)، دار (دارک). ئەم شـێوە بچووککردنەوە ئێستا لە کرمانجیدا هەر ماوەتەوە لە شـێوەزاری سـۆرانیدا لە جیـاتی "ک" پاشگری "لە" بەکار دەبرێت. وەک پشیلە، بەرخـیلە، کیـژۆلە (کچـیلە)، کـۆمەڵە، جوجەڵە.

**خۆدی دیاکۆنۆڤ لە ل.پ. ٣٢٦دا دەنووسـی کە هـاتنی پاشـگری " ک ( K ) " لە پاش وشەکان وەکوو نیشـانەیەکی بچـووککردنەوە، تایبەتمەنـدی زمـانی مـادییە.**
**[یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی زوانی کوردی ( بە تایبەت کرمانجی)یش هەر ئەمەیە].**

- "کێ" نیشانەی شناس (معـرفە) بـۆ دەستنیشـان کردنـی کەسێکی دیـاری وەک ئەحمەدۆکێ، فاتمۆکێ، ڕەشۆکێ، مریەمۆکێ. شوانۆکێ، گاوانۆکێ، هەژارۆکێ.

- **کورتکردنەوەی ناوەکان و چەسپاندنی پاشگری "ۆ" لە پاش ناوەکان لە زمـانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی) شـتێکی ئاسـایی و بـاوە و دەکـرێ وەک ڕێسـایەک لە زمانی کوردیدا چاوی لێ بکرێ.** تەنانەت ئەگەر ناوەکانیش کـوردی نەبـن بە تەواوی دەگۆڕدرێن و دەخرێنە نێو چوارچێوەی زمانی کوردییەوە بۆ ئەوەی گۆکردنی ئاسانتر

بێـت. بـۆ نمـوونە فەخـرەدین دەکـرێ بە (فەخرۆ).مەحمـود (مەحـۆ)، شەمسـەدین (شەمۆ).جاسـم (جەسۆ)، کازم (کازۆ)، زێن عابـدین (زێنـۆ)، ڕەشـید (ڕەشـۆ)، زوبیـر (زبۆ)، کەریم (کەریمۆ)، ئەرشەد (ئەشەۆ)، موستەفا (مستۆ)، شێرە (شـێرۆ)، عەدنـان (عەدو)، خەلیـل (خەلـۆ)، مـانی (مـانۆ)، نەبـی (نەبـۆ)، جهـانگیر (جـانۆ)، شـەروین (شەرۆ)، ئیسماعیل ( سمکۆ)، چەنگیز (چەنگۆ)، لەزگـین (لەزگـۆ)، ئەبوبەکر(بەکـۆ)، حەمید (حەمکۆ).

جا ئێستا لە دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە با تەماشای هێندێک لەو ناوانە بکەیـن کە دیاکۆنۆڤ لە کتێبەکەی خۆیدا هێناویەتی:

**ماشـداکۆ، ئیشتەسوکۆ،ساتارشـۆ، سـاتارپانۆ، پـارتوکۆ، ئینـدراپاتیانۆ، خارزیـانۆ، ئیتانۆ، ئائۆ ئاریسارئۆ، ئارباکۆ، کارزیئۆ، مانۆ، باریکانۆ، زازکنۆ، مارتاکانۆ، ئارباکۆ.**

ئەگەر بەوردی چـاو لەم نـاوانە بکەیـن دەبینـین کە شـێوازی دارشـتنەکەی هەر هەمان شێوازە کە ئەمڕۆکە لە شێوەزاری کرمانجیدا بـاوە. لێـرەدا تیشـک دەخەرێتە سەر هێندیک لەم ناوانە:

**مەشداکۆ/ماشداکۆ:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٢)، دیاکۆنۆڤ زۆر بە دروستی دەڵـێ کە ئەم ناوە مازداکۆ بووە و لە نووسـینی ئاشـووریدا بەم شـێوەیە نـووسراوە چـونکە لە ئاشووریدا "س" بە "ش" نووسراوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ناوە "ماسداک/ مازداک" یـان بە شێوازی ئەمرۆکە "مەزدەك" بووە، ئەمە ڕوونە کە هەتـا پـێش هـاتنی ئیسـلام بـۆ کوردستان مەزدەک ناوێکی ئاسایی ئێرانی بوو. ئەم ناوە هەر وەک چۆن ئێسـتاش لە کوردیی شێوەزاری کرمانجیـدا بـاوە، " ۆ" لە پاشـی هـاتووە و بـووە بە مـازداکۆ یـان "مەزدەکۆ".

**ئارباکۆ:** ئەم ناوە لە لایەن کتسیاس مێژوونووسی یونانی کە خـۆی لە سـەردەمی هەخامەنشیەکان لە ئێراندا ژیاوە بە شێوەی "ئارباک" وەک یەکێ لە پادشـایانی مـاد تۆمارکراوە، هەروەها موسا خۆرنی مێژوونووسـی ئەرمەنـیش نـاوی "ئاربـاک"ی وەک

واربــاک  هێنــاوە و وەک یەکــێ لە پادشــایانی مــاد نــاوی لــێ دەبــا، (دیــاکۆنۆڤ ل.پ.٤٣١- ٤٣٢). کە وابــوو ئەم نــاوەش هەمــان " ئاربــاک"ە کە وەک چــوون لە کوردیدا باوە پاشگری " ۆ"ی وەرگرتووە و بووە بە ئارباکۆ.

**ساتارپانۆ:** (ل.پ.٦٦٢) نـاوی نـاوچەیەکە، ئەم وشـەیە لە سـاتراپ وە وەرگیـراوە، ئێستاکە لە ناوی وەک" سەتار" بەدی دەکرێ. وشەیەکی لیکدراوە "ساتار + پـان+ ۆ" پاشگری "ۆ" نیشانەی خۆشەویستی یـان بچووکـایەتیە،  و " پـان "هەمـان " وان یـان ڤـان"ە کە واتـای پاراسـتن ددەدا، بە کـوردی ئەمـڕۆکە  دەبێـتە " سـاتار+ وان + ۆ" ( ساتاری پارێزوان).

ئێستاش با چاوێک لە ناوی هێندێک لەو ناوچەگەلە بکردرێت کە دیـاکۆنۆڤ پـێ وایە ئێرانی نین:

**مارتاکـانۆ:** نـاوی نـاوچەیەکە، ئەم نـاوش لە "مارتاکـان + ۆ" پێـک هـاتووە. ئەمە هەمان وشەی "مەردەکـان"ی کـوردییە، کە کـاتی خـۆی واتـای مەردم و هەر وەهـا" ئازاکان/ مەردەکـان"ی داوە. هـۆزێکی کـوردیش بە نـاوی مەردەکـان لە کوردسـتاندا هەبووە.

**باریکانۆ:** ئەم وشەیەش لە "باریکان + ۆ" پێک هاتووە، کە باریکان هەمان وشەی "باریکـان"ە لە کوردیـدا لەگەڵ پاشـگری ۆ. نـاوی لەم شـێوەی لە کوردیـدا زۆرن بـۆ نموونە گۆندەکانی باریکایی لە ناوچەی گەورکی سەردەشت، "ئاوباریک" لە نـاوچەی کەنگاوەر، دیسان "ئاوباریک" لە ناوچەی بیجار، هەروەها زۆر گۆندی تر کە پاشگری "کان" لە پاش ناوەکەیان دێت وەک باڵکان لە ناوچەی شپێرانی سەلماس، سورەکان لە نـاوچەی مەرگەوەری وەرمـی، ماسـتەکان نـاوچەی برادوسـتی ورمێـی، مەمەکـان و ساکان لە ناوچەی سۆما، وەرمەکان لە ناوچەی کامێران (کامیاران).

**کـارزیئۆ:** نـاوی نـاوچەیەک بـووە لە دەوروبەری زەنجـان کە یەکـێ لە ناوەنـدە سەرکیەکانی هۆزەکانی ماد بووە. ئەم وشەیە لە سێ بڕگەی پێک هاتووە بەمجـۆرەی

خوارەیە (کارێز- ی- ئۆ)، بڕگەی یەکەم هەمان وشەی کارێزی کوردییە بە واتای کاناڵ یان ڕەهەند، بڕگەی دووەم پیتی "ی" نیشانەی پەیوەستە ("ی" نسبی)، بڕگەی سێیەم "ئۆ" هەما وشەی ئاوی کوردییە، پێکەوە واتای "کارێزی ئاو/ کارێزاو" دەدات. هەر ئێستاش لە هەمان ناوچەدا شەش گوند هەیە کە ناوی "کارێز"یان هەر پێوە ماوە. لە کوردستاندا زیاتر لە ٣٠ گۆند هەیە کە ناوێ "کارێز"یان هەیە، لە بۆکان ٤ گۆند، لە دەوروبەری خۆی ٤ گۆند، لە ماکۆ ٢ گۆند، لە مەهاباد ٢ گۆند، لە نەغەدە ٢ گۆند، لە کەنگاوەر٢ گۆند، لە کرماشان ٢ گۆند، لە ساین قەڵا (شاهین دژ) گۆندێک، لە دیواندەرە گۆندێک، لە کامێران گۆندێک، لە سنە گۆندێک لە بیجار گۆندێک، لە ورمێی (ارومیه) گۆندێک، لە نزێکی "چوارتا" شاروچکەیەک هەیە کە کارێزەی پێ دەڵێن.بە کورتی لە هەمو بەشەکانی کوردستاندا هەبوونی ناوی کارێز شتێکی ئاساییە.

**زازکنۆ:** ناوی ناوچەیەک بووە. بەڵگەیەکی وا بۆ سەلماندنی ئەوەی کەئەم ناوە کوردییە لەبەر دەستدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کە وەک زۆربەی ناوەکانی کوردی پاشگری "ۆ" هەیە. بەڵام شێوازی دارشتنەکەی لە وشەی کوردی شێوازی زازاکی (ئەوێستایی) دەچێ.

**ئاندیر پاتیانو/ ئاندراپاتی:** (ل.پ ٦٦٦ و ل.پ.٦٦٢)، ناوێکی ئایینییە، ناوی دژێک (قەڵایەك) بوو لە ئاترۆپاتان (ئازەربایجان) هەروەها ناوی ناوچەیەک بووە. ئەم ناوە لە ڕاستیدا "ئیندیرا- پاتی"یە، ئیندیرا یەکێ لە خوادیانی کۆنی هیندوئێرانییە، وشەی پات واتای پاراستن دەدا، پێکەوە واتای ئیندیراپارێز یان (پاریزوانی ئیندیرا) ئەدات.

لە ڵ.پ.٢٤٦دا دیاکۆنۆڤ وا دەڵێ: " تیگلاتپالاسارسێیەم لە ساڵی ٧٤٤ پ.ز دا هێرشی کرد سەر ناوچەکانی پارسوا (باشووری زاموا ناوچەکانی سنە و دەوروبەری) ئەم شوێنانە هەتا وەکوو چەرخی نۆیەمی پ.ز دانیشتووانەکانی ئێرانی نەبوون، ناوچەکانیان بە ناوی سەرۆکەکانیانەوە ناو نرابوو، ئاشوورییەکان لەهێرشەکانی خۆیاندا دوو کەس لە سەرۆک هۆزەکانیان بە دیل گرت کە یەکێکیان **میتاکی** بوو

سەرۆکی ناوچەی **سەنگی**، ئەوی تریش **کاکی** بوو سەرۆکی ناوچەی **زاتی**. ئەم بۆچوونەی دیاکۆنۆڤ ڕاست نییە چونکە وشەکانی کاکی، میتاکی و سەنگی سێ وشەی مادین، (بڕوانە بۆ ڕیزی وشەی مادییەکان لە بەرگی دووەمدا). بە تایبەتی وشەی سەنگی نیشان دەدا کە ئەم ناوچەیە ماوەیەکی درێژ بووە کە خەڵکی ئێرانیی زمانی تێدا ژیاون دەنا ناوەکەی دەبوا شتێکی تر بووایە.

**دیاکۆنۆڤ لە ل.پ. ١٦٥٦دا لە بەندی ٢٤٤ی پەراوێزەکاندا دەنووسی ئاشوورییەکان لەگەڵ تاقمێک لە نوێنەرانی زیگرتوو/ ساگرتی ( کە گومانی تێدا نییە کە هۆزێکی مادی بوون و بە زمانی مادی قسەیان دەکرد= نووسەر) لە ڕێگای وەرگێڕێک کە زمانی مانناییی بوو قسەیان دەکرد. ئەمە خۆی بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە مانناییەکان و ساگرتییەکان لە زمانی یەکتری تێ دەگەیشتن و ئەمە ڕوونە کە ساگرتییەکان یەکێ لە پێکهاتە سەرەکییەکانی مادەکان بوون کە بە زوانی مادی قسەیان دەکرد.**

دیسانەوە دیاکۆنۆڤ لە ل.پ ١٨٥-١٨٦دا بەدروستی دەبێژێ: وڵاتی ماننا دواجار لە چەرخی شەشەمی پ.ز.دا لە باری **فەرهەنگ، شارستانیەت و ئابوورییەوە** بوو بەکاکڵەی ئیمپراتوری ماد".ئەم بۆچوونەی دیاکۆنۆڤ هەم ڕاستە و هەمیش سەیرە.

- ڕاستە، لەبەر ئەوەی هەر ئەو هۆزانەی کە پێشتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاشوور یەکیەتیی هۆزەکانی ماننایان پێک هێنابوو، لە دوای ئەوەی کە دیتیان پادشایانی ماننا بوون بە هاوپەیمانی ئاشوور ئێتر باوەڕیان پێی نەما و لێ هەڵگەڕانەوە و سەرەنجام یەکیەتیی هۆزەکانی "ماد"یان پێک هێنا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشەکانی ئاشوور و بۆ پارێزگاری کردن لە خۆیان.
- بۆچوونەکەی دیاکۆنۆڤ سەیرە لەبەر ئەوەی ئەگەر دەستەڵاتی ماننا نائێرانی بوو و بە زمانێکی ئێرانیش قسەیان نەدەکرد، ئەی چۆن توانی ببێ بە کاکڵەی یەکێ لە گەورەترین ئیمپراتوورییەکانی ئێرانی؟ لێرەدا دیاکۆنۆڤ بۆخۆی یەکێ لە تئورییەکانی خۆی بەرپەرچ دەداتەوە کە دەڵێ لە سەردەمەکانی دێریندا یەکێ لە

مەرجەکـانی دامەزرانـدنی یەکیەتیـی هۆزەکـان **"هاوزمـانی"** بـوو و ئەوانەی کە هاوزمان نەبووایەن لە یەکیەتییەکەدا وەرنەدەگیران[203].

ئەگەر دیاکۆنۆڤ بڕوای بە وتەکانی خۆی هەبووایی، بـۆ خـۆی ئەونـدە بەڵـگەی باوڕپێکراوی هێناوەتەوە بۆ سەلماندنی هاوزمـانی، هـاوفەرهەنگی و هـاونەژادبوونی مانناییەکـان و مادەکـان. لە لاپەڕەکـانی ٤٤٧- ٤٤٨ کتێبـی مێـژووی مـاددا لەسـەر جلـوبەرگی دانیشـتوانی کـۆنی وڵاتـی کـوردەواری ئەوا دەنووسـێ:[204] لە ڕۆژهەڵاتـی کێوەکـانی زاگـڕۆس بەرەو ئەو لاوە ئەو جلـوبەرگەی کە لۆلۆبییەکـان لە هەزارەی سێیەمی پ.ز لە بەریان دەکرد ( و زانیاریمان لەو بـارەوە هەیە) بەم شـێوەیە بـوو " کراسـێکی قـۆل کـورت کە هەتـا سـەر زرانـی (ئەژنـۆ) شـۆڕ دەبـووەوە و کەوڵێـک (پیستێک)یان دەهاویشتە سەر شانی چەپیان، (دەوڵەمەندەکان پێسـتی یوزپڵێنـگ و هەژارەکانیش پێستی پەز). هەروەها قژەکانیشیان بە شریتێکی سـوور دەبەسـتەوە و ڕێشیشیان دەتاشـی، جلـوڕەختی مانناییەکـان و هۆزەکـانی دیـکەی نێـو یەکیەتیـی مادەکان و هەروەها خۆدی مادەکانیش هەر بەم شێوەیە بوون".



وێنەی ژمارە ١١، پیاوانی مانناییی/ مادی لە نێگارە هەڵکەندراوەکانی دور- شاروکین لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەمی پ.ز.[205]

[203] بڕوانە ا.م. دیاکۆنۆڤ "و.ئا.لیوشیتس ئارشیوی پارتەکان، VDI ساڵی ١٩٥٣.
[204] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، لاپەڕەکانی ٤٤٧- ٤٤٨.
[205] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ. ١٨٦.

ئەو کـڵاوە دەســتچنانە کە هەر ئێســتاش لە گۆنــدەکانی دەوروبەری بۆکانــدا دەچندرێت لە وێنەی هەمان کڵاون کە لەسەر پیکەرە بەردینەکانی پیـاوانی ماننـایی و مـادی بە  دی دەکـرێن. تەنانـت نەخـش و نێگـاری سـەر کڵاوەکـانیش لە شـێوەی هەمان نەخش و نێگارن کە لە ئاسەوارەکانی مانناییدا بەرچـاو دەکەون، (بـڕوانە بـۆ ئەو وێنانەی خوارەوە)[206].



وێنەی ژمارە ١٢، تونگێک لە تەپۆڵکەی سیلک لای کاشان سەرەتاکانی سەدەی ١٠ پ.ز.



(وێنەی ژمارە ١٣)، تونگێک لە تەپۆڵکەی سیلک لای کاشان سەرەتاکانی سەدەی ١٠ پ.ز.

---

[206] مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ. ٤٩٧ هەروەها
http://www.iranboom.ir/gardesh-gari/9404-tape-ha-sialk.html

لێـرەدا مەبەسـت ئەوە نیـیە کە بڵـێن هەمـوو ئەو هـۆزانەی کە لە وڵاتـی کـۆنی کوردەواریدا ژیاون ئێرانیـی زمـان و کـورد بـوون، بێگومـان هـۆزی نـائێرانیش چە بە شێوەی کـۆچەری و چە بە شـێوەی نیشـتەجێبوون لەم مەڵبەنـدەدا ژیـاون. شـوێنپێ سۆمەرەکان هەر وەک پێشتریش باسی لێ کرا لە ناوچەکـانی ڕۆژهەڵات و باشـووری کوردستاندا دیارە، هەروەها هۆزەکانی "هوری" لە ناوچەکانی نێوان گـۆلی وەرمـێ و گـۆلی وان و خـوارەوەی گـۆلی "وان"دا ژیـاون. لەسـەر هۆزەکـانی لۆلـۆبی و گـۆتی هیشتا بەوردی ڕوون نەبووەتەوە کە سەر بە کـام نەژادن، ویـان زمانەکەیـان سـەربە کـام خێزانـی زمـانین. [هەر چەنـد لەم سـاڵانەی دواییـدا ژمـارەیەک لە لێکـۆڵەران باوەڕیـان وایە زمـانی گۆتییەکـان سـەر بە زمـانی هێنـدو و ئـورووپییە، و ڕەنگـی پێستیشـیان سـپی و چاویـان کـاڵ بـووە]. بەگشـتی ئەو بەڵگـانەی کە تـا ئێسـتا لەبەردەستدایە و لێرەش ڕوونکرایەوە، ئەوە دەگەینێ کە زمانی سـەرەکی هۆزەکـانی دانیشـیووی کوردسـتان و بەتـایبەت میتانییەکـان و ماننایییەکـان پەیوەنـدییان هەیە لەگەڵ زمانی کوردیدا.

بۆیە ئەو بۆچوونەی دیـاکۆنۆڤ کە دەڵـێ لە نێـوان سـەدەکانی ٩-٧ پ.ز هیشـتا دانیشتوانی ناوچەکانی کوردستان و ئازەربایجان بە زمانێکی ئێرانی قسەیان نەدەکرد بێبنەمایە. بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو بۆچوونە تەنیا بەسە ئاماژە بۆ پادشایەتی میتانی بکەین کە لە ناوەڕاستی هەزارەی دووهەمـی پ.ز.دا دەسـتەڵاتێکی ئـاری/ ئێرانییـان دامەزراند لە گشت ئەو ناوچەگەلە کە ئەمڕۆ چوارپارچەی کوردستانی پێ دەڵێن.

**بێگومان میتانییەکان ژێرخانێکی کۆمەڵایەتی بەربڵاویان هەبـووە کە توانیویـانە مـاوەی نزیـک بە ٢٥٠ سـاڵ فەرمـانڕەوایی بـکەن. بە واتـایەکی تـر بە پاڵپشـتی و یـارمەتی ژمـارەیەکی زۆر لە هۆزەکـانی تـر کە هاوزمـان و هاونەژادیـان بـوون دەستەڵاتیان گیڕاوە.**

# ئاسەواری مانناییەکان

ئاسەواری مانناییەکان لە کوردستاندا لە دوو شوێندا دۆزراونەتەوە، لە تەپۆڵکەی حەسەنلو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری نەغەدەوە، و ئەوی تریش لە کەلی زێویە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سەقز. بەڵام بەداخەوە لە هەر دووک شوێنەکەدا بەر لەوەی کە ئاسەوارەکان بکەوێتە بەردەستی کەسانی بەرپرس، لە لایەن خەڵکی ئاسایی و بازرگانانی شوێنەوارەوە بردراون و فرۆشران و سەری لە مۆزەخانەکانی وڵاتانی بیانییەوە دەرهێنا. هەندێکیشی هەر شوێنبزر بوون و کەس نەیزانی چییان بەسەر هات. بیجگە لەم دوو شوێنە، ژمارەیەک لە شوێنەوارناسان و هەروەها دیاکۆنۆڤیش پێیان وایە کە ئاسەوارەکانی تەپۆلکەی سیلکی لای کاشان ئاسەوار و هۆنەری مانناییین. ئەم وینانەی خوارەوە، وێنەی هێندێک لەم ئاسەوارانەن.



(وێنەی ژمارە ١٤)، جامێکی زێڕین کە لە تەپەی حەسەنلو، لە نەغەدە دەرهێنراوەتەوە[207]

[207] http://www.iranatlas.info/regional%20prehistoric/hasanlu/hasanlu_39.htm



(وێنەی ژمارە ١٥)، ئەمەش نەخش ونێگاری سەر جامە زێڕینەکەیە. لەوە دەچێ نیشاندەری ئەفسانەیەک و یان ڕووداوێکی مێژوویی بووبێت، لەم نێگارەدا سێ ئەڕابە دیارن کە هەر یەکەیان هێماکانی خوداوەندانی خۆر و زەوین و مانگیان پێیە. ئەڕابەی خودای مانگ دوو کەڵەگا دەیکێشن و بەفەرمانی خودای مانگ ( یان خودای ئاسمان= نووسەر)، باران دەبارێ و لە دەمی کەڵەگاکان بەخوڕ ئاو بەردەبێتەوە.[208]



(وێنەی ژمارە ١٦)، نێگارێکی هەڵکێندراوی دوو پیاویماننایی، لە ئاسەوارەکانی گەنجینەی زێویە، لەسەر عاجی فیل هەلکەندراوە[209]

[208] http://www.iranatlas.info/regional%20prehistoric/hasanlu/mannai.htm
[209] http://www.iranatlas.info/regional%20prehistoric/ziwie/z31.htm



(وێنەی ژمارە ١٧)، ملوانکەیەکی زێڕین لە گەنجینەی زێویە. هونەری ماننایی لە چەرخی ٨ پ.ز.[210]



(وێنەی ژمارە ١٨)، تەپەی زێویە، شوێنەوارێ کۆشکی پادشایانی مانناییی[211]

[210] مێژووی ماد، دیاکۆنۆف وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ ٥٠٠.

[211] http://www.iranatlas.info/regional%20prehistoric/ziwie/z4.htm

## سەرچاوەکانی بەرگەکانی ١-٣


- Avesta Dictionary by K.E. Kanga http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm, (2009 -06-13)
- Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html (2012-12-02)
- Avestan Personal and Family names (Based on C. Bartholomae, Altiranisches Wörterbuch, pg.1983-88) http://www.avesta.org/znames.htm
- A concise Pahlavi Dictionary, D.N. Mac Kenzie, 1986
- Online Sanskrit Dictionary, February 12, 2003, http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf
- Ancient Sanskrit Online, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/vedol-BF.html (2012-04-06)
- Frank, "Fremdsprachliche Glossen i assyrischen Lyssna und Vokabularen," 1928-1929
- http://i-cias.com/e.o/hebat.htm ( 2012-09-10)
- Geiger W. Ostirani Sche Kultur in Altertum. Erlangen 1882
- Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag Berlin 2010

- The Kikkuli Text. Peter RAULWING http://www.lrgaf.org/Peter_Raulwing_The_Kikkuli_Text_MasterFile_Dec_2009.pdf
- Urartian * Lulu [ine] (Diakonoff och Kashkai,1979)
- D. R. Frayne, The Early Dynastic List of Geographical Names, AOS 74, New Haven,1992, sid 61.
- Asatrian/ Iran and Caucasus 13 (2009), http://www.scribd.com/doc/37604520/Asatrian-kurds p 16 (2012-02-11)
- The Language of the Medians. D.N MacKenzie,Source: BSOAS (22), 1959.
- John Limbert, ursprung och utseende kurderna i Pre-islamiska Iran, Iranska studier, Vol. 1, No. 2, Spring 1968. 1, nr 2, våren 1968.
- L Iran sous les Sassanides, Christensen, Arthur Emanuel.
- Frank, "Fremdsprachliche Glossen i assyrischen Lyssna und Vokabularen," 1928-1929.
- Starr, R.,: report on the Excavation at Yorghan Tepa Near Kirkuk, Iraq. Conducted by Harvard University in Conjunction with the American Schools
- E. A.Speiser. Mesopotamian. Orig. The Basic Population of the Near East

- Poebel, A., “The Assyrian King List from Khorsabad”, JNES, Vol.1, 1942, (Chicago: 1942)
- Phillp Vandenbeog. Nefertete. een archeologishe biografie
- http://database-aryanencyclopaedia.blogspot.se/2014/03/blog-post_14.html
- http://mazdaahoora.blogfa.com/ (2013-10-25)
- http://m-hosseini.ir, [دوبلویس، ١٣٧٩ هـ.ش:٣٠٥]
- http://m-hosseini.ir, [ پلوتارک، ١٣٧٩ هـ.ش: ٦٥]
- http://m-hosseini.ir,[ یارشاطر و دیگران، ١٣٨٣ هـ.ش: ١٥٦]
- http://parseed.ir/?fz=9873
- Common sumerian words for magickal purposes/Short Sumerian Sentences / Phrases http://www.ping.de/sites/systemcoder/necro/info/sumerian.htm
- Forntiden : Den summeriska kultur expansionen
- Astour, Michael C.: Semites and Hurrians in Northern Transtigris
- V.V. Struve.Lager Voennoplenniykh jenshchi V Shumer Konsta III Tisysyacheletiya Do n.e Vestnik Drevney Istorii, 1952,No3.
- Some Sumerian Words and Their English Translations, by: Fred Hamori http://history-world.org/sumerianwords2.htm, http://history-world.org/Sumerianwords1.htm

- http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-1d3245f09868443a801c2216402d3c54-fa.html
- Ola Wikander. http://www.spraktidningen.se
- Sumerian Mythology FAQ (Version 2.0html), by Christopher Siren, 1992, 1994, 2000, http://home.comcast.net/~chris.s/sumer-faq.html
- http://zamaaneh.com/rohani/2008/07/post_239.html
- http://www.iranatlas.info/regional%20prehistoric/hasanlu/mannai.htm
- http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-1d3245f09868443a801c2216402d3c54-fa.html
- http://daneshnameh.roshd.ir/mavara/mavara-
- http://www.iranicaonline.org/articles/cimmerians-nomads
- http://www.iranicaonline.org/articles/mannea
- http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-f99c3aff570c422baff65e2182ac9d7d-fa.html 2013-06-09
- http://www.heritageinstitute.com/zoroastrianism/ranghaya/mitanni.htm
- http://www.historyfiles.co.uk/KingListsMiddEast/AnatoliaHurrianMitanni.htm
- http://ghiasabadi.com/zoroaster_gatha_01.html

- An introduction to Kurdish epic and heroic literature on Kurdish shahname mainly, Behrooz Chammanara. http://ilamasu.blogfa.com/post-125.aspx ( 2013 -08-09)
- Sumerian Lexicon Version 3.0 by John A. Halloran, p 114 ttp://etcsl.orinst.ox.ac.uk/edition2/etcsllemma.php?sortbylemma=lemma&letter=a
- http://www.encyclopaediaislamica.com/madkhal2.php?p=2899

- تاریخ ماد تالیف ا.پ. دیاکۆنۆڤ، ترجمه کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥.
- تاریخ اشکانیان، ا. م. دیاکونوف، ترجمه کریم کشاورز، چاپ دوم، تهران ١٣٥١ خورشیدی.
- ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمه رشید یاسمی تهران ١٣٦٧
- اوستا، کهنترین سرودها و متنهای ایرانی، گزارش و پژوهش، جلیل دوستخواه جلد ١ و٢، چاپ دهم ١٣٨٥.
- یادداشتهای گات ها، نگارش استاد ابراهیم پورداود، تهران ١٣٨١.
- ایران در سپیده دم تاریخ، حسن انوشه، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ چهارم ١٣٧١.
- بازخوانی تاریخ ایران زمین، دفتر اول و دفتر دوم، امیر حسین خونجی، ٣٠ آذر ١٣٩٠.

- ایـرج وامقـی، زبـان پهلـوی- ادبیـات و دسـتور آن. (بررسـی و نقـد کتـاب "پهلوی، ادبیات و دستور آن" برگرفته از نـاه فرهنگسـتان، سـال اول، شـماره اول. بهار ۱۳۷٤).
- آرش اکبری مفاخر (۱۳۸۹)، سرود ورمزگان، مجله مطالعاتی ایرانی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه باهنر کرمان، سال نهم شماره‌ی هفدهم.
- رشید یاسمی (۱۳۱۸ )، کُرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، نشریات مجمع ناشر کتاب، شماره ۹.
- ملک الشعرا بهار (۱۳۱٦)، شعر در ایران، مجله مهر شماره ۵.
- فریدون جنیدی (۱۳٦۵) نامه پهلوانی، چاپ نخست، تهران.
- دستور زبان کوردی- هورامی ، فاتح رحیمی، چاپی دووەم ۱۳۸۹.
- زبان هورامی و گۆیش پاوه‌ای، منصور سلیمی، تهران ۱۳۹۲.
- فرهنگ فارسی به پهلوی بهرام فره‌وشی، دانشگاه تهران، تهران ۱۳۸۰
- فرهنگ واژه‌های اوستائی، جلد ۱-٤، احسان بهرامی، تهران ۱۳٦۹
- پژوهشی در اساطیر ایران، مهرداد بهار نشر آگاه چاپ پنجم پائیز ۱۳۸۷.
- تاریخ اساطیری تطبیقی ایران باستان ، جلد پنجم، جواد مفرد کهلان، سـوئد ۲۰۰۸.
- مهرداد بهار، پژوهشی در اساطیر ایران، چاپ پنجم پائیز، نشر آگاه ۱۳۸۷.
- تاریخ مردم ایران، عبدالحسین زرین کوب، تهران ۱۳٦٤.
- کلیم الله توحدی "کانیمال"، حرکت تاریخی کُرد به خراسان، چاپ دوم، مشهد،۱۳۷۰.

- د. علی اکبر کجباف، د. مرتضی دهقان نژاد، کورش هادیان". پژوهش های تاریخی دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه اصفهان، دوره جدید، سال سوم، شماره سوم، پاییز ۱۳۹۰ ص ۲۹-۵۸.
- تحولات سیاسی و اداری در عصر اشکانیانن، دکتر سید علی علوی.
- تاریخ مردوخ، آیت الله محمد مـردوخ کردسـتانی، ۱۳۵۱ خورشـیدی (۱۹۷۱ میلادی).
- تـاریخ کردسـتان (۱۳۳۰-۱۳٤٤ق) تـالیف محمـد رضـا ابـن صـوفی سـلیم، تصحیح دل آرا مردوخی، تهران ۲۰۱۳.
- فروپاشی دولت ساسانی و گروش ایرانیان به اسلام، انی کاظمی.
- فەلسـەفە و رامـانی یارسـانی لە فەرهەنـگ و کۆمەڵگـای کوردەواریـدا، د. جەماڵ نەبەز، یوتەبۆری ساڵی ۲۰۰۹.
- بهروز چمن آرا، نگاهی به ساختار همکاران سەگانه در شاهنامه کردی.
- ڕۆژهەڵات و جیهانی کۆن، ئەبایوف موسکۆ ۱۹۷۲.
- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەر بارەی مێژووی کـۆنی وەڵاتـی کـوردەواری ، د.ج. ڕەشید بەغداد ۱۹۸۸.
- مێژووی هەورامان لە نووسینی د. موحەمەد ئەمین هەورامانی.
- کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرەکان، هاوڕێ باخەوان.
- کوردەکـانی پـارس و کرمـان لە نووسـینی د. جەمشـیدی سـەداقەت کـیش، وەرگێرانی کامەران حەسەن ۲۰۱۰.
- هاونەتەوەیی کورد و ماد لە نووسینی حەبیبولای تابانی، ۱۳۷۵.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خزنەدار هەولێر ساڵی ۲۰۰۱.
- مێـژووی وێـژەی کـوردی، سـەدیق بـۆرەکەی بەرگـی یەکەم چـاپی دووەم، هەولێر ۲۰۰۸.

- مێژووی کۆنی کەرکووک لە ڕۆشـنایی دەقەکـانی نـوزی دا، کـامەران کوێخـا جەلال، هەولێر- ٢٠٠٧.
- کەرکـووک لە چەرخە کۆنەکانـدا، د.جەمـال ڕەشـید ئەحـمەد. وەرگێڕانـی حەسەن جاف، دهۆک ٢٠٠٨.

http://www.pertwk.com/pdf/kerkwk_le_cherxe_konekanda.pdf

- دیوانی سەیدی (١٩٧١)، چاپخانەی کامەرانی سلێمانی.
- سدیق بۆرەکەیی (٢٠٠٨)، مێژووی وێژەی کوردی بەرگی یەکەم، هەولێر.
- یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕۆستەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی.
- جوغرافیای تاریخی کوردسـتان، جـلال الـدین شـافعی کـورد، سـاڵی ١٣٧٨ی هەتاوی.
- بێستوون، فەرهەنگی سۆرانی- هەورامی، ستوکهۆلم ١٩٩٨.
- هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسـی، هەژار، (بەرگـی ١ و ٢)، سـاڵی ١٣٦٩ تاران.
- فەرهەنگا "کـانی" کرمانجییـا ژووری- کرمانجییـا ژێـری، لە نووسـینی جـگەر سۆز،هەولێر ٢٠٠٩.
- فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردی ناوەڕاست، بێدار، هولێر ٢٠١٠.

# Nasname zimani kurdi

**Fazel Usulian**

**Swêd 2017**

ISBN 978-91-982662-2-1

9 789198 266221